# هانا

# هانا

**ڕەند زارعی**

**Hana** (Novella)

Rand Zarei

Cover: Payam Shokri

Publisher: 49books

First Edition, Sweden – 2023

ISBN

978-91-89439-37-5

**هانا** (ڕۆمان)

ڕەند زارعی

ڕووبەرگ: پەیام شوکری

دیزاینی نێوەرۆک: شارۆخ ئەرژەنگی

چاپەمەنی 49books

چاپی یەکەم، سوید – ٢٠٢٣

ژمارەی ناسنامە: 978-91-89439-37-5

هەموو مافێکی ئەم بەرهەمە بۆ نووسەر پارێزراوە.

بۆ

**مێهری** نەبیزادە و

سەرداری ئیبراهیمنەژاد و

کچەکانیان

گەلاوێژی ٢٠٢١، هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی دوایی ژنەکوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی مێهری نەبیزادە لە ڕێگای تورکیە بۆ یۆنان بڵاوبۆوە. هاوسەری کۆچکردوو، واتە سەردار ئیبراهیمنەژاد تا شوێنی دەربازبوون تەرمی هاوژینەکەی لە کۆڵ نا و لەگەڵ دوو منداڵە تەمەن چوار و شەش ساڵانەکەیان درێژەیان بە ڕێگا دا.

سەرجەم ڕووداو، ناو، کەسێتی، سەربردە، چارەنووس، خولیا و خەونی کەسایەتییەکان بەرهەمی خەیاڵی نووسەرن و کەسێتی کەسایەتییەکان لەم بەرهەمەدا، نە بە باش و نە بە خراپ، هیچ پەیوەندییەکی تایبەتیان بە کەسێکی تایبەتیی لە دنیای واقعیدا، بەتایبەتیی ئەندامانی بنەماڵەی ناوبراوەوە نییە.

## بەرچاوڕوونی

خوێنەری بەڕێز، بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە نێوەرۆکی ڕۆمانەکە، پێشنیار دەکەم ئەم کورتیلە پێشەکییە و ژێدەرەکانی کۆتایی بخوێنییەوە.

- میترا، ناوی خواوەند\پێغەمبەری ئایینی میترایی بووە. هەتا بەر لە دەرکەوتن و هاتنی ئایینەکانی دیکە، میترایی ئایینی زۆرینەی خەڵکی ئەو ناوچەیە بووە کە ئێستا بە کوردستان دەناسرێ. دیارە کە ئەم ئایینە مێژوویەکی هەزاران ساڵەی لەو ناوچەیەدا هەیە و کاریگەری قووڵی لەسەر زمان، کولتوور، شێوەی ژیان، دابونەریت و تێڕوانینی کوردەکان داناوە کە ئێستاشی لەگەڵ بێ شوێنپەنجەی ئەو ئایینە بەسەر لایەنە دیار و نادیارەکانی ناسنامەی مرۆڤی کوردەوە ماونەتەوە، بۆ وێنە: ئێستاشی لەگەڵدا بێ، بە میلیۆنان کورد باوەڕیان بە ئایینەکانی یارسان و ئێزدی ماوە کە دوو ئایینی پاشماوەی ئایینی میتراییین. لە کەس شاراوە نییە کە بە هۆی هەڕەشە و هێرشی بەردەوام لەسەر ئێزدییەکان لە مێژووی چەند سەد ساڵەی ڕابردوودا، ئایینی ئێزدی هێژمۆنی و ڕەنگی ئایینی ئیسلامی سووننی و بە هەمان شێوە یارسانەکانیش ئایینی ئیسلامی شێعەیان بەخۆوە گرتووە.

دەگوترێ لە بنەڕەتدا ئایینی میترایی لە لایەن هۆرییەکانەوە و لە باکووری کوردستانەوە دەرکەوتووە (ئەو بەشەی تورکیە داگیری کردووە).

- لە ئایینی میتراییدا حەوت تەبەقە و خوا هەن کە بەسەر ئاسمان و زەویدا دابەش دەبن و بەمشێوەیەن، لە ئاسمان: هەتاو، مانگ، ئەستێرەی ڕۆژین و لە زەوی: با، ئاو، خاک و ئاگر. لە ئایینی ئێزدیدا هێشتا ئاسەوار و قەوارەی گشتیی ئایینی میترایی وەک خۆی ماوەتەوە. بۆ وێنە باوەڕ بە چوار هێزی سەر گۆی زەوی وەک خۆی ماوەتەوە. هەتاو وەک گرینگترین سێمبۆلی ئایینی میترایی لای ئیزەدییەکان پیرۆزی خۆی لە دەست نەداوە و گۆمبەزی ئێزدییەکان، هێمایە بۆ ڕۆژ و بڵاوبوونەوەی تیشکی ڕۆژ بە چوارقوڕنەی جیهاندا، واتە بەسەر هەر چوار هێزەکەی سەر گۆی زەوی. گۆمبەزی ئێزدییەکان بەمشێوەیە: لە لوتکەی گۆمبەزەکەدا شتێکی خڕ هەیە کە سێمبۆلە بۆ ڕۆژ، واتە تیشکی خۆر لەو بەرزاییەوە بەرەو خوارێ(بەرەو زەوی) دێ کە بناخەی ئەو گۆمبەزەیە و چوارسووچە. چوارسووچبوونی بناخەکە هێمایە بۆ چوار هێز(خوا)ی با، ئاو، ئاخ و ئاگر لەسەر زەوی.

- ئاناهیتا ناوی خواوەندی ئاو و هونەر بووە کە لە ئایینی میتراییدا لەسەر زەوی لە پلەی دووهەمدایە. ئەم خواوەندە ژن بووە، واتە خوداژن بووە. هەرچەندە لە فۆڕمەکانی دواتری میترایی و بەتایبەتیی لە ئەورووپا ڕەگەزی ژنایەتی لێ ئەستێندرایەوە، کەچی ئێستاش لە ئایینی یارساندا یەکێک لەو کەسانەی کە حەوتەوانە پێک دێنن، ژنە، بۆ وێنە دایەراکە کە

دایکی سوڵتان زەحاک بووە و یەکێک بووە لە یارانی حەفت تەن یان حەوتەوانە. یان دایە ڕەزبارە یان ماما جەلالە کە هەر کامیان لە یەکێک لە ڕیزەکانی حەوتەوانەدا دەرکەوتوون. ئەگەرچی باوەڕمەندان بە یارسان ئەندامانی حەوتەوانە بە بێلایەن، واتە ڕەگەزیان نییە، دەزانن، بەڵام ‌ بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو کەسانە لە باری بایەلۆژییەوە هەڵگری ڕەگەزی مێ یان ژن بوون. لە یارساندا ئەم هەفتەوانەگەلەی دیکەش هەن: هەفتەن، هەفتەوان، هەفت سازەجی، هەفت خەلیفە، هەفت گۆزەچی، هەفت سەقا و هەفت گۆیندە. بە ئەگەری زۆر ناو و واتای ناوەکانی ئاناهاتا، ئانا، ئاننا، هاننا، یۆحانا و تەنانەت ناوی  هانا لە زمانی کوردیدا هەر لە ناوی ئەم خواوەندەوە وەرگیرابێ. واتاکانی دیکەی وشەی هانا لە زمانی کوردیدا بەمشێوەن: هانابردن (داوای یارمەتیکردن یان پەنابردن)، سۆما و ڕووناکی چاو. ئاشکرایە کە چاو لە شێوەی چاوەزاردا هێستاش لای ئێزدییەکان و بە گشتی کوردەکان بۆ پاراستن و پەنادانی مرۆڤ لە مەترسییەکان پیرۆز و باوە، وەک بڵێی چاوی خوات لەگەڵ بێ یان خوا چاوی لەسەرت بێ. ئیدیۆمی چاو لەسەربوون یان چاو لێ بوون بە واتای ئاگاداربوون و پارێزگاریکردن دێ. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە چاوەزار لە چوار بازنە کە بۆ چوار خوای سەر زەوی و سێ ڕەنگی سەرەکی کە بۆ سێ خوای ئاسمان ڕاوەستاون. چوار و سێ، دەکاتە حەوت کە ژمارەی خواکانی میترایین. هەر لەم پەیوەندییەدا دەتوانین بڵێین ڕەنگە هانابردن هەر هەمان داوای هاوکاری و یارمەتی وەرگرتن

بووبێ لە خواکانی ئایینی میترایی بۆ بەهاناچوونەوە یان هاندان و پەنادانیان. زانیاری زیاتر لە ژێدەرەکاندایە.

- شمشاڵ، ئامێرێکی مۆسیقاییە و لە بنەماڵەی ئامێرە باییەکان و شێوازێکی قەواڵ (کەواڵ) یان بلوێرە. مێژووی ئەم ئامێرە بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە. شیمانە دەکرێ کە شمشاڵ لەو قەوارەی ئێستایدا ئامێرێکی نوێ بێ و لەسەر شێوازی بلوێر دروستکرابێت. بۆچوونێک لەسەر ناوی شمشاڵ ئەوەیە کە بە هۆی ئەوە کە شمشاڵ لە قامیش و دار و دواتریش لە ئاسن و مس و تەنانەت زێڕ دروست کراوە و لەبەر قەد و شاڵی کەسی ژەنیاردا بووە کە بەزۆری پیر و پیاوچاک بوون، بۆیەش ناونراوە شمشی بەر شاڵ و دواتریش کورت کراوەتەوە بۆ شمشاڵ. بۆچوونێکی دیکە هەر لەسەر ناوی شمشاڵ ئەوەیە کە ئەم ئامێرە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خواوەند میتراوە هەبووە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژدا هەبووە. هەروەها دەگوترێ کە ناوی شمشاڵ لە ناوی شەمز، شەمزین، شەمس، شەمزینان، شەمزی دین، شەمسەددین و تەنانەت زەینەددینەوە وەرگیرابێ. هیچ دوور نییە زین کورتکراوەی زەینەددین یان شەمزەدین بێ. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە شمشاڵ لە زۆربەی کوردستان هەیە و لەلای خەڵک ڕێز و قەدری تایبەتی لێ دەگیردرێ. لە ئایینی ئیزەدیدا وەک دایکی هەموو ئامێرەکان سەیری دەکرێ و لە کاتی جێژن و بۆنە ئایینەکانی ئێزدیدا شمشاڵ لێ دەدرێ و ڕێبوار و گوێگران سەری شمشاڵەکە ماچ دەکەن. دەگوترێ کە ئەم ئامێرە وەک شێوازێک بۆ بەڵێن و قەول نوێکردنەوە، نزا و پاڕانەوە،

ناشتن و دوامالاواییکردن لە کەسێک و هەروەها لە بۆنە ئایینییە کۆنە کوردەوارییەکاندا باو بووە و دوور نییە ئەم ڕێوشوێنە لە ئایینی میترابییەوە بە کورد بڕابێ. سەرنجڕاکێشە کە بزانین ئاسەواری ئەم دابونەریتە هێستاش وەک میراتێک لە ئایینەکانی یارسان و ئیزەدیدا کە وێنەیەکی نۆژەنکراوی ئایینی میترایین ماوەتەوە. بۆ وێنە، لەلای ئێزدییەکان ئەو کەسەی شمشاڵ لێ دەدا، پێی دەگوترێ قەواڵ (کەواڵ)، واتە کەسێک کە قەول و بەڵێنی ئایینی نوێ دەکاتەوە. یاخوود ناوێکی تری یارسانەکان ئەهلی حەقە، واتە ئەو کەسەی کە شوێنکەوتووی ماف(یاسا)-ە و ماف یان یاسا لە ئایینی میترابییدا لەسەر ڕێککەوتنی نێوان خەڵکە و ئەم ڕێککەوتن یان یاسایە هەر هەمان حەق و قەولە، واتە ئەهلی حەق ئەو کەسانەن کە قەول و بەڵێنییان لەگەڵ یاسا و مافی خەڵکە.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەم کە بەشێکی بەرچاو لەم بۆچوونانە تەنیا گریمانەن.

**سەرنج**

ئەم دەقە، دەقێکی تراژیدییە و خوێندنەوەی بۆ منداڵ و مێرمنداڵ گونجاو نییە.

**هانا** خەوت.

تارمایی هانا لە درزی گابەردەکەی نزیک تەرمەکەی هاناوە خووشییە دەر.[1]

دیاکۆ[2]، مەچەکی ژنەکەی گووشی. قامکی لەسەر لاملی دانا. سەری کردە سەر سینگی. بەری ئەم دەستەی خستە سەر پشتی ئەو دەستەکەی تر و قامکەکانی لەسەر یەک و بەناو یەکدا ڕاخستن و دەستی لەسەر سینگی دانا. زەختی خستە سەر سینگی، یەک، دوو، سێ و حەوت و چل. هەناسەی لە زاری کرد. دیسان دەست لەسەر سینگ، یەک، دوو، سێ و سی و سەد. هەناسەیەکی دیکە و یەکی تریش.

هاواری دیاکۆ لە چیاکاندا دەنگی دایەوە «هانا، هانا، هانا-ا-ا!»

*

دیاکۆ بیستبووی مێشکی مرۆڤ ماوەیەک دوای ڕاوەستانی دڵیش هەر کار دەکا. بیستبووی سەرەتا دڵ، پاشان مێشک و دوایە لەش لە گیان بەتاڵ دەبێ. ویستی تا درەنگ نەبووە کە مێشکی هانا وەگەڕ بخاتەوە و فەرمانی لێدان بە دڵی بداتەوە. ویستی شتێک بکا تا بەشکوو گیان بێنێتەوە بەر لەشی هانا. دیسان ناوی هانای برد. قیژاندی. نەڕاندی. لە عەرز و ئاسمان پاڕایەوە و هاواری کرد.

هانا لە خەوێکی قورس و قووڵدا بوو.

تاسا. سەرلێشواو و دەست تێکهەڵاتوو لە هانای دەڕوانی. لە جێی خۆی وشک ببوو. بێ هەست و خوست لە تەنیشت هانا دانیشتبوو. لەنەکاو وەخۆکەوتەوە. دەستی خستەوە سەر لاملی و سەر سینگی کوتا و هەناسەی لە زاری کردەوە. هاوارێکی پەنگخواردووی ئازارچەشتووی پڕ لە بێزاری دیکەشی بە چیاکان سپارد.

زین[٣] و شیرین[٤] حەپەسا بوون. دەگریان. لە هەڵسوکەوتی باوکیان دەڕوانی. لەو بێدەنگییەی دایکیان دەترسان.

دیاکۆ دەستوپەلی تێکهاڵابوون. نەیدەزانی چی بکا. لە پاڕانەوە و نزا زیاتر بیری بۆ هیچ شتێکی دیکە نەدەچوو. دەبوو بپاڕێتەوە. دەبوو هاوار بکا. دەبوو نزای خۆی بگەیێنێتە جێ. تاوێک ڕاما. دڵی پڕ کرد لە باوەڕ. پێڵوی چاوی لەسەریەک دانان و کپ و بێدەنگ بوو. تنۆکێک فرمێسک بە تەنکەڕدێنیدا بە تەنیشت سمێڵە بابڕەکانیدا خووشییە سەر چەناگەی. سەری هەڵبڕی و لە ئاسمانی ڕوانی. ڕۆژ بەرەو ئاوابوون سەری

هەڵگرتبوو. دیاکۆ ئامێزی بەرەو خۆر کردەوە. دەتگوت وەرزێرێکە و دروێنەی ڕووناکی خۆری دەکا و حەوت باقەی ڕووناکی لە باوەش گرتووە و لە ناخی دڵەوە دەپاڕێتەوە، ئەگەرچی لە ناخی دڵەوە، پێی خۆش بوو کە تیشکی خۆر لە کزی دەدا و دنیا بەرەو تاریکی دەچێ. تاریکی ئارامی پێ دەبەخشی. هێوری دەکردەوە. تاریکی فرمێسکی منداڵەکانی و ڕووخساری هانای لێ دەشاردەوە.

لەو کاتەدا بیری لەو ئێوارانە دەکردەوە کە زۆربەی کاتەکان لەگەڵ ئەوانی تردا جەم دەبوون و لەو دەوری یەکتری کۆزیلەکەیان دەبەست و هێندێکجاریش بە تەنیا و لە ژوورێکی تاریکدا، مۆمێکی دادەگیرساند و بە دیار مۆمەکەوە دادەنیشت و بەو شمشاڵەی بە میرات بۆی مابۆوە، شمشاڵی لێ دەدا و بەڵێنی لەگەڵ باوەڕەکانی نوێ دەکردەوە. هەنووکەش بیری لای پیرۆزییەکانی خۆی بوو. باوەڕی وەک هەمیشە بە حەوتەوانەی هێزەکان بەهێز بوو. لە دڵی خۆیدا لە هەموویان پاڕایەوە. دواجار لای ئاناهیتا[5] گیرسایەوە. هانای بۆ برد. داوای کرد هانای بدا و هانایان بداتەوە. چاوی هەڵێنان. دڵی پڕ بوو لە باوەڕ، پڕ بوو لە بڕوا و بەڵێن و قەول، دڵی پڕ بوو لە ڕاز و نیاز.

ڕاما. جارێکی دیکەش پاڕایەوە و نزای خۆی هێنایە گۆ. لە باوەڕی دیاکۆدا هیچ شتێک وەک شمشاڵ نەیدەتوانی نزای مرۆڤ بگەیەنێتە جێ. دیاکۆ پێی وابوو شمشاڵ ئاڵقەی نێوان زەوی و ئاسمانە. سەرنجێکی خستە سەر شمشاڵەکەی کە لە کۆڵەپشتییەکەی چەقیبوو. شمشاڵەکەی دەرهێنا و توووند لە

دەستیدا گوشی. بۆ ساتێک هەستی تاوانباری دڵی گوشی. لۆمەی خۆی دەکرد کە ئەگەر هەتا لەشی هانا گەرم بوو، ئەگەر گەرماوگەرم و دەمودەست هەر لە دوای ڕاوەستانی دڵی یەکجێ شمشاڵەکەی لێدابایە، ڕەنگبوو تا ئێستا ژیان هاتباوە بەر لەشی هانا! شمشاڵە کۆن و زەردهەڵگەڕاوەکە لە دەستە بێ هەستەکانیدا وشک ببوو. ددانی لێک چیرکردنەوە و ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا. لەبەرخۆیەوە شتێکی ورتاند. چاوی فرمێسک تێخزاوی لەسەریەک دانا. گریانەکەی خواردەوە. نەیدەویست زین و شیرین فرمێسکەکانی ببینن. ویستی شمشاڵ لێ بدا. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. پشووی سوار ببوو. نا، کوڵی گریان لێی نەگەڕا. کوا بە دڵی پڕ و هەناسەی سوارەوە شمشاڵ لێ دەدرێ؟

شمشاڵەکەی ماچ کرد و لە جێی خۆی داینایەوە.

ساتێک تێپەڕی. هەرسێکیان بێدەنگ بوون. دیاکۆ وەک شۆکێکی بەهێزت لێدابێ لە جێی خۆی وشک ببوو. مێشکی ئاڵۆز و تاسا بوو. نەیدەتوانی باش بیر بکاتەوە. تەنانەت درزێک لە بڕوای کەوت و گاڵتەی بەوە هات کە لەو جەنگەیەدا چۆن کەسێکی ژیر بیر لەوە دەکاتەوە شمشاڵ لێ بدا. دیسان خۆی سەرکۆنە کردەوە. هەر ساتە و، خەیاڵ و فکرێک زەینی دەکۆڵی.

خەیاڵ بەری نەدەدا. وەها چووبووە دنیای خەیاڵەکانییەوە کە تارمایی ڕۆحی هانا لەپێش چاویدا ڕوونتر دەرکەوت. تارمابییەکە دەهات و دەچوو و بزەیەکی شرینی پڕ لە دڵدانەوەی

لەسەر ڕووخسار بوو. تارمایی هانا دەستی لەسەر شانی زین و شیرین دادەنا و سەری بۆ ئاسمان و بەرەو ڕۆژ بەرز دەکردەوە.

دیاکۆ کەوتە سەر چۆکان. سەری هەڵێنا و دیسان هەر دوو دەستی لێک کردنەوە. باوەشی بۆ ڕۆژ کردەوە. لەبەرخۆیەوە دەیناڵاند. ساتێک لەسەر چۆکان مایەوە و بێدەنگ بوو. زین و شیرین خۆیان لە باوەشی کرد. ئەوان وەک دوو چۆلەکەی بەندکراو لە باوەشی باوکیاندا دەلەرزین.

دەنگی گریانی زین هەودای خەیاڵی دیاکۆی پچڕاند. تارمایی هانا لە پێش چاوی ڕەوییەوە. وەها لە خەیاڵەوە چووبوو، لەبیری چووبۆوە کە هانا هیچ هەستێکی لە لەشدا نەماوە. دەستی خستەوە سەر دەستی و گوشی. هانا لە جێی خۆی نەبزووت. زین و شیرین لە تەنیشت دیاکۆ دانیشتبوون و چاویان خستبووە سەر ئەو دەستەکەی دیکەی باوکیان کە بەسەر ڕووخساری دایکیاندا دەخشا. سەیری دەستە پڕ لە پینە و قەڵشیوەکانی باوکیان دەکرد. ئەو دەستانەی لەبەر زەبری کرێکاریدا بریندار ببوون و نینۆکی پەنجەکانی زەرد هەڵگەڕابوون. پەنجەکانی دیاکۆ هێندە شەکەت دیاربوون، کەس بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە ئەم پەنجانە لە شمشاڵژەنیدا نەرم و هێدی، هێدی و هێور بە سەر شمشاڵدا بخزێن و وەک وردەشەپۆل، وەک ترپەی دڵی چۆلەکەیەکی پاساری، وەک بای باڵی پەپوولەیەک، هەستیار و ناسک پتە لە شمشاڵ بدەن. لەنەکاو شیرین پرسی:

«بابە دایکم زیندووە؟»

«ئەرێ. ئەرێ! نا! کچم دایکت خەوتووە! خەوتووە. ئەرێ خەوتووە.»

«ئەی بۆ هەڵناستێ، کەی هەڵدەستێ؟»

دیاکۆ ویستی بڵێ قەت، بەڵام زمانی خۆی گەست «کچم دایکت خەوتووە. خەوێکی خۆش. خەوێکی قووڵ.» بە خۆی گوت هەر بەڕاست، کێ دەزانێ، ڕەنگە خەوێکی قورس هانای داگرتبێ. ڕەنگە خەوتبێ، خەوێکی ئارام. خەوێکی خۆش. خۆ من هێشتا بە تەواوەتی گوێم لە ترپەی دڵی نەگرتووە. ئیتر بۆ لەخۆوە بیری خراپ بکەمەوە؟ خێرایەک یەخەی کراسەکەی هانای لادا و گوێی خستەوە سەر سینگی. کپ و بێدەنگ. دەستێکی کردە کۆڵەکە و لە زەوی چەقاند و دەستەکەی دیکەی بەرز کردەوە و ئاماژەی دا:

«شش-شش!»

سەرەڕای ئەوەش زین خۆی پێ ڕانەگیرا و مل بە لارەوە پرسیارەکەی دووپاتە کردەوە.

دیاکۆ بێدەنگ بوو. سەری ڕاوەشاند. وڵامی ئەو پرسیارە دڵی دەگووشی. ویستی داوا لە منداڵەکان بکا چیتر ئەو پرسیارە نەکەنەوە، بێزی لەو پرسیارە دەبۆوە. بەڵام وای پێی باش بوو هیچ نەڵێ. وای پێ باش بوو هەتا دەگەنە شوێنێک و کەسێک بە هانایانەوە دێ، هیچ نەدرکێنێ.

تین و تیشکی خۆر لەگەڵ ئاوابوونی بەرەو لاوازی دەچوون. لەبەر تیشکی خۆرنشینی ڕۆژدا، فرمێسکی سەر چاوە شینەکانی منداڵەکان بریسکەیان دەدایەوە. سەیری کاتژمێرەکەی کرد.

چارەگێک بوو هانا هەناسەی نەدەدا و لەشی ساردەوەبووی لەسەر زەوی ڕاخرابوو. زین و شیرین ویستیان لە دایکیان نزیک ببنەوە. ویستیان دەستی لێ بدەن. ویستیان بەخەبەری بێنن، بەڵام دیاکۆ لێبڕاوانە دووری خستنەوە «هانا خەوتووە! هەڵیمەستێنن. لێیگەڕێن با بنوێ» و، لەبەرخۆیەوە ورتاندی «لێیگەڕێن، با تاوێک ئۆقرە بگرێ!»

باوەڕێک لە زەینی دیاکۆدا بوو کە پێی وابوو منداڵ زۆر بەهەست و ژیرە، ژیرتر لەوەی کە گەورەکان پێیان وایە. ئەو دەیزانی کە هەردووکیان هەستیان بەوە کردووە کە باوکیان شتێکیان لەمەڕ دایکیان لێ دەشارێتەوە. دیاکۆ دەیزانی کە منداڵیش تێگەیشتنی خۆی بۆ مردن هەیە، تێگەیشتنێکی ساکار، وەک مردنی بووکەڵەکانیان لە یارییەکی منداڵانەدا. تێگەیشتنێک کە منداڵ ناتوانێ وەک کەسێکی گەورە دەریببڕێ و لە شینی ئازیزانیدا ئاکاری سەیروسەمەرە لە خۆی دەنوێنێ کە نیشانەی پەژارە و خەمن. بە پەرۆش بوو کە ئەگەر منداڵەکانی بزانن دایکیان زیندوو نییە، ڕەنگە ئاکاری سەیروسەمەرە بگرنە بەر. ڕەنگە مان بگرن و بتۆرێن. لاساری بکەن و لەگەڵی بەڕێگادا نەڕۆن.

کچەکان پێکەوە داوایان لە باوکیان کرد «دە با دایکمان هەستێنین و بڕۆین.» بریسکەیەک مێشکی دیاکۆی ڕاچڵەکاند. بڕۆین؟ چلۆن بڕۆین؟ بەبێ هانا بۆ کوێ بڕۆین؟ بەڵام هیچی نەگوت. ئەو ئیتر تاڕادەیەک دڵنیابوو کە کچەکانی هێشتاش

نەیانزانیوە کە دایکیان لە خەوی هەتاهەتاییدایە. وڵامی منداڵەکانی دایەوە:

«ئەرێ با بڕۆین. درەنگە. با وەڕێ بکەوین، تا شەو درەنگ نەبووە. بەڵکوو خۆمان بگەیەنینە ئاوەدانییەک، شارێک، جێیەک، بەشکەم کەلاوەیەک هەبێ و تێیدا بحەسێینەوە!»

«بابە، بەبێ دایکمان بڕۆین؟»

ویستی وا بنوێنێ کە دەیهەوێ هانا لە خەو هەستێنێ «بەبێ دایکت! بەبێ دایکت بۆ هیچ کوێ ناڕۆین. نا، نا! هانایش هەڵدەستێنین. هانا، هانا! هەستە درەنگە. دە هەستە با بڕۆین.»

هانا قەت هێندە خەوی قورس نەبوو. هانا دایک بوو. دایک هەتا منداڵی لەخەم دەڕەخسێن، لەسەر هەست دەنوێ. کەچی ئێستا هانای دایک لە خەوێکی هێندە قووڵدا بوو کە چیتر لەسەر هەست نەبوو و بە گریانی منداڵەکانیشی بەخەبەر نەدەهات.

«بابە دایکمان زیندووە؟»

«ئەرێ، شش، ششت، بێدەنگ بێدەنگ.» بۆ جاری سێهەم سەری خستەوە سەر سینگی هانا. دەنگێک بە گوێیدا چرپاندی «هانا دڵی لێ نادا. هانا خەوتووە، بەڵام نابێ منداڵەکان بزانن. جارێ پێویست ناکا بزانن دایکیان خەوتووە. هیچ مەڵێ و ددان بە جەرگتدا بگرە. دڵی هانا لێ نادا.»

«بابە دایکم ... ؟»

«بەسە زین»، شیرین بەسەر زیندا ڕووخا «بەسە، بیبڕەوە، بێدەنگ بە!» زین گریا.

دیاکۆ بە لفتێکی ئارام پێی گوتن دایکیان خەوتووە. لەهۆش چووە:

«سێ ڕۆژە هیچی نەخواردوە. سێ شەو و ڕۆژ بەبێ نان و ئاو ڕێگای بڕیوە. برسی بووە. زەختی دابەزیوە. ئەرێ کچەکانم، هانا خەوتووە.»

ویستی وا بنوێنێ کە هەموو شتێک ئاساییە. وای دەنواند کە خەوی هانا کاتییە. منداڵەکانی هان دا و گوتی:

«ساز بن با بڕۆین. زین مەگری. شیرین، دەستی زین بگرە با لە یەکتری هەڵنەبڕێن. شیرین ئەو شاڵەم بۆ بێنە. بێنە، شاڵەکە لە من و دایکت هاڵێنە. ڕاوەستە تا دایکت لە کۆڵ نێم. ڕاوە با دانیشم. توووند لێکمان گرێدە. توووند، تووندتر، بە هەموو هێز و قەوەتی خۆت. دەی. دەبێ هەتا دایکت بەخەبەر دێ کۆڵی بکەم. تۆش ئەو بوخچە و شمشاڵە هەڵگرە. نا بوخچە و شمشاڵەکە قورسن، بێنە خۆم هەڵیاندەگرم. بەدوامدا وەرن. پەلەی بکەن.» سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و درێژەی دا «زۆری نەماوە بۆ حەوت. با بڕۆین تا ڕۆژمان لێ ئاوا نەبووە. با پەلە بکەین...»

شمشاڵەکەی وەک گۆچان لە زەوی چەقاند و هەستایە سەر پێ. هەر لە جێی خۆی، بە هێزی چۆکان تەکانێکی لە خۆی دا، بەجۆرێک کە لەشی هانا هەوایەک لەگەڵ ئەو هەڵبەزییەوە و قورساییەکە کەوتە سەر شان و ملی. بە دەنگێکی گڕ گوتی:

«با بڕۆین گۆڵی بابەی. شیرین دەستی زین بەر نەدەی. هەتا ئاوەدانییەک، هەتا سەر جاددەیەک، تا کەسێک بە هانامانەوە دێ ڕاناوەستین.»

بە خۆی گوت «کێ دەزانێ، ڕەنگە لەم نزیکانە ئاوەدانی لێ نەبێ!» دیسان بۆ دڵگەرمی منداڵەکانی گوتی «با بڕۆین گۆڵەکانم، دایکتان یارمەتی پێویستە. دەبێ لەو خەوە قورسە ڕایپەڕێنین. زین مەگری، دە بەسە. بۆ دەگری؟ بۆ؟!»

-

ئەگەرچی تەرمی هانا قورس دەینواند، لێ هێندە قورس نەبوو کە دیاکۆ لە ڕێگا ڕاگرێ. دیاکۆ شێلگیرانە ڕێی دەبڕی. منداڵەکان بە دوای تەرمی دایکیان و بەرەو چارەنووسی نادیار دەڕۆیشتن. خشپەی گەڵاوەرویوەکانی بەر پێیان دەهات. منداڵەکان چاویان لە ڕووخساری باوکیان نەبوو کە دوور لە چاوی ئەوان، وەک گەڵاڕێزانی پاییز فرمێسکی دەوەراند.

دیاکۆ هانا بەکۆڵەوە بیری لەو سێ ڕۆژە دەکردەوە کە بێ پسانەوە، بە شاخ و دۆڵەکانی ئەم وڵاتەوە هەڵوەدا بوون. هەر کە بیری قاچاخچییەکە کەوتەوە ڕقی هەستا. تووڕە بوو و لە دڵی خۆیدا هەزار نەفرەتی لە ئادەمیزاد کرد. ئەو دیمەنەی هاتەوە پێش چاو کە قاچاخچییەکە لەگەڵ یەکەم تەقەی جەندەرمەکان تێی تەقاند. هاوڕێیەکی دیاکۆ بریندار بوو، بەڵام قاچاخچییەکە هەروەک بەسەر دار و پەردووی وێرانەیەکدا باز بدا، بەسەر جەستەی هاوڕێکەیدا بازی دا و هەڵات. ئەوانیتریش بەدوای قاچاخچییەکەدا هەڵاتن. قاچاخچییەکە دەمانچەیەکی دەرهێنا و تەقەی لەوانە کرد کە بۆ دەربازبوون بەدوایدا هەڵدەهاتن. ئەو

نەیدەویست کەسی دیکەی بە ملەوە بێ. هاواری دەکرد «کەس بەدوی مندا نەیەت. کەس دوای من نەکەوێ. بۆ خۆتان هەڵێن. مەیەن، مەیەن بەدوامدا، ئەگینا دەتانکوژم.»

قاچاخچی لە تاریکایی شەودا ون بوو. هەڵات. دیاکۆ ئێستاش دڕدۆنگ بوو لەوەی کە ئەو قاچاخچییە دەستی لەگەڵ جەندەرمەکان تێکەڵ کردبوو یان نا. وەک نهێنییەک لەگەڵ خۆی باس بکا، لە دڵی خۆیدا گوتی «کێ دەزانێ، ڕەنگبێ چەند میترێک ئەولاتر لەگەڵ جەندەرمەکان دانیشتبێ و گاڵتەی بەو خەڵکە داماوە هاتبێ. کێ چووزانێ، ڕەنگە قاچاخچییەکە بۆ خۆی دەستی لەم گرتن و بەردانەدا بووبێ.» ئەو زۆری لەمولەو و لێرەولەوێ بیستبوو کە قاچاخچی وا هەیە لەگەڵ جەندەرمەکان دەست تێکەڵ دەکا. قاچاخچی و جەندەرمە وا ڕێک دەکەون تا قاچاخچییەکە نەفەرەکانی پێوە بکا و جەندەرمەکانیش دەستبەسەریان بکەن و بە بیانووی ڕزگارکردنیان پارەیەکیان لێ بستێنن و بەریان بدەنەوە. دواتریش کە گەڕاندییاننەوە، دیسانەکە هەمان ڕێگا و هەمان پیلان.

دیاکۆ بیری لەو ساتە دەکردەوە کە هەموو هاوڕێکانی لە چاوترووکانێکدا پەرتەوازە بوون. هەر کەس بە لایەکدا هەڵات. جەندەرمەکان تەقەیان دەکرد و جنێویان دەدا.

ئەو یەکەمجاری نەبوو کە بۆ پەڕینەوە بۆ هەندەران ئەم ڕێگایە بگرێتە بەر. چەند جاری دیکەش شتی لەم جۆرەی بەسەرهاتبوو. ئیتر ئەم گشتە لە ڕێگادان و گیران و ڕادەستکردنەوە کردبوویە کەسێکی شارەزای ڕێگا و ڕاهاتبوو. ئەو

دەیزانی جەندەرمەکان چۆن بۆسە دادەنێن و لە کوێ ڕادەوەستن. دیاکۆ دەیزانی لەو کاتانەدا دەبێ چی بکا. دەبوو هەڵێ. دەبوو باوەڕ بە کەس نەکا و سەربەخۆ بێ و تا دەتوانێ ڕابکا. دەبوو پشت لە قاچاخچی و جەندەرمە خۆی دەرباز بکا. ئەو ئیتر وەک جارەکانی پێشوو هەر خۆی و هاوڕێکانی نەبوو تا هەر کەس لە خەمی خۆیدا بێ و هەڵێ. ئەو لەگەڵ بنەماڵەکەی بوو و دەبوو ئەوانیش لەگەڵ خۆی دەرباز بکا. هەرچۆنێک بوو، دەبوو هەڵێن. دەبوو ڕانەوەستن. دەیزانی ئەگەر ڕاوەستن، دەستبەسەر دەکرێن و ڕادەست دەکرێنەوە. ڕەنگبوو ئازار بدرێن و ئەوەی ناخۆشە بەسەریان بێ.

جەندەرمەکان جنێویان دەدا، هەڕەشەی کوشتنیان دەکرد. هانا ترسابوو. دەیقیژاند. هاواری لە دیاکۆ دەکرد تا زین و شیرین بپارێزێ. هانا ویستی لەگەڵ ئەوانیتر بە دوای قاچاخچییەکەدا هەڵێ، بەڵام تەقەی قاچاخچییەکە ڕایگرت. ترسا. لە جێی خۆی وشک بوو. دیاکۆ وەک مەلێکی بەهێز، زین و شیرینی لە باوەش گرت و بەسەر هانادا نەڕاندی:

«ڕاستەوڕاست هەڵێ! دوای کەس مەکەوە، ڕاستەوڕاست هەڵێ! هەڵێ هانا، خێرا! بێرەدا، بەم ڕێگایەدا هەڵێ! ڕانەوەستی، منیش لە دواتەوەم. هەڵێ تا نەیانگرتووین. هەڵێ، ڕاکە، بەدواوەمانن... !»

هانا وەک **با** فڕی.

دوو جەندەرمە بەدوایانەوە بوون. جنێویان دەدا و هەڕەشەیان دەکرد «هۆی بێ شەڕەف، ڕاوەستن، بۆ کوێ ڕادەکەن. ڕاوەستن...»

لەپڕ کەوتنە سەر هەڵدێرێک. هانا هەر دوو لاقی چەقاند. دیاکۆ نەڕاندی «دەڵێم هەڵێ، بۆ ڕاوەستای، هەڵێ.»

«هەڵدێرە هەڵدێر! »

«باز دە! باز دە! گڵەنەرمەیە!»

هانا وەک بیری چووبێتەوە کە ڕێگای گەڕانەوەیان نەماوە، وەک بیری چووبێتەوە کە ئەگەر بگیرێن و بیانگەڕێننەوە، هیچ جێیەکیان نەبوو تێیدا بحاوێنەوە. ئەوان هەرچی هەیانبوو، دار و نەداریان فرۆشتبوو و ڕێگای نەگەڕانەوەی بەرەو هەندەرانیان گرتبووە بەر. لەو ساتەدا هانا تاسا بوو و هەموو ناخۆشییەکانی ژیانیانی بیرچووبوو. لە جێی خۆی وشک ببوو. نەیدەتوانی ببزوێ. نەیدەوێرا باز بدا. چۆکی شل ببوون و دەلەرزی.

بەپێچەوانەی هانا، دیاکۆ هەموو شتێکی هاتەوە پێش چاو. بیری بڕیارەکەیان کەوتەوە و سوورتر بوو لە هەڵاتن و خۆدەربازکردن. ئەوان بڕیاریان دابوو لەو ڕێگایەدا بمرن نەوەک بکەونە دەست جەندەرمە و بە ترسەوە بژین. ژیانێک کە تەنانەت لە ڕێگای بەجێهێشتنی نیشتیمانی خۆشیاندا نەوێرن بڵێن کوردین. نەوێرن بڵێن ئێرە نیشتیمانی ئێمەیە، کەچی سەیر بکەن سیاسەتی داگیرکاری ئێوە وای بەسەر هێناوین کە ناچارین وڵاتی خۆمانتان بۆ بەجێ بهێڵین. ژیانێک کە نەتوانن بڵێن ژیانی ئێمەتان وەها تاڵ کردووە کە تێیدا سەربەست نین و تەنانەت

ناتوانن بڵێن کێن. تەنانەت ناهێڵن بزانن کێن. ئەوان بێزار بوون لەو ژیانە، ژیانێکی بۆش، ژیانێکی کلۆر، ژیانێکی لە ژیان بەتاڵ، ژیانێک کە زمان و بیر و هەست و نەستی ئەوانی تێدا داگیرکرا بوو. ئەوان لە خۆیان پرسیبوو ژینی بێ سەربەستی کوا ژینە. بۆیەش بە ئاواتی بەرەو گەیشتن بە ژیانێکی سەربەستانە ملی ڕێگایان گرتبووە بەر.

ترسی ئەوەی نەوەک شتێک بەسەر منداڵەکان بێ، نەیدەهێشت هانا لە هەڵدێرەکەوە باز بدا. ئەو ترسە هەموو شتێکی لەبیر هانا بردبۆوە، هەموو شتێک، تەنانەت بڕیار و ئامانجەکەشیان. هانا دەلەرزی، دەترسا. قیژاندی. دیاکۆ نەڕاندییەوە:

«دەڵێم گڵەنەرمەیە، گڵی نەرمە! خۆت فڕێدە خوار! خۆت فڕێدە، هیچ نابێ!»

جەندەرمەکان نزیک بوونەوە. جنێویان دەدا. میلی تفەنگەکانیان کێشا. ڕاوەستان و سیرەیان* لێ گرتن. دیاکۆ وەک شێرێکی بەهێز خۆی بەسەر هانادا خست و هەر چواریان لە هەڵدێرەکەوە تلۆر بوونەوە. دەنگی تەقە لەسەرەوە دەهات. جەندەرمە جنێویان دەدا و ئەو دۆڵەیان گوللەباران کرد. دیاکۆ خۆی خستبووە سەر منداڵەکان و هانا لەبن دارێک خۆی حەشار دا. دەنگی گریان و هاواری هاوڕێ پەنابەرە

*__سیرە:__ نیشانە، نیشانە لێگرتن، خۆ لێ ڕاست و چەپ کردن بۆ ئەوەی شتێک بهەنگێوی، نیشانە گرتن بۆ پێکانی شتێک.

دەستبەسەرکراوەکانی لە سەرەوە تێکەڵ بە جنێو و نەفرینی جەندەرمەکان دەبوو. چەند گوللە تەقان. کوشتیانن یان بردیانن بۆ زیندان؟! کەس نازانێ، کەس.

جاری پێشووش دیاکۆ و هاوڕێکانی هەر لەم شوێنە دەستبەسەر کرابوون. جەندەرمەکان لەبەرچاوی دیاکۆ و هاوڕێکانیدا دەستیان بۆ ژنی هاوڕێیەکەی دەبرد. دواجار هاوڕێکەی لەم هەڵدێرە خۆی فڕێدایە خوار. لەبەر ڕووناکی مانگەشەودا دیار بوو کە گلێکی نەرم بوو و هیچی لێ نەهات. هاوڕێکەی دەیتوانی هەڵێ، بەڵام جەندەرمەکان وەک یاری بە گیانی بکەن، تەقەیان لێ کرد و کوشتیان. ڕەنگبوو ئەگەر بە تەقەی جەندەرمەکانیش نەکوژرابایە، دواتر وەک هاوسەرەکەی، ئەویش خۆی لەم ژیانە ڕزگار کردبایە.

هەر ئەو جارە، دیاکۆیان دەستبەسەر کرد. چەند مانگێک زیندانیان کرد. زۆریان لێدا. زۆریان ئازار دا. دواتر بەڵێنیان لێ ستاند کە هەرچی بینیوویەتی نابێ بە خەیاڵیش بۆ هیچکەسی تری باس بکات. هەر ئەوجارە و بەر لەوەی بەر بدرێ و بێتەوە ماڵەوە، هانا و منداڵەکان دەستیان لە مانەوەی شواردبوو. چونکە ئەوان پەیسەری چارەنووسی دیاکۆیان کردبوو و بە هۆی ئەوە کە هیچ زانیارییەکیان لە مان و نەمانی دەست نەکەوتبوو، ئیتر تەمایان لە مانی بڕیبوو. دیاکۆ بیری کەوتەوە کە هەموو جارێک لەسەر داوای قاچاخچییەکان بە ناوێکی دیکەوە لەم ڕێگایەی دەدا. قاچاخچییەکان پێیان گوتبوو نابێ ناوی ڕاستەقینەی خۆی بڵێ. دەیزانی ئەگەر جەندەرمەکان بزانن کوردە، دەستبەسەری

دەکەن و ئازاری دەدەن. بۆیەش هەموو جارێک لەگەڵ گیران و دەستبەسەرکرانی ناوی ڕاستەقینەی دیاکۆ لە هیچ ناوەند و شوێنێکی دەوڵەتیی لە تورکیە دەرنەدەکەوت و کەس، هەتا کاتی بەربوونی، هیچی لەسەر نەدەزانی. لەپڕ گەڕابۆوەماڵەوە. ئیتر لە دوای گەڕانەوەی دیاکۆ بۆ باوەشی بنەماڵەکەی، هاناش بڕیاری یەکجاری دا. هەرچی هەیانبوو، کۆیان کردەوە و فرۆشتیان و لە ڕێگایان دا.

دوای خۆفڕێدانیان لە هەڵدێرەکەوە دیاکۆ دەیزانی دەبێ هەتا زووە خۆیان لەو شوێنە دوور بخەنەوە. پێدزکێ و پشت کوڕماو لەوێ ڕۆیشتن. تا دەهات، دەنگەکان لاواز و کزتر دەبوون. کوێرەڕەگبارێکی گوللە، وەک ئاورشێن بەدوای ڕێبوارێکی سەفەریدا، وەک حەوت گۆزە لە دوای کەسێک شکاندن، بەو شوێنەدا کرا کە ئەوان خۆیان لێ فڕێدابووە خوار.

دوای ئەوەی هێندە دوور کەوتنەوە کە ئیتر گوێیان لە هیچ دەنگێک نەما، منداڵەکانی لە باوەش داگرت و سەربەرەوژێر شۆڕبوونەوە. هەرچەندە دڵنیابوون کە سنووری تورکیایان تێپەڕاندوە، بەڵام نیگەران بوون لەوەی جەندەرمەکان دوایان کەوتبن. دیاکۆ بیری کەوتەوە کە ئەوان هێندە ترسابوون کە تەنانەت دوای ئەو هەمووە دوورکەوتنەوەیەش هەر بە سرتە لەگەڵ یەکتری دەدوان و بە دەنگێکی نزم بە هانای گوتبوو:

«ڕەنگە دوامان کەوتبن، ڕەنگە پێشاوبڕیان لێدابینەوە. ئەمانە سنووری یۆنانیش دەبەزێنن ... ئەمانە هیچ سنوورێک ناناسن، هیچ سنوورێک.»

بیری کەوتەوە کە ئەو شەوەش هانا و منداڵەکان زۆر هیلاک ببوون. هێندە ماندووبوون کە هەناسەبڕکەیان پێ کەوتبوو و نەیاندەتوانی باش هەناسە بدەن. هانا چەند جارێک داوای کرد دانیشن و پشوو بدەن، بەڵام دیاکۆ لێبڕابوو تا ڕانەوەستن و بڕۆن. دڵخۆشی دەدایەوە کە هەر تۆزێکی دیکە دەڕۆن و دەحەسێنەوە «هەر تۆزێکی تر دەڕۆین و ئیتر ڕزگاریمان دێ. ئیتر ئەگەر پۆلیسی یۆنان بشمانگرێ قەینا، کێشە نییە. لێمان نادەن. ئازارمان نادەن. بەڵام کێ چووزانێ، دەترسم بمانگێڕنەوە بۆ تورکیە. دەترسم دیپۆڕتمان بکەنەوە. با بڕۆین. تاقەت بێنە، تۆزێکی تر دەڕۆین و پشوو دەدەین. پشوودرێژ بە...»

تۆزێکی دیکە ڕۆیشتن و هێندێکی دیکەش! ئیتر هانا لە پێ کەوت. گوتی ئەگەر بیشیگرن، ئەگەر بشیکوژن، چیتر ناتوانێ بڕوات «ناتوانم. ئەوە دڵم دێتە دەر. سەر دڵم دێشێ. دڵم ژان دەکا. ناتوانم. بەڵام ئەگەر دەزانی دەمانگرن، تۆ بڕۆ. منداڵان هەڵگرە و بڕۆ. با ئێوە ڕزگارتان بێ. با ئێوە بگەنە جێ.»

دیاکۆ بە دڵێکی پڕ لە بەزەیی و لێوانڕێژ لە سۆز و ئەوین، بەڵام بە لەبزێک کە هانای پێ دڵگەرم دەبوو بەسەر هانادا ڕووخا «ئەوە دەڵێی چی؟ بەبێ تۆ بۆ هیچ کوێ ناڕۆین. دەڵێم با ڕەنج بەخەسار نەبین، ئەگەر نا، با پشوو بدەین. با بحەسێینەوە. دەڵێم نەوەک جەندەرمەکان دوامان کەوتبن. نەوەک بمانگرن. باشە، دانیشە. پشوو دەدەین...»

سەرەڕای ئەو گشتە خەمەی لە بیر هاتنەوەی ئەو بیرەوەرییانەدا تووشی ببوو، بەڵام خەیاڵ لێی نەدەگەڕا. دیاکۆ لە

دڵی خۆیدا دووپاتی دەکردەوە «بەبێ تۆ ناڕۆین. نا، هانا گیان، بەبێ تۆ بۆ هیچ کوێ ناڕۆین.» تووند مەچەکی هانای بە کۆڵییەوە گووشین. شەپۆلێکی خەم لە دڵییەوە هەستا و لە خەیاڵەکانی دابڕاند. گۆلێک فرمێسک لە چاوی خزا. دڵی گیرا. تامی زاری بە فرمێسکەکانی سوێر بوو. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. ئاوڕێکی لە زین و شیرین دایەوە. وردەوردە بە دوایدا دەهاتن. کزە لە جەرگییەوە هات. هێزی وەبەرخۆی دا و لێبڕاوانەتر ڕێگای بڕی. ماچێکی دیکەی لە دەستەکانی هانا دا و لە خۆرنشینی خوێناوی ڕوانی.

-

سێ ڕۆژی بەردەوام کێو و دەشتەکانیان دەپێوا. دادەنیشتن و پشوویان دەدا و سەرلەنوێ تێهەڵدەچوونەوە. سێ ڕۆژی ڕەبەق کاریان ببووە ڕۆیشتن و پشوو، پشوو و ڕێگا. سێ ڕۆژی تەواو، هیوایان بەوە بوو ئێستا نا ئێستا دەگەنە جێ و دواتر دەچنە شاری ئاتێن و لەوەودواش دیاکۆ هەموو پلانەکانی لە مێشکی خۆیدا چنیبوو. دایاننابوو لە ئاتێن کەسێک بدۆزنەوە و پرسیاری مانەوەی لێ بکەن و دوایەش قاچاخچییەک بدۆزنەوە و پلانی دەرچوون بۆ ئەو وڵاتە داڕێژن کە حەزیان دەکرد بچن. بەڵام ئەو خەوە قورسەی هانا هەموو خەونەکانی دیاکۆی لە مێشکیدا سڕ کردبوون.

دیاکۆ بیری لە هەموو ئەو جارانە کردەوە کە دادەنیشتن و پشوویان دەدا. لە قووڵایی ڕێژنەی بیرەوەرییەکانیدا لە بیرەوەری دوایین پشوویاندا چەقی کە چەند خولەک لەمەوبەر و لەسەر داوای هانا و لەبەر برسێتی و ماندوویێتی دانیشتن. بە تەمابوون پشوویەکی کورت بدەن. بیری ئەو ساتە تاڵ و ڕووداوە ناخۆشە کەوتەوە. لە نەکاو هانا ناڵەناڵی پێکەوت. دەیناڵاند. وەک ئەو شەوەی لە دەست جەندەرمەکان هەڵاتن، هەناسەی توند ببوو. هاواری دڵی بوو. دەیگوت دڵەکوتەیەتی. پەشۆکا بوو. چاوی پڕ لە بەهاناچوونی لە دیاکۆ بڕیبوو. دیاکۆ وەک مۆتەکە ئەو ساتەی هاتەوە پێش چاو کە هانا لەتاو ژانی دڵی دەیناڵاند و چنگی لە زەوی دەنا. دەستی پڕ کردبوو لە گڵ و بەرد. چاوی پڕ ببوون لە فرمێسک. سیلەی چاوی لە دیاکۆوە بۆ سەر منداڵەکان خزا. هیچی بۆ نەگوترا، هیچ. تەنانەت تاقە وشەیەکیش. دیاکۆ دەستی گرت، دەستی گوشی، گڵ و بەردەکەی ناو دەستی دەرهێنا. دەستی لە دەستی نا. هەناسەی هانا کورت و خێرا بوون. ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا. هاوارێک لە ئەوکیدا پەنگی خواردبۆوە. دەنگی دەرنەهات. دیاکۆ توندتر دەستی گووشی. سپی هەڵگەڕابوو. هانا دەستەکەی دیکەی بەرەو منداڵەکانی ڕاداشت. زین و شیرین، ترساو و پەشوکاو لە دوایین ساتی ژیانی دایکیان دەڕوانی. دەستەکانی هانا لە ناو دەستی دیاکۆدا شل بوون. سەری هانای بەرز کردەوە. سەری ڕاوەشاند، توند و بەهێز. نەڕاندی. زاری خستە سەر زاری. هەناسەی لە سینگی کرد. خێرا و خێراتر. دەستی لەسەر لاملی دانا. تەکانی لە سینگی دا، بەهێز و هێزدارتر.

خۆی خستە سەر لەشی. باوەشی پێدا کرد. هاواری کرد. گریا. هێوری ئاسمان بە هاواری دڕیا. قیژاندی. شان و پیلی هانای ڕاتڵەکاند. لەشی هانا بێ هەست بوو. هاواری دیاکۆ لە چیاکاندا دەنگی دایەوە و ئیتر لەو کاتەوە هانا خەوت. خەوێکی قووڵ، قووڵتر لە هەموو خەوان.

**خەوی هانا** هێندە قووڵ و قورس بوو کە بە هیچ وەخەبەر نەدەهات. دیاکۆ ناچار بوو تا وەخەبەرهاتنی، لە کۆڵی نێ.

زین و شیرین کە هەروا بە دوای باوکییانەوە ڕێگایان دەبڕی، چەند جارێکی دیکەش بە پەرۆشەوە هەواڵی دایکیان پرسییەوە. دیاکۆ هەموو جارێک بۆ دڵخۆشی منداڵەکانی پێی دەگوتن کە دایکیان نەخۆشە و لەبەر برسێتی و ماندووبوون لە هۆش چۆتەوە. تەنانەت بۆخۆشی باوەڕی بەوە هێنابوو و هیوای لەسەر ئەوە هەڵچنیبوو کە بەڵکوو هانا لە هۆش چووبێتەوە و ئەو لەشە ساردەوەبووە تینی تێبگەڕێتەوە!

شەپۆلی خەیاڵ بیری دیاکۆیان دەدڕی. تەرمی هانا تا دەهات لە کۆڵی قورستر دەینواند. جارێکی دیکەش مەچەکی هانای گووشی و لەبەرخۆیەوە ورتاندی «چۆن، چۆن دڵت هات؟» فرمێسک بە چاوانیدا شۆڕبوونەوە. ماچێکی دیکەی لە دەستە ساردەکانی دا و سووکەئاوڕێکی لە کۆرپەکانی دایەوە.

بیری کردەوە کە منداڵ چەندی چکۆلە بێ، چەندی گچکەش بێ، پێویستە ڕاستی و ڕاستەقینە بزانێ «وا باشە کەم یان زۆر، شتێک لەمەڕ مردن بزانێ، بەڵام قەت ناشێ منداڵ شین و شیوەنی دایوبابی ببینێ. ئەگینا، ڕەنگە منداڵێک بە دیتنی گریانی پشتوپەناکانی لە دەروونی بڕووخێ و هەست بە لاوازی و ترس بکا. منداڵ کاتێک فرمێسکی دایکوباوکی دەبینێ، تابۆی بەهێزی و قەڵغانی دڵنیایی دایبابی لە پێش چاویدا دەشکێ و هەست دەکا ئیتر کەس نییە بیپارێزێ و هیچ دوور نییە هەتا ماوەیەکی زۆر هەست بە ئاسایش نەکا و وا بزانێ لای کەس پارێزراو نییە.» تۆزێک دەنگی هەڵێنا و بە ئارامی لەبەرخۆیەوە لەگەڵ هانا دوا «هانا، چۆن؟ باشە من چۆن لە خەمی نەبوونی تۆدا، فرمێسک نەڕێژم، شیوەن نەگێڕم، نزا نەکەم و نەپاڕێمەوە، تا نەوەک ئەو دوو منداڵە هەست بە نەبوونیت بکەن، تا نەوەک بەو هەڵسوکەوتەم منداڵەکان ئازار بدەم؟ چۆن ئازارەکانم بشارمەوە، چۆن؟»

دەنگێک لە گوێیدا دەزرینگایەوە «وا باشە هیچ نەڵێی، هیچ. منداڵ هەستی بەهێزە. منداڵ بە منداڵی خۆی لە شتەکان تێدەگا. لێگەڕێ با سرووشت تێیان بگەیەنێ. لێگەڕێ با هەموو شتێک

وەک خۆی بڕواتە پێش. چی دەبێ با ببێ و هەرچی هات، بەخێرهات. خۆت بێنەوە بیر! بیهێنەوە بیرت کە هەر تێپەڕینی کات یارمەتی دای لە کارەساتی بێ دایکی تێپەڕی. نەکەی وا بکەی ژانی بێ دایکی هرووژم بۆ منداڵەکانت بێنێ. لێگەڕێ، بێدەنگ بە. بێدەنگ. لێگەڕێ با بێدەنگی ئەو ئاورە لە دڵیاندا دامرکێنێ. لێگەڕێ دیاکۆ، هێدی و لەسەرەخۆ بە. منداڵ زۆر بە هەست و هەستیارە، لەگەڵ هەستی ئەو دوو منداڵە هێور و وریا بە.»

هەودای خەیاڵی دیاکۆ بە دەنگی زین پچڕا. ورتاندی. برسی بوو. ویستی دانیشێ، بەڵام لەبەر ئەوەی نەوەک نەتوانێ لە چاوی منداڵەکانی بڕوانێ، بڕیاری دا هەروا بەپێوە لۆیەکی بووخچەکە بکاتەوە. بسکیتێکی لە پاکەتە دڵقییەکەی دەرهێنا:

«شیرین بیکە دوو کوت. بۆخۆشت تۆزێک بخۆ. بە دەم ڕێگاوە پێخۆری پێ بکەن. زۆرمان نەماوە، تاوێکی تر دەگەینە جێ.»

«بابە، دایکم زیندووە؟»

«زیندووە کچم، زیندووە. خەوتووە! دایکتان لەهۆش چووە. دەبێ زوو بیگەیەنینە نەخۆشخانە.»

خەیاڵ دیاکۆیان هەڵگرتەوە. لەگەڵ دووپاتەکردنەوەی پرسیارەکەی شیرین لە دڵی خۆیدا درێژەی بە دواندنی هانا دا «گوێت لێیە هانا، گوێت لێیە منداڵەکان چیم لێ دەپرسن؟ دەپرسن هانا زیندووە! دەپرسن دایکمان ماوە! نا، نا. قەت، قەت، تەنانەت بۆ ساتێکیش بیرم لەوە نەکردبۆوە کە تۆ بەر لە

من بڕۆی. وادیارە تۆش، قەت، تەنانەت بۆ جارێکیش، بە خەیاڵتدا نەهاتبوو کە دوای تۆ، دەبێ ژیانی من و منداڵەکانت چی بەسەر بێ. ئەرێ هەر بەڕاست قەت بیرت لێ کردبۆوە؟»

ڕۆژ سەری هەڵگرتبوو و هێندەی نەمابوو لەودیو چیاکانەوە ئاوا بێ. ئەوان لە ڕەوتی ئاوابوونی ڕۆژدا ڕێگایان دەبڕی. دیاکۆ تاوێک ڕاوەستا و لە ڕۆژی ڕوانی. پەلکی تیرۆژەکانی ڕۆژ بە ئاسمان و گۆی زەویدا بڵاو ببوونەوە و دیمەنی پەرستگەی لالشی[٦] بیر دەهێناوە. بیری ئەو ماوە کەوتەوە کە لە نزیک لالشی نوورانی دەژیان و لەسەر داوای هانا سەردانی پەرستگەکەیان دەکرد و سەیری زەردەپەڕی ئێوارانیان دەکرد.

دوایین تیرۆژەکانی ڕۆژ بە نێوان کەلێنی لق و پۆپی دارەکاندا، وەک تیری خوێناوی لە کەوان دەرچوو لە ڕووخساریان دەچەقین. دیاکۆ باوەڕێکی قووڵی بە حەوتەوانەی هێز و یەک لەوان هێزی ڕۆژ بوو. ویستی بکەوێتە سەر چۆکان و لە ڕۆژ بپاڕێتەوە، بەڵام وای پێ باش بوو هەروا بەپێوە، نزای خۆی، کورت و پوخت، خێرا و ڕوون بگەیەنێ. چاوی لەسەر یەک دانان و لە قووڵایی دڵەوە هانای بۆ ڕۆژ برد تا بە هانایانەوە بێ. ڕۆژ، وەک بوونەوەرێکی زیز و تەوەلا لە ئاوابوون نەدەوەستا.

دیاکۆ چاوی هەڵێنان. لە زەردەپەڕی ئێوارەدا ڕووخساری کچەکانی لە هەموو کات جوانتر هاتنە پێش چاوی. هەنگاوی هەڵێنایەوە و سەیری ئەو ڕووناکییە ڕەنگ خوێنینەی سەر لوتکەی چیاکەی کرد کە خۆر کردبوویە بیانوو تا زووتر خۆی لەپێش چاوان بشارێتەوە. قاچەکانی هانا بە پشتی دیاکۆدا شۆڕ

ببوونەوە و لەگەڵ هەنگاوەکانیدا دەجووڵان. ئەو جووڵانە لەبەر چاوی کچەکانی لە لاقی کەسێک دەچوون کە لە کاتی پشووداندا جۆلانە بە قاچەکانی دەکا. ئەو جۆلانەکردنەی قاچەکانی هانا مژدەی بەردەوامیی ژیانی بە کچەکانی دەبەخشی و گەرمایی لە دڵیان دەگەڕاند.

دیاکۆ لە خۆی پرسی، خۆر بۆ وا بە شەرم و بەتاڵووکەوە* خۆی شاردەوە؟

حەزی دەکرد ئێستا هەموویان لە لالش بووایەن و لە ئاوابوونی خۆردا پەتێکی باریکی هۆنراوەی دەستی کچەکانی گڕ دابایە. هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و لە دەرکەوتنی مانگی ڕوانی. چاوەزار[٧]ی سەر ملوانکەی کچەکانی کە بە ملوانکەیەکی درێژەوە کرابوون لەبەر ڕووناکی مانگدا شۆقیان دەدایەوە.

مانگ لەسەر چیاکان و بەپێچەوانەی داکشانی خۆر دەگەشایەوە. جریوەی مەل و دەنگی گیانداری دارستان وەک ماڵاوایی لە خۆر و بەخێرهاتنی مانگ، بۆ ساتێک هەڵکشا. بێدەنگی و تاریکیی شەو، وەک دوو ئاواڵی هەتاهەتایی دەستەملانی یەکتری بوون.

بە لانیکەمەوە، نیو سات بوو ڕێیان دەبڕی. ئاسەوارێک لە ئاوەدانی لەو دەوروبەرە نەبوو. دەنگی هەناسەبڕکێی پڕ لە ماندوویێتی دیاکۆ، سەرمای دەمەوئێوارەی پاییزی لەبیر بردبۆوە. منداڵەکان بێزار و بێهێز، هێزی ڕۆیشتنیان نەمابوو. برسێتی و

*بەتاڵووکە: بەپەلە، خێرا، پەلبزووتن بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک.

ماندوویّتی بڕستی لێ بڕیبوون. پاڵی به دارێکەوە دا. گرێی شاڵەکەی ترازاند. تەرمی هانا لە کۆڵی داخزا. وەک نەیهەوێ ئازاری بدا، بە وریاییەکی تایبەتەوە سووڕایەوە و گورجێک دەستی بن هەنگڵی دا و هێدی و هێور لەجێی خۆی دانیشت. تەرمەکەی ڕاخست.

ساتێک دواتر کچەکانی لە باوەش گرتن. ئەم باوەشی باوکانەیە بۆ ساتێک زەریای پڕ لە پەرۆشی منداڵەکانی لە شەپۆل خست. هەردوو دەستی لە قەدی کچەکانی هاڵاند و لە مانگ وڕ ما. ئەو دیمەنە بیری ئەو شەوەی خستەوە کە دوای هەڵاتن لە دەست جەندەرمەکان، هانا هەر چواریانی لە دەوری یەک کۆکردەوە و داوای کرد، چواربەچوار یەکتری لە باوەش بگرن. بیری هاتەوە هانا دوای ڕزگاربوونیان پێی گوتبوو «دیاکۆ شوکرانەبژێر بە کە لە چنگ جەندەرمەکان ڕزگارمان بوو. کچەکانم ئێوە پاکن، دڵتان پاکە، ئێوە پیرۆزن![8] دۆعای ئێوە زوو گیرا دەبێ، ئێوەش دۆعا بکەن. شوکری ئەوە بکەن کە نەیانگرتین، کە نەیانکوشتین، کە لەو هەڵدێرە بەربووینەوە و نەمردین. هەمووی هەر کاری حەوتەوانەی هێزەکانە. هەمووی هەر ویستی هێزەکانە، شوکری هێزەکان بکەن، هەموو با پێکەوە شووکرانەبژێر بین و – سەری بەرەو ئاسمان هەڵێنا و پاڕایەوە - شوکرانەبژێرین، شوکرانەبژێری بەشتانین.» دیاکۆ وەک وێنەی ڕۆژ لە مانگی پڕدا ببینێ، لەبەرخۆیەوە ورتاندی «شوکرانەبژێرتین!»

بە دەم دووپاتکردنەوەی وشەکانەوە، سووکەئاوڕێکی لە تەرمی هانا دایەوە. بەدڵێکی شکاوەوە ڕوو لەو شوێنەی ڕۆژی لێ ئاوا ببوو کەوتە سەر چۆکان. هەر دوو دەستی بەرز کردەوە و لەبەرخۆیەوە نزای دەکرد. ڕوو لە مانگ وەرسووڕایەوە کە وەک پشکۆیەکی سپی دەگەشایەوە. زین و شیرین وەک باوکیان، لە تەنیشتی کەوتنە سەر چۆکان و باوەشیان بۆ مانگ کردەوە.

ڕووناکی مانگ لە باوەشیان خزا.

-

لەگەڵ بیرهاتنەوەی شووکرانەبژێری هانا کە دەست جەندەرمەکان نەکەوتبوون، هەستێکی گران و ناخۆش دڵی دیاکۆی دەگوشی. بیری کەوتەوە کە هانا داییم گەشبین بوو بە هەڵسوکەوتی پۆلیسەکانی ئەوبەری سنوور. هانا داییم پێی وابوو ئەوان بە مێهرەبانی، بە باوەشێکی ئاواڵە، بە گەرمی و بە قووڵی لێی تێدەگەن و یارمەتی دەدەن. لە ڕاستیدا ئەم گەشبینییەی هانا بێ هۆ نەبوو. هانا لەسەر قسە و تاریفی دیاکۆ پێی وابوو پۆلیسەکانی سەر سنووری یۆنان بە مێهرەبانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن. دیاکۆ قەت بۆی باس نەکردبوو کە جاری پێشوو، تەنانەت پۆلیسەکانی ئەوبەری سنووریش، وەک جەندەرمەکان ئازاریان دان. ئەو قەت بۆ هانای نەگێڕابۆوە کە جارێک لەو جارانەی دەیانەویست سنووری نێوان تورکیە و یۆنان ببڕن،

ناچاربوون بە ناو مەرەزێکی* برینجدا تێپەڕن. ڕێگایەکی باریک مەرەزەکەی لەت کردبوو. ڕێگاکە هێندە لووس و باریک بوو کە هەرکەس بەسەریدا ڕۆیشتبا، چەند میتر جارێک بە لایەکدا هەڵدەخلیسکا و دەکەوتە ناو ئەو قووڕ و لیتاوەی برینجەکەی تێدا نێژرابوو. هەرکەس لە زەلکاوەکە کەوتبا تا سەرچۆکان لە قوڕەوە دەچوو. هەموویان، نەک هەر جارێک، چەندینجار لە زەلکاوەکە کەوتن و هاتنەدەر و هەمدیسان تێدەکەوتنەوە. بەو نیوەشەوە تا لەو مەرەزە پەڕینەوە، مەرگیان بە چاوی خۆیان دی. کەچی هەر کە گەیشتنە ئەوبەری مەرەزەکە، پۆلیسەکانی سنووری یۆنان هەرایان لێکردن. بە دەم هەرای پۆلیسەکانەوە ڕانەوەستان! لە ترسی ئەوەی نەگیرێن و نەیانگەڕێننەوە بۆ تورکیە، بە هەڵاتن بە ناو مەرەزەکە و بە ناو ئەو قوڕ و لیتاوەدا بۆ ئەمبەری مەرەزەکە گەڕانەوە کە پێیدا ڕۆیشتبوون. پۆلیسەکان، وەک پۆلێک ئارەقخۆری سەرخۆش کە سەیری سیرکی ئاژەڵان بکەن، قاقا بەو شڵپ و هوڕەی دیاکۆ و هاوڕێکانی پێدەکەنین کە لەبەر ڕووناکی مانگدا لێیان دیار بوون کە چۆن لە زەلکاوەکە دەکەوتن و هەڵدەستانەوە و ڕایاندەکرد. دەنگی قاقای پێکەنینی پۆلیسەکان تا مانگ دەڕۆیشت. هەتا ئەوان گەیشتنەوە لایەکەی دیکەی مەزەرەکە، جەندەرمەکانیش گەیشتبوونە جێ و خۆیان لێ مات دابوون. ئەوانیش تێیانخوڕین. هەرایان لێ کردن. دیاکۆ و هاوڕێکانی دیسانەکە بەبێ ڕاوەستان

---

***مەرەزە:** مەزرای برینج، ئەو مەزرا و شوێنەی برینجی لێ چێندراوە.

بەرەو قووڵایی مەرەزەکە هەڵاتنەوە. جەندەرمەکان وەک پۆلیسەکان نەبوون. ئەوان پێنەدەکەنین! ئەوان جنێو و نفرینیان بۆ دەناردن. جەندەرمەکان هەڕەشەی کوشتنیان دەکرد. دیاکۆ و هاوڕێکانی لەگەڵ خرینگەی میلکێشانی تفەنگی جەندەرمەکان زراویان دەچوو.

دیاکۆ دڵگران بوو لەوەی کە بۆچی قەت باسی ئەو شەوەی بۆ هانا نەکردبوو کە لەگەڵ هاوڕێکانی ناچاربوون لە نێوەڕاستی مەرەزەکە و لەنێو ئەو قوڕ و لیتاوەدا ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بمێننەوە. چاوەڕێی چارەنووسی نادیار. چاوەڕێ و ترس ئاوێتەی یەک ببوون کە هەر ئێستا نا ئێستا تەقەیان لێ دەکرێ و لەم ژیانە کولەمەرگییە ڕزگاریان دەبێ، یان ڕەنگبوو بیانگرن و ڕادەستیان بکەنەوە و هەمدیسان بە هیوای گەیشتن بە ژیانێکی باشتر لەم ڕێگا نەفرەتییە هەڵچنەوە. چاوەڕێی ئەوەی بەڵکوو، ئەرێ، بەڵکوو سەرباز و جەندەرمەکان بڕۆن و ئەوان بە لایەکدا بڕۆن و لانیکەم لەو قوڕ و زەلکاوە بێنەدەر.

دیاکۆ قەت بۆ هانای نەگێڕابۆوە کە ئەو شەوە تەقەی ئاسمانیشیان لێ کرا. بەڵێ، هەردوو لا تەقەی ئاسمانیان لێکردن، جەندەرمە و پاسەوانەکان. ئەو قەت باسی ئەوەی نەکردبوو کە ئەو شەوە، ژنێک لە زەلکاوەکەدا لەهۆش چۆوە. هەر لەو زەلکاوەدا هاوڕێیەکی هۆڕهۆڕ دەگریا و نەفرەتی لە خۆی دەکرد کە بۆچی وەک ئینسان فرێدراوەتە ناو گەردوون، نەفرەتی لە ژیان و هەموو شتێک دەکرد کە مرۆڤ ناوی ناوە بەختەوەری.

هەر ئەو کوڕە، پڕ بەو مەرەزە هاوارەگریانی* بوو «گوو بە مافی مرۆڤ، گوو بە توخمی مرۆڤ، گوو بە ژیان، گوو بە وڵات و سنوور و نیشتیمان و بەختەوەری و...» سەرباز و جەندەرمەکان کە هیچ لە نزای ئەو کوڕە تێنەدەگەیشتن، قاقا بەو نەڕەنەڕە پێدەکەنین و ڕیزێک گوللەیان بەسەریاندا دەتەقاند. ئێستاش کە بیری ئەو شەوە دەکەوتەوە، تەزووی بە لەشدا دەگەڕان و پێی خۆش نەبوو هیچی لەسەر بلێ. ئەو شەوەش مانگ پڕ بوو و وەک پشکۆ دەگەشایەوە. هاتەوە بیری کە لە جەنگەی ئەو هەراهەرایەشدا باوەڕی بە حەوتەوانە لەدەست نەدابوو. سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕی. لە مانگ وڕما. دەستی لێک کردنەوە و پاڕایەوە. بیری کەوتەوە چونکە لە باوەڕی ئەودا مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی لە زات و دەروونیاندا باشن، بەڵام سرووشت و دەوروبەر هۆکارن تا تووشی خراپە بن، تەنانەت لەو ساتەوەختەشدا داوای لە گشت هێزەکانی زەوی و ئاسمان کرد تا دڵی جەندەرمەکان نەرم بکەن! داوای کرد تا هێزی پاکیی و ڕووناکیی بڕژێتە بەشی پاکی دڵ و دەروونی جەندەرمەکانەوە! پاڕایەوە تا خۆڵی سەر ژیلەمۆی چاکیی هەموو پاسەوان و پاسدارەکان بڕەوێتەوە و گشت هەستە پاکە خەوتووەکانیان ڕاپەڕێنن.

شەپۆلی خەیاڵەکان دیاکۆیان تا ئەو ساتانە بردەوە کە بیری کەوتەوە هەر ئەو شەوە تەنانەت هەستایە سەر پێ و هاوار و

---

* **هاوارەگریان**: هاوارێک تێکەڵ بە گریانەوە، گریان و هاوار پێکەوە.

هانای بۆ ئاسمان برد، یا هانا، بەهانامانەوە بێ. یا مەلەک تاوس، یا سوڵتان سەهاک، پەنامان بدەن. یا پیرشالیار، یا پیر، یا پیرانی حەق، ئەوەڵ و ئاخر یار یارمەتیمان بدەن. کەچی ڕێژنەیەک گوللەی بەرەو ئاسمانی جەندەرمە و قاقای پاسەوانەکان لەوبەری زەلکاوەکە ناچاریان کرد داموکێتەوە و لەجێی خۆی دانیشێتەوە. ئەرێ، ئەو قەت ئەم بەسەرهاتانەی بۆ هانای هاوسەری نەگێڕابۆوە. قەت بۆی باس نەکردبوو کە تەنانەت هاوڕێکانیشی کە ئەو هەڵسوکەوتەیان لێ بینی، وەیانزانی تێکچووە. دەنگیان دا و بۆ گاڵتەپێکردنی لاساییان دەکردەوە.

دیاکۆ سات بە ساتی ئەو شەوەی لەبیرمابوو. هەر کە دڵنیابوون سەربازەکانی پارێزەری سنوورەکانی یۆنان شوێنی خۆیان بەجێهێشت، بەرەو یۆنان درێژەیان بە ڕێگا دا. دوای چەند کاتژمێر ڕێگابڕین لە شوێنێک مانەوە. بۆخۆشیان نەیاندەزانی کوێیە و شوێنی چییە. بڕیاریان دا تا بەیانی هەر لەو جێیە پشوو بدەن. هەرچی خواردنی پێیان بوو، لە نان و خورماوە بگرە تا توێشە و شتی دیکە، گشتی تەڕ و تلیسابوونەوە. هەموو شتێکیان لێ خراپ ببوو. بەڵام زگی برسی کوا لە شتی خراپ دەپرسێ؟ بەیانی ڕۆژی دواتر بەڕێ کەوتنەوە. هیچ شتێکیان بۆخواردن پێ نەمابوو. بە دەم ڕێگاوە گژ و گیایان دەجوو و کاوێژیان لەسەر دەکرد. برسێتی فشاری بۆ هێنابوون. هێندەیان برسی بوو، هەموویان توڕە و تۆسن بوون. کەس کەسی نەدەدواند. کەس باوەڕی بەویتر نەمابوو.

دیاکۆ هەر لەسەر ئەزموونی جاری پێشووی، بەر لەوەی لەگەڵ هانا و منداڵەکان وەڕێ بکەون، داوای لە هانا کردبوو جگە لە بسکیت و خورما، هیچ شتێکی دیکە لەگەڵ خۆی هەڵنەگرێ. ئەو قەت بۆ هانای باس نەکردبوو کە بۆچی بسکیت و خورما، بۆچی نان و خواردەمەنی دیکە نا. تەنیا هەر ئەوەندەی پێ گوتبوو کە بسکیت و خورما سووکن. زوو مرۆڤ تێر دەکەن. ئیتر ئەو قەت باسی ئەوەی نەکردبوو کە ڕەنگە تووشی زەلکاوی برینج یان پەڕینەوە لە چۆم بن و هەرچی پێیانە تەڕ و خراپ بێ. نیگەرانییەکەی دیاکۆ بووە ڕاستی. هەر لە دوای شەوی یەکەمەوە کە لە چۆمیان دا، هەرچی پێیان بوو تەڕ بوو. مۆبایلەکانیان لەکارکەوتبوون. تەنیا شتێک کە باش دەرچوو بسکیتەکان بوون کە لە دەڵقەوە پێچرابوون. هەموو شتەکانی تر، تەنانەت خورماکەش خراپ ببوو.

بیری هەر لای جاری پێشوو بوو کە دوای ئەوەی ئەو شەوە تا بەیانی پشوویان دا، بەیانی بە زگی برسییەوە ملی ڕێگایان گرتەوە بەر. لەخۆوە ناڵێن برسێتی ڕەگێکی لە هاری دایە! گشتیان برسی بوون، برسی و توڕە و کەمچیکەڵدانە. چەندجارێک قسەیان لێک هەڵبەزییەوە، دواجار بڕیاریان دا بەو ڕێگایەدا بگەڕێنەوە کە پێیدا هاتبوون بەڵکوو بچنەوە سەر ئەو شوێنانەی پێشتر نانیان لێ خواردبوو. بەشکەم خورمایەک، کوتەنانێک یان خواردەمەنییەکیان لەو پاشماوەیەی خۆیان دەست بکەوێتەوە کە فڕێیان دابوو. نزیک ڕۆژێکی تەواو بەو ڕێگایەدا گەڕانەوە کە پێیدا ڕۆیشتبوون. ئارەزوویان دەکرد چش لە لێدان و بێڕێزی،

بەڵام خۆزیا جەندەرمەکان دەیاندۆزینەوە و دەیانگرتن و خواردنێکیان دەدانێ. دواجار جەندەرمە دۆزیاننەوە. لە چاوی ئەواندا، ئیتر جەندەرمە جەللادی ژیانیان نەبوو، ئیتر قوربانی بە پێی خۆی دەچووە بەر دەستی جەللاد، ئیتر جەندەرمە ڕزگاریدەری ژیانیان بوو. برسی و ماندوو کەوتنە دەست جەندەرمەکان.

جەندەرمە کوا خواردن دەدا بە ڕەش و ڕووتی وا؟

بەپێچەوانەی چاوەڕوانییە شیرینەکەی ئەوان، دوای دەستبەسەرکردنیان، وەک دەستکەوتێکی نەتەوەیی لە تەلەفزیۆنەکانی تورکیە نیشاندران و جەندەرمەکان هەتا نیوەگیانیان کردن، لێیاندان و بە زگی برسی بردیانن بۆ ئیستەنبۆڵ.

دیاکۆ لای جەندەرمەکان خۆی لە شێتی دابوو. خۆی لە لاڵی دابوو. جەندەرمە هەتا گەیشتنە ئیستەنبۆڵ هەر گاڵتەیان پێکرد و پێی پێکەنین. قەشمەرییان پێ دەکرد. زمانیان لێ دەردێنا و قامکیان بۆ زاری دەبرد. ئەوان دەیانزانی دیاکۆ بە ئەنقەست خۆی لە لاڵی داوە و هەر ئەوەش بۆ ئەوان مایەی گاڵتەجاڕی بوو. هەرچی پێیان خۆش بوو پێیان دەگوت و قاقا بەو بێهەڵوێستییەی ئەو پێدەکەنین. کێ دەزانێ، ڕەنگبوو ئەوان تەنانەت بیانزانیبایە کە ناوی ڕاستەقینەی ئەو عەلی نییە کە لەسەر پێناسە ساختەکە نووسرابوو، بەڵام نەیاندەویست بە لێدانی عەلی-ناوێک پێکەنینە پڕ لە سەروەرییەکەی خۆیان تێک بدەن. چ لەوە خۆشترە کە دەستکەوتێکی نەتەوەییت دەستەبەر کردبێ و پێکەنین لە لێوت نەبڕێ و تەنانەت دیلی بەردەستت نەوێرێ بڵێ کێیە و ناوی

چییە؟ سەروەری لەوە زیاتر؟ ها؟ سەروەری لەوە بەرزتر! لەو کاتەدا، سەروەری بۆ دیاکۆ ئەوە بوو کە ددان بە جەرگیدا بگرێ و هەرچۆنێک بووە بگەڕێتەوە باوەشی بنەماڵەکەی.

دیاکۆ زۆر لەوە دڵگران بوو کە قەت ئەو بەسەرهاتە تاڵانەی پەڕینەوە بۆ هەندەرانی بۆ هانا نەگێڕابۆوە. قەت بۆی باس نەکردبوو کە کاتی بەردان، جەندەرمەکان بە ڕیز ڕاوەستابوون و شەپیان لە دیاکۆ و هاوڕێکانی هەڵدەدا و جنێویان بۆ زیندوو و مردوویان دەنارد. هەستی بە ویژدانێکی نائارام دەکرد، چونکە بەدرۆ بە هانای گوتبوو «زۆرمان نەمابوو بگەینە جێ، بەڵام من وەک لە کەللەم بدا، بڕیارم دا بگەڕێمەوە. بڕیام دا بەبێ ئێوە نەچم بۆ هەندەران. بڕیارم دا ئێوەش لەگەڵ خۆم ببەم و ئەگەر بە کۆڵیش بێ ئەمجارە بتانپەڕێنمەوە و بتانگەیێنمە جێ!»

لە هەموو شتێک زیاتر ئەوە ویژدانی دیاکۆی ئازار دەدا کە دەیزانی هانا بەو قسانە، بەڵێ، ڕێک بەو قسانەی ئەو هەڵخەڵەتابوو. لە دڵی خۆیدا نەفرینی لە خۆی دەکرد کە بریا ڕاستییەکانی، سەرەڕای تاڵبوونیشیان وەک خۆی بۆ هانا باس کردبایە.

لەوەتی ئەوان یەکتریان ناسیبوو، هانا کلۆڵی زمانی دیاکۆ بوو و هێندەی دیاکۆ خۆش دەویست کە زوو دڵی بە قسەکانی دیاکۆ نەرم دەبوو. دیاکۆ زۆرجار ئەو پرسیارەی لە خۆی پرسیبوو کە ڕەنگبوو لەڕاستیدا هانا هەڵنەخەڵتێ، بەڵام لەبەر دڵی ئەو، وەک هەمیشە، هەرچی دڵی ئەوی خۆش کردبایە قەبووڵی دەکرد. هانا ئەمجارەش وەک جارەکانی تر وای نواند کە قسەکانی دیاکۆ جێی

بڕوان. منداڵی بەر هەنگڵی دان و سەری خۆی هەڵگرت و ڕێگای نەگەڕانەوەی بەرەو هەندەرانی گرتەبەر. دیاکۆ چەندجار لۆمەی خۆی کرد کە ئەگەر ئەو بەسەرهاتە ناخۆشانەی بۆ هانا گێڕابایەوە، ڕەنگبوو، لەبەر منداڵەکانیشی بووایە، قەت پێ لەم ڕێگا پڕ لە مەترسییە نەنێ.

ئەرخەیانبوون لەوە کە هانا هەڵخەڵەتاوی قسەکانی ئەو بوو خەمێکی قورسی خستبووە سەر دڵی دیاکۆ. ئەو خەمە زیاتر و زیاتر دڵی دەگوشی. هێندە دڵگران بوو، هێندە ویژدانی نائاسوودە بوو کە وەخت بوو لە خەفەتان دڵی ڕاوەستێ. بەڵام دوای ئەو گشتە دڵگرانبوونەش دڵی خۆی بەوە دایەوە کە ئەو ژیانەی ئەوانیش لە تورکییە هەیانبوو، ژیان نەبوو و دەستی قەدەریش چی لەگەڵ ناکرێ «کێ دەزانێ، ئەگەر لەم ڕێگایەمان نەدابایە، ڕەنگبوو شتی ناخۆشتر ڕووی دابایە. کێ چووزانێ، ئەگەر ئەم کارەساتە نەبووایە، بەڵکوو ئێستا گەیشتباینایە جێیەک و حەسابابینەوە و بۆ هەمیشە لە دەست ئەو ژیانە کولەمەرگییەی تورکیە ڕزگاریمان بووایە. قەدەر وایە، هەمیشە هەر بەخت بە ڕووتدا پێناکەنێ!»

-

دەنگی زین لە باوەشی دیاکۆدا گرمەی هات. سەری هەڵێنا و لە نێو باوەشی باوکیدا پرسی:

«بابە زۆرمان ماوە بگەینە جێ؟ ناتوانم بڕۆم. من نایەم. دەمەوێ لێرە لەگەڵ دایکم بم. دایکم بەخەبەر بێنە! من ئیتر نایەم... »

«کچم زۆرمان نەماوە، نە. تاوێکی تریش پشوو دەدەین. بەشکەم تا ئەوکاتەش دایکت بەخەبەر بێ. دەنا نا، زوو وەڕێ دەکەوین و بەشکەم تا زووە دایکت بگەیەنینە جێیەک!»

دیاکۆ بوخچەکەی کردەوە. دوایین پاکەتی بسکیتی دەرهێنا و بەشی کرد. هیچی نەگوت. کەس هیچی بۆ گوتن پێ نەبوو. هەموویان بیریان لای هانا بوو، بەڵام کەس دەنگی لێوەنەهات، تەنانەت زینیش.

ئەوان لە بێدەنگیدا قسەی خۆیان کردبوو.

زین بە دەم بسکیت خواردنەوە، سەری کردە سەر ڕانی باوکی و خەونووچکە دەیبردەوە. شیرین مات، کز و بێدەنگ، ڕووی لە باوکی وەرگێڕابوو و لە تەرمی دایکی دەڕوانی.

دیاکۆ بیری لەو خەون و ئارەزووانە دەکردەوە کە بەر لە وەڕێکەوتنیان لەگەڵ هانا باسیان کردبوون. ئەو خەونانەی سێبەری خۆشبژی ژیانی هەندەرانیان لەسەر بوو. ئەو وێنانەی بەختەوەرییان لێ دەباری. ئەو دیمەن و قسە و باسانەی تینی خۆشبژی و ئاسوودەیی و ئارامییان لە دڵ دەگەڕاند. خەونیان بەوەوە دەبینی منداڵەکانی ئەوانیش بچنە باخچەی ساوایان. ئارەزوویان دەکرد، بە ئازادی بژین و دیاکۆ کاری خۆی هەبێ و هانا بخوێنێ و منداڵ پێبگەن. ئاواتی هانا ئەوە بوو ژیانی منداڵەکانیان وەک ژیانی ئەوان ئەستەم و پڕ لە هەڵاتهەڵات و

خۆشاردنەوە و دڵەڕاوکێ نەبێ. هانا زۆرجاری ئەوە دەگوتەوە کە حەز ناکا کچەکانی وەک ئەو لە سەریان بدرێ. حەزی نەدەکرد کچەکانی ئازادییان لێ زەوت بکرێ. هانا پێداگر بوو لەوەی کە هەموو شتێک دەکا تا ژیانی منداڵەکانی ئاسوودە بن.

شیرین بەشە بسکیتەکەی خۆی خوارد و پاشماوەی بەشەکەی زینی لە جانتاکە نایەوە. دیاکۆ ویستی شیرین دڵنیا بکاتەوە کە مەودایەکی زۆریان نەماوە و بەمزووانە دەگەنە جێ. بەڵام ئەوکی گیرابوو. هێزی قسەی نەمابوو. هیچ هیوایەکیشی بەوە نەبوو کە شیرین باوەڕ بە قسەکانی بکا. ئەو بێدەنگییەی نێوانیان، ئەو چەند ساتە بێدەنگییە، هەموو شتێکی تێدا گوترابوو.

پێی خۆش بوو پشوویەکی درێژ بدا. چاوی قورس بوون. لەشی داهێزرابوو. ماندوو و شەکەت لە منداڵەکانی وردبۆوە. زین و شیرین سەریان خستبووە سەر کۆڵەپشتییەکە و لە تەرمی دایکیان دەڕوانی. دڵی پڕ بوو، حەزی دەکرد مۆبایلەکەی لە کار نەکەوتبایە و وێنەی گرتبایەن. ئاواتەخواز بوو باشترین شێوەکاری دنیا لەو ساتەدا لای بووایە و ئەو دیمەنانەی کێشابایەوە. حەزی دەکرد سات بە ساتی ئەو بارودۆخە ناخۆشە بکاتە وشە و بۆ هەتاهەتایە دیمەنە هەژێنەکانی ئەو ساتەوەختانەی تۆمار کردبایە. کەچی لە کۆتایی هەرکام لەو حەزانەدا پەژیوان دەبۆوە. پێی وابوو نە کامێرا و نە شێوەکار و نە وشە ناتوانن ئەو دیمەنانە وەک خۆیان تۆمار بکەن. لەبەرخۆیەوە برماندی «ئەی مۆسیقا؟ تەنیا مۆسیقا دەتوانێ ئەم دیمەن و ئەم هەستە بەژانەی من بگوازێتەوە و نزای ئێمە بگەیەنێتە جێ!» وەک کەسێک کە

شتێکی گرینگی دۆزیبێتەوە، چاوی لە شەمشاڵەکە بڕی. کەچی نە دڵی بەرایی دا و نە باوەڕی بەوە بوو کە لەو ساتە ناخۆشەی ژیانیدا دەتوانێ شمشاڵ لێ بدا. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە ناخی دڵەوە باوەڕی بەوە بوو کە شمشاڵ نزای ئەوان دەگەیەنێتە جێ و هیچ دوور نییە، سۆزی شمشاڵ گیان بە لەشی هانادا بکاتەوە.

ڕووی لە شمشاڵەکە وەرگێڕا. چاوی نووقاند و ویستی بیر لە شتێکی دیکە بکاتەوە. سەرنجێکی خستەوە سەر منداڵەکانی. زین و شیرین وەک هەستیان بە دڕدۆنگی باوکیان کردبێ، سەریان هەڵبڕی و لە باوکیان دەڕوانی. چاوە شین و گەشەکانی منداڵەکان وەک شمشاڵە لە ئاوی زێڕ گیراوەکە لەبەر شۆقی مانگدا بریسکەیان دەدایەوە. لە دڵەوە حەزی دەکرد شمشاڵ لێ بدا، بەڵام لە خۆی ڕانەدەدی. ویستی بەر لەوەی شمشاڵ لێ بدا، هەناسەی تاقی بکاتەوە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بەڵام وەک پشکۆیەک بگەشێنێتەوە، هەناسەکە بە لێشاو لە زاری هاتەوەدەر. هەناسەیەکی دیکە و یەکی دیکەش. نا، سینگی پڕ لە خەم و کوڵ هەناسەی قووڵ وەخۆ ناگرێ. خۆ ئەگەر هەناسەکەشی هاوکاری کردبایە، لێو و پەنجەکانی باش نەدەبزووتن. قامکی ڕەق ببوون. لێی ڕوون نەبوو ئەمە ئاکامی ماندووبوونە یان بەجارێک زەوقی مۆسیقا لە ئەنگوستەکانی تۆرا بوو. بیری کردەوە ئەگەر ئێستا هانا زیندوو بووایە، ڕەنگبوو وەک جاران داوای شێعرێک و تۆزێک شمشاڵی کردبایە و تیشکی دڵخۆشی لەسەر گلێنەی چاوی بریسکەی دابایەوە. دیاکۆ

دەیزانی، هیچکەس لەم دنیایە، تەنانەت بۆ خۆشی، هێندەی هانا عاشقی دەنگی شمشاڵەکەی نەبوو.

منداڵەکان هەروا لە باوکیان دەڕوانی. دیاکۆ حەپەسا بوو و یادی دانیشتن و پشووەکانی پێشووتر کەوتەوە. بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر ئێستا هانا بەخەبەر بووایە، لە منداڵەکانی دەپرسی خەونەکانتان چین؟ پێی دەگوتن جا منداڵی نا، ئەگەر گەیشتینە ئەورووپا، ئەگەر گەیشتنە ئەو وڵاتە، ئیتر خۆش دەژین. دەحەسێینەوە و تێر بە دڵی خۆمان دەژین. بە ئارەزووی خۆمان و چۆنمان ویست وا دەژین. بەبێ ترس، بەبێ هەڵات هەڵات لە دەست پاسدار و جەندەرمە و عەسکەر! بەبێ دڵەڕاوکێی دەستکورتی و نەداری دەژین. دەی منداڵی نا، دا پێم بڵێن بزانم ئەگەر گەیشتینە ئەوێ، پێتان خۆشە چی بکەن؟ پێتان خۆشە چیتان هەبێ، چۆن بژین؟

دیاکۆ وەک گاڵتەی بە ئارەزووی منداڵەکانی بێ، بزەیەکی تاڵ لە لێوی خزا. حەزی منداڵەکان خۆشبژی بوو. حەزیان دەکرد ماڵێکی گەورەیان هەبێ کە ئیتر مەجبوور نەبن هەمووان لە ژوورێکدا بخەون. زین حەزی دەکرد ژوورێکی پڕ لە بووکەڵەی هەبێ. حەزی دەکرد هێندێک هاوڕێی هەبن و یارییان لەگەڵ بکا.

ئارەوزووی هانا و دیاکۆ ئارەزووی ئازادی بوو.

ئەوان ئارەزوویان دەکرد سەربەستانە بژین. ئارەزوویان دەکرد بەبێ دڵەڕاوکێ و ترس لەوەی پێیان بگوترێ جیاییخوازن[٩] و شیاوی مردنن، بەبێ ئەوەی لە دەستبەسەربوون و لێدان و

ئازاردان بترسن، بێ ئەوەی بگیرێن و زیندانی بکرێن، ڕاشکاوانە بڵێن کوردن و وەک هەموو مرۆڤ و بوونەوەرێکی ئەم دنیایە، نیشتیمانی خۆیان خۆش دەوێ و جگە لە ئازادی و مافی ئینسانی چیتریان لەو دەوڵەتانە ناوێ کە کوردستانیان داگیر کردووە. ئەوان ئارەزوویان دەکرد نەترسانە بڵێن ئێرە نیشتیمانی هەزاران ساڵەی ئەوانە و مافی خۆیانە، خۆشیان بوێ و بیپارێزن.

دیاکۆ بیری لە خەون و ئارەزووی منداڵەکانی دەکردەوە و بیری هاتەوە کە ئەگەر ئێستا و لەم ساتە پڕ لە کارەساتەدا لە منداڵەکانی بپرسێ ئارەزووتان چییە، بێ شک هەردووکیان دەیانگوت دایکمان بەخەبەر بێ تا لەگەڵی بچنە وڵاتی خەونەکانیان. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دڵنیابوو منداڵەکانی لەمەودوا، هەتا ماون، هەموو جارێک بەر لە خەوتنیان لە دڵی خۆیاندا ئارەزووی ئەوە دەکەن کە خۆزیا دایکیان دەما. دیاکۆ باش دەیزانی کە دەردی بێ دایکی، هەر ئەو کەسانە دەیزانن کە برینی ناسۆری بێ دایکیان لە دڵدایە. ئەو کاتێک دایکی خۆی لە دەست دا، لە تەمەنی زیندا بوو. دایکی دیاکۆ لە کاتی داگیرکردنەوەی کوردستان بە تاوانی هاوکاری پێشمەرگەکان دەستبەسەر کرا و دواتر گوتیان لە نەعلەتاوای شاری قوڕووە ناشتوویانە.[١٠]

شمشاڵەکەی لە زەوی چەقاند و چەناگەی خستە سەر. هرووژمی خەیاڵ، عەقڵیان لە مێشکی ڕاونابوو. لە خۆی پرسی «هەر بەڕاست ڕەنگە هانا خۆی لە خەو کردبێ! ڕەنگە خەوی لێ کەوتبێ! یان لە هۆش چووبێتەوە. ئەرێ، ڕەنگە خۆی لە خەو

کردبێ! ئاخر هانا زۆری حەز لە گاڵتە و شۆخی بوو. ڕەنگە هەر بۆ گاڵتە خۆی لە خەو کردبێ!» بەپەلە خۆی گەیاندەوە سەر تەرمەکە. سەری دانەواندەوە. گوێی خستە سەر سینگی و تاوێک ڕاوەستا. کپ و بێدەنگ. هیچ دەنگێک، هیچ تاووتین و جووڵەیەکی هەست پێ نەکرد. کەچی بەوحاڵەشەوە پێی وابوو هانا یا خەوتووە یان لەهۆش چۆتەوە.

لە خۆی بە شک بوو. پێی وابوو ئەو شڵەژاوە و ناتوانێ بە جوانی ببیستێ. ناتوانێ باش بیر بکاتەوە و هۆشی لەسەر خۆی نەماوە. بە زەینیدا هات داوا لە شیرین بکا سەری بخاتە سەر سینگی دایکی، بەڵکوو ئەو هەڵە بێ و بەڕاست دڵی هانا لە لێدان نەکەوتبێ. بەڵام خێرا پەژیوان بۆوە. تەوژمێک لە هەستێکی ناخۆش ویژدانی ڕاچڵەکاند. لۆمەی عەقڵی خۆی کرد «گێلە! نا! شێت بووی؟ ئەگەر هانا شتێکی لێ هاتبێ، بۆ هەتاهەتایە شیرین ئەم ساتانەی بیر ناچێتەوە. تا ماوە ئەوە ئازاری دەدا. نا. باشتر وایە پشوو بدەین. وا باشە منیش هێندە گێل نەبم و بیر لە شتی سەیروسەمەرە نەکەمەوە. باشترە ددان بە جەرگمدا بگرم. تا دەگەینە شوێنێک و بەشکایەکوو کەسێک بە هانامانەوە هات و هاناش زیندوو ما. با وا نەکەم منداڵەکان شک بکەن. با لەوە زیاتر نەپەشۆکێن. ئەرێ، پشوو دەدەین و تێهەڵدەچینەوە. کێ دەزانێ، ڕەنگە زۆرمان نەمابێ بگەینەجێ!»

زین و شیرین بە وردی سەرنجیان خستبووە سەر دیمەنی باوکیان کە چەند جارێک سەری خستە سەر سینگی دایکیان و مەچەکی دەگوشی و قامکی لەسەر لاملی دادەنا. منداڵەکان لە

جوڵە و هەڵسوکەوتی سەرشێتانەی باوکیان دەترسان. دیاکۆ وەک هەست بکا لە ژێر چاواندایە، ئاوڕێکی لە منداڵەکان دایەوە. چاوی لەگەڵ چاوە شین و گەورەکانی زین و شیرین تێکهەڵەنگووتن و وەک کەسێکی زمانلووس کە مەرایی لەبەر کەسێک بکا بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە، قسەی دەردانەدەر «گوڵەکانم دایکتان زیندووە. نیگەران مەبن. خەوتووە. لە هۆش چۆتەوە. چاوی هەڵێناون و سەیرمان دەکا، بەڵام ناتوانێ هیچ بڵێ» و لەچکەکەی بەسەر ڕووخساری هانادا دایەوە.

بێدەنگ بوون، بێدەنگییەکی پڕ لە قسە.

لە تەنیشت تەرمەکە دانیشت. شمشاڵەکەی هەڵگرتەوە و لە زەوی چەقاندەوە و چەناگەی خستەوە سەر. لە وێنەی شاماران ڕاما کە لەسەر شمشاڵەکە کۆڵدرابوو. بە خۆی وت «ئەگەر دەمتوانی باشترین ئاوازی شمشاڵەکەم لێ بدەم، ڕەنگبوو گیان بێنمەوە بەر لەشی هانا. هەر نەبێ ڕەنگە شمشاڵەکەم تاوێک خەمی منداڵەکان بڕەوێنێتەوە!»

بیری چووە سەر ئاناهیتا و پێی وابوو ئەو خواژنە هەر لە ڕێگای مۆسیقاوە ڕۆحی بە بەر مرۆڤەکاندا کردووە، بۆیەش تەمبوور و شمشاڵ هێندە لە باوەڕی ئەودا پیرۆزن[١١]. بە خۆی گوت، ئەرێ، تەمبوور و شمشاڵ کەرەستەی گیان بەبەردا کردنن. لەو کاتەدا، بەسەرهاتی ئادەم و حەواشی لەگەڵ باوەڕە ئایینییەکەی خۆی تێکهەڵکێش کرد و بە خۆی گوت ڕەنگە ئەوە ڕاست بێ کاتێک خواوەند ئادەمی هێنایە سەر زەوی و حەوای لە جەستەی ئادەم هێنایە بەرهەم، فەرمانی بە حەوت حۆری کرد

تا تەمبوور لێ بدەن. حۆرییەکان لە دەوری حەوا کۆزیلکەیان بەست، تەمبووریان لێدا و گیان لە جەستەی حەوا گەڕا. هەرچەندە دیاکۆ باش دەیزانی ئەم بەسەرهاتە هی ئایینەکەی ئەو نەبوو[١٢]، کەچی بەوحاڵەشەوە بەسەرهاتەکەی لەگەڵ باوەڕەکەی خۆی لێک گرێ دا و لە دڵی خۆیدا گوتی «کێ چووزانێ، ڕەنگە وابووبێ! بەڵام شکی تێدا نییە هەر مۆسیقا تین دەخاتەوە لەش. هەر ئاوازە هەست دەگەشێنێتەوە!»

چەناگە و دەستی تەزیوی لەسەر شمشاڵەکە هەڵگرت. بەپەلە بۆ لای زین وەرسووڕایەوە کە هاتبووە تەنیشت تەرمی دایکی و دەیهەویست لەچکەی سەر ڕووخساری لابدات. دەیەویست لەو قسەی باوکی دڵنیا بێ کە دایکیان هیچی نییە و زیندووە.

«نا کچم، نا! زین نابێ دەست لە ڕووخساری دایە بدەی. ئەگینا ....»

زین قورینگاندی[*]. گریا. شیرین هاتە لایان. لە لایەکەی دیکەی تەرمەکە دانیشت. ملی بە لارەوە نا و لە دایکی دەڕوانی. زین وەک لە دەست کەسێکی نامۆ هەڵبێ، خۆی لە باوەشی شیرین ڕاکرد. ئامێزی شیرین، سۆزی دایکی بیر خستەوە. لەو

---

[*] قورینگاندن: دەنگی نووقەنووقی بەر لە گریان، دەنگێکی ناڕازاییانە لە شتێک کە ڕێ بۆ گریان خۆش دەکا. قورینگاندن هەر هەمان قورینگەقورینگە کە بۆ گریانی بەدرۆی منداڵ زۆر بەکار دێ.

ئێوارە درەنگەوەخت و تاریکەدا، چاوەزاری بە ملوانکەوەکراوی کچەکانی، چاوچاوێنیان لەگەڵ چاوە تیژەکانی دیاکۆ دەکرد.

دیاکۆ لە دڵی خۆیدا دووپاتی کردەوە « نا، نا، وێنای ئەم دیمەنانە لە توانای هیچ وێنەگر و نووسەر و شێوەکار و تەنانەت هیچ مۆسیقارێکیشدا نین.»

-

سێ ڕۆژی ڕەبەق بوو، شاخ و خەرەند و دەشتیان بەرەو هەندەران دەبڕی، سێ دانە ڕۆژی تەواو. خۆیان لە چاوی هەموو زیندەوەرێکی ئەم جیهانە دەشاردەوە. دەترسان. نەوەک کەسێک بیانبینێ و ڕاپۆرتیان لێ بدا. دەترسان نەکا بگیرێن و بیانگەڕێننەوە ژێر دەستی جەندرمەکان. دەترسان. نەکا تووشی ئاژەڵێکی دڕندە بن. نەوەک تووشی کەسێکی ئاسایی بن و لێیان بە شک بێ و ڕاپۆرتیان لێ بدا و بەپێی ڕێکەوتنی ئاسایش لەسەر سنوورەکانی نێوان تورکیە و ئێران، ڕادەستی پاسدارەکان بکرێنەوە. دیاکۆ دەیزانی لەسێدارەدرانی ئەو و ئاوخواردنەوە، وەک یەک، بۆ پاسدارەکانی ئێران هاسان بوو. هەرچەند بەدڵ پێی ناخۆش بوو کە بە هانای دەگوت «ئەگەر بکەومە دەست جەندەرمە و ڕادەستی پاسدارەکان بکرێم، ئەستەمە گیان دەرببەم!» کەچی دوای ئەم سێ ڕۆژە، وەک لەبیری چووبێتەوە کە ئەگەر ڕادەست بکرێتەوە چ چارەنووسێکی ڕەش چاوەڕوانییەتی، هەمدیسان وەک جارەکانی پێشوو هەوڵی ئەوە

بوو هەتا زووە تووشی کەسێک بێ و داوای یارمەتی لێ بکا. ئارەزووی دەکرد تووشی ڕێبوارێک بێ و ژیانی هاوسەرەکەی، خۆ ئەگەر ژیان لە لەشیدا مابێ، ڕزگار بکا. دڵنیانەبوو لەوەی کە ئەگەر تووشی جەندەرمەیەکیش بێ، دوور نییە وەک قوربانییەک کە عاشقی جەللادەکەیەتی، ئەویش دەستی یارمەتی بەرەو درێژ دەکا یان نا. خەمی خەونە قورسەکەی هانا، خەریک بوو مێشکی دیاکۆی دەتاساند و ئەو یاسا ساکارەی لەبیر دەبردەوە کە بە دەگمەن وا هەیە جەللاد بەزەیی بە قوربانیدا بێتەوە.

جارێکی دیکەش خەیاڵ هەڵیگرتەوە. بیری ئەو هەموو ئەزموونە تاڵانەی ڕێگای هەندەران کەوتەوە. بیری ئەو گشتە بەسەرهات و هەواڵە ناخۆشانە کەوتەوە کە لە زاری کەسانیتر و لەسەر پەڕی ڕۆژنامە دەیدین و لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە دەیبیستن. گیران و دەستبەسەرکران و ڕادەستکردنەوە و نوقمبوون و خنکان و لێدران و ئیتر پێڕستێکی دووردوودرێژ لەم ژانرە ژاناوییانەی ژیانی کۆچبەربوونی هاتەوە بیر. بۆخۆشی شایەتێکی زیندووی بەشێک لەو ڕووداوانە بوو کە یا بەسەر خۆی هاتبوون یان دیبووی کە بە سەر هاوڕێکانی هاتبوون. بیری لە جارێک لەو جارانە کردەوە کە خۆی و هاوڕێکانی لە ڕێگەی یۆنان بوون، هەروەک ئەم سەفەرە، سێ ڕۆژی تەواو خۆیان لە هەموو کەسێک دەشاردەوە. بیری کەوتەوە کە ئەوکاتیش شەوانە مۆبایلەکانیان دەکووژاندەوە. هەرچەندە ئەمجارە دوای ئەوەی لە چۆمیان دا، ئیتر بەجارێک مۆبایلەکان لە کار کەوتبوون. ئەوجارەش بە ڕۆژ لە جێیەک خۆیان مات دەدا و شەوانە ڕێگایان

دەبڕی. دوای دوو ڕۆژ ڕێگابڕین شەوێک گەیشتنە سەر ڕووبارێکی پان و بەرین. ڕووبارەکە بە ڕواڵەت ئارام و هێور بوو، بەڵام لە ژێرەوە بەخوڕ بوو. دیاکۆ و هاوڕێکانی دەستیان لە دەستی یەک نا و یەک بە دوای یەکدا چوونە ناو ئاوەکەوە. دەترسان، نەوەک چۆمەکە قووڵ بێ و بخنکێن. چەند میترێک بەرەو قووڵایی چۆمەکە چوون. ئاوی ڕووبارەکە هێندە تیژ بوو کە هەموویانی لە جێ هەڵقەند و بە پانتایی چۆمەکەدا بڵاوەی پێ کردن. مەرگیان بە چاوی خۆیان دی، بەڵام دواخری هەموویان لە چۆمەکە پەڕینەوە. دیاکۆ چەند سەت میترێک لە خوارتر خۆی گرتەوە و لە چۆمەکە هاتەدەر. زۆربەیان خواردەمەنی و کەلوپەلەکانیان پێ نەمابوو. ئەوەی پێشیان مابوو لە ئاودا خووسابوو. مۆبایل و خواردەمەنی و زۆربەی شتەکانیان خراپ ببوون. کاتێک ویستیان درێژە بە ڕێگا بدەن، دوو کەس خۆیان گل دایەوە. نەیاندەویست لەگەڵیان بڕۆن. یەکیان شەل بوو و گوتی بۆ چارەسەری قاچەکانی هیچ کوێ نەماوە نەچێ. ئێستاش قسەکانی لە گوێی دیاکۆدا دەزرینگانەوە کە دەیگوت «چۆتە تاران، چۆتە بەغا، چۆتە لای هەر دوکتۆرێک، پێیان وتووە لە هەندەران چارەت دێ». دەیگوت هەرچی هەیبووە، هەرچی قەرزی کردووە، گشتی لای قاچاخچییەکە داناوە تا بۆ چارەسەری قاچەکانی بگاتە هەندەران! بەڵام ئیتر لێ بڕاوە. ماندوو بووە و بێزار بووە لەو هەموو درۆ و دەلەسەیە، لەو گشتە قۆڵبڕینەی قاچاخچی و گیران و دیپۆڕت و تێهەڵچوونەوە لەم ڕێگایە. ئاشکرا دیاربوو کە ناتوانێ چیتر هاوڕێی هاوڕێکانی بێ. قاچەکانی

ماندوو و سڕ بوون. گوتی «بمبوورن که ناتوانم لەوە زیاتر هاوسەفەرتان بم. بمبوورن کە بە قسەکانم دڵگرانم کردن. بمبوورن کە دەڵێم لێمگەڕێن با هەر لێرە بە دەردی خۆمەوە سەربنێمەوە.» دیاکۆ ویستی بڵێ من لەلات دەمێنمەوە، بەڵام هەر کە بیری هانا و منداڵەکانی کەوتەوە پێی لە دڵ و ویژدان و هەستی ئینسانی خۆی نا. خۆی کز کرد و بێدەنگ بوو. یەکێک لە هاوڕێکانی بڕیاری دا و گوتی «مادام هەندەران نرخی مرۆڤ هێندە سووک دەکا، من نایەم. ئەرووپا بۆم بێتە ئێرەش تازە نایەم. من چیتر ئەورووپا و ژیانی هەندەرانم بە پوولێکیش ناوێ. ئەم کوڕە داماوە هیچ چارەی نییە، پێی گەڕانەوەی نییە، یان دەبێ لێرە سەرگەردان بێ یان چاوەڕوان بێ تا کەسێک بە هانایەوە دێ. من لای دەمێنمەوە و ئاگام لێی دەبێ، تا بەڵکوو کەسێک بە هانامانەوە بێ، جا یارمەتیمان دەدا و دەردەچین یان دەمانگێڕنەوە کوردستان.»

بە یارمەتی هەموویان ئەو کوڕە شەلەیان تا سەر جاددەیەک کە لە داوێنی چیایەک هەڵکەوتبوو لە کۆڵ نا. وا ڕێککەوتن کە کوڕە شەلەکە بە تەنیا لەسەر جاددەکە دانێن و هەتا هاتنی سەیارەیەک یان ڕێبوارێک بەو جاددەیەدا، بە تەنیا بەجێی نەهێڵن و لە دوورەوە چاودێری بکەن! بەرەبەری بەیانی، لە دوورەوە دەنگی سەیارەیەک هات. هەموویان چوونە سەر تەپۆلکەیەک و لە دوورەوە سەیری دیمەنەکەیان کرد. سەیارەیەک هات و مسافیرەکانی ناو سەیارەکە، هاوڕێ بە تەنیا

جێهێشتراوەکەیان سوار کرد و دواتر ئەوانیش درێژەیان بە ڕێگا دا.

لەبیری نەچووبۆوە کە دوای ئەوەی لە چۆمەکەیان دا و هیچیان پێ نەما، بەرەبەرە برسێتی و ماندوویێتی بەرەو پێشوازیان هات. بۆ ئێوارەی ڕۆژی دواتر کەس هیچی بۆ خواردن پێ نەمابوو. وەک جارەکانی پێشووتر، دەستیان بۆ گژوگیا و هەموو شتێک دەبرد تا خۆیانی پێ تێر بکەن. ناچار هەر بەو ڕێگایەدا گەڕانەوە کە پێیدا ڕۆیشتبوون، بەڵکوو تووشی کەسێک بن و یارمەتییان بدات. بەڵکوو پۆلیس یان جەندەرمە بیاندۆزێتەوە و لە قڕبوون و سەرماوسۆڵ ڕزگاریان بێ. ئەوجارەش جەندەرمەکان دۆزیاننەوە، لێیاندان و گرتیانن و لە گرتووخانەش بە شەق وەدەریاننان. لە کۆتایی بیرکەوتنەوەی هەرکام لەو بیرەوەرییە تاڵانەدا بە خۆی دەگوت ئەم بەسەرهاتانە چەندە لێکدەچن. دەڵێی دووپاتەبوونەوەی ڕووداوێکن و ژانەکەیان وەک یەکە. دەڵێی هەر یەک ڕووداون، دەڵێی هەر یەک ژانی هاوبەش و یەک چارەنووسی هاوشێوەن. تاڕادەیەک دڵنیا بوو لەوەی کە ئەگەر ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانە بۆ کەسێک بگێڕێتەوە، گومانی ئەوەی لێ بکا کە ئەو ڕووداوانە لە ڕاستیدا هەر یەک ڕووداون و هەر یەک جار ڕوویانداوە، کەچی ئەو بە دوو یان چەند جاری جیاوازیان دەیانگێڕێتەوە.

دیاکۆ لەو ڕووداوانەی بەسەریهاتبوون زۆر شت فێر ببوو. دەیزانی دەبێ هەموو شتێک بکا تا سەفەرەکەیان کورت بکاتەوە. دەیزانی سەرەڕای هەموو ناخۆشییەکان نابێ بهێڵێ شەویان

بەسەردا بێ. نابێ خاوەخاوێ بکا و دەبوو زوو خۆ بگەیەننە ئاوەدانییەک! بەڵکوو بەخت یاوەریان بێ و تووشی کەسێک بن و داوای لێ بکەن یارمەتیان بدا. ترس و دڵەڕاوکێی ئەوە کە نەکا وەک جارەکانی پێشوویان بەسەر بێ و منداڵەکانی هێندە برسی و هیلاک بن کە نەتوانن بە ڕێگادا بڕۆن، مووچڕکی بە لەشیدا هێنا. دەستێکی خێرای بە ناو جانتاکەدا گێڕا. جگە لە کوتە بسکیتێک، هیچ شتێکی دیکەی بۆ خواردن تێدا نەمابوو.

-

چاری نەبوو، دەبوو درێژە بدا. دەبوو ڕێگا بپێوێ. بیری کردەوە کە ئەگەر هەر وا دانیشن، هەم شەویان لێ درەنگ دەبێ و هەم برسێتی بڕستیان لێ دەبڕێ. هێستاش هیوابڕاو نەبوو و بەو هیوایە کە تووشی پۆلیسی یۆنان بن دڵگەرم بوو. پێیوابوو ئەگەر پۆلیسێکی یۆنانی، لە بەختی خۆی پۆلیسێکی باش، بیانبینێ، ڕەنگبوو لێیان تێبگا. ڕەنگبوو یارمەتییان بدا. هەر نەبێ تەرمەکەیان لێ وەربگرێ و بڵێ، با ئەم تەرمە ئەمانەتی خاک بێ. بەڵکوو بڵێ، لەم شوێنە بینێژن. ئێوە بڕۆن، هەرکات گەیشتنە جێ، لە دەرفەتێکدا بگەڕێنەوە و سەردانی گۆڕەکە بکەن. ڕەنگە پۆلیسەکە هێندە بەبەزەیی بێ کە بێژێ، تەنانەت دەتوانن دواتر گۆڕەکەش بکۆڵنەوە و تەرمەکە دەربێنن و بۆ لای خۆتانی ڕاگوێزن.

بێزی لەم بیرانە هاتەوە. لۆمەی خۆی کرد کە ئەو چەندە کەسێکی خراپ و بێ سفەتە. لۆمەی خۆی دەکرد کە هەتا هانا زیندوو بوو، لە زێد و لە ناو کەسوکاری خۆیدا تێر بە ئاسوودەیی نەژیا، ئێستایش لێناگەڕێ هانا بگەڕێتەوە زێدی خۆی و لە باوەشی نیشتیماندا پشووی هەتاهەتایی بدا. لۆمەی خۆی دەکرد کە داخوا ئەم کۆستە وای کردووە کە بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ سۆزی خۆشەویستی لاواز بووە و بیری چۆتەوە کە وەک دوو کەسی شەیدای ئازادی و سەربەستی گەل و نیشتیمان لە زێدی خۆیان هەڵقەندران و ماڵ لە کۆڵ بە شارەکانی کوردستانەوە بوون و سەرێک لە کرماشان لە لای یارسانەکان خۆیان شاردەوە و، ماوەیەک لە لالش لای ئێزدییەکان میوان بوون و، دواتر چوونە ڕیزی بەرخۆدانی دژ بە شەڕی داعش لە عەفرین و، دواجاریش بۆ پەڕینەوە بەرەو هەندەران بە ناسنامە و ناوی خوازراوەوە لە ئاوەدانییەک لە نزیک شاری چۆرومی تورکیە گیرسانەوە. ڕقی لە خۆی دەبۆوە کە دوای ئەو هەمووە نەهامەتی و هەڵات هەڵاتە، ئێستا کە ڕۆحی هانا لە جەستە کوێرەوەری چەشتووەکەی دەرباز ببوو، ئەو ناهێڵێ و بیر لەوە ناکاتەوە کە لە زێدی خۆیدا بحەسێتەوە. تەنانەت بیر لەوە ناکاتەوە کە هانا بەشی خۆی، تاڵیی لەم ژیانە چەشت و پێویست ناکا دیاکۆ ببێتە هۆی دووربوونی هانا لە نیشتیمان و کەسوکاری خۆی. لە خۆی پرسی «ئاخر پیاو ئەوە کوا قسەیە، ئێرە کوا زێدی هانایە تا لێی بنێژرێ؟ بۆ دەبێ ڕۆحی هانا لەم چۆڵەوانییە و تاک و تەرا و سەرگەردان بێ، بۆ؟!» بڕیاری دا، تەنانەت ئەگەر پۆلیسێکی باش و

بەویژدانیشی تووش بێ و پێشنیارێکی ئەوتۆشی پێ بکا، لێبڕاوانە پێشنیارەکەی وەرنەگرێ و بڵێ، با من بگیرێم، با بدرێمەوە دەست جەندەرمە و پاسدار و دەبا لەسێدارە بدرێم، بەڵام با هانا بگەڕێتەوە زێدی خۆی و با منداڵەکانیشم... . لە خۆی پرسی «ئەی منداڵەکانم؟ نا، نا. یەق لەم هەموو ڕەشبینییەی من، ماڵەکتە هێندە ڕەشبینم، خەریکە بێزم لە خۆشم دەبێتەوە. ئەم هەموو خەیاڵە خراپەی من وەختە مێشکم تێک بدا، خەریکە دڵم ڕەش دەکا، خەریکە دەمکاتە داعبایەکی قێزەون و لەبیرم دەباتەوە کە ئاواتی هانا چی بووە! ئەرێ، من دەبێ هەموو شتێک، هەموو شتێک بکەم تا ئەم منداڵانە بگەنە جێ و ژیانیان خۆش بێ!»

بیری ئەوەی کە هانا دەگەڕێتەوە زێدی خۆی و قەت نایبینێتەوە تەزووی بە لەشیدا گێڕا. تووند دەستە لێک ئاڵاوەکانی گووشین. ماچێکی لە دەستی دا و بیری لەوە کردەوە کە چ بکا تا لە هانا دوور نەکەوێتەوە. بە خۆی وت تا شوێنی مەبەست، تا ئەو جێیە کە دەچن، تا ئەو وڵات و شار و ئاوەدانییە کە لێی نیشتەجێ دەبن لە کۆڵی دەنێ. بڕیاری دا، تا هەر جێیەک کە پێویست بێ و بتوانێ هەموویان پێکەوە دەبن. بیری ناشتنی هانا و ئاوێتەبوونی لە گڵدا، هێڵنجی هێنایە بەر. دڵی بەو بیرانە توونددەبوو. کەچی کە بیری کەوتەوە لە دینەکەی ئەودا ڕۆح نامرێ و لە جەستەیەکی دیکەدا دەردەکەوێتەوە، سووکنایی دڵی هات و ئاواتەخواز بوو ئەو جەستەیە بدۆزێتەوە کە لەگەڵ ڕۆحی هانا، دۆنادۆنی گیان دەکەن و کراس دەگۆڕنەوە.[١٣]

لە خەیاڵی گەڕاندنەوەی تەرمی هانا بۆ ناو کەسوکاری خۆیدا بیری چووە سەر دایکوباوکە پیروپەککەوتەی هانا کە داخۆم ئێستا چەندە چاوەڕوانی هەواڵی گەیشتنەجێی کچ و نەوەکانیانن؟ لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا تەنێ دایکوبابی هانا هاتبوونە سەردانیان. منداڵەکان لەلای ئەوان باش دەحاوانەوە و ئەو چەند جارە کە نەنک و باپیرەیان دیبوو، هەستیان دەکرد هەموو دنیا هی ئەوانە. بەڵام خسوو و خەزوورانیشی پیر ببوون و بەرەو پەککەوتەبوون دەچوون. هێندە پیر ببوون کە نە بۆ ئەوە دەبوون منداڵەکانی بەوان بسپێرێ و نە ئەوەش کە بەرگەی دیتنی تەرمی تاقانەکەیان بگرن.

«ئەگەر بمگرن و ڕادەستم بکەنەوە، ناکرێ حیساب لەسەر ئەوە بکەم خسوو و خەزوورم ئەو دوو وردەیان پێ دەحاوێتەوە. ئەرێ، دەبێ هەموو شتێک بکەم ڕادەست نەکرێمەوە، دەبێ هەموو کارێک بکەم ئەم منداڵانە بگەیەنمە جێیەکی دڵنیا. دەڵێن لە ئەورووپا مافی منداڵ پارێزراوە، تۆ بڵێی ئەگەر ئەم بەسەرهاتەیان بۆ بگێڕمەوە بەزەییان بەو منداڵە وردانەدا نەیەتەوە و نەڵێن، باشە ئەم منداڵانە چ تاوانێکیان کردووە کە تووشی ئەم هەموو چەرمەسەری و تاڵییە بوون؟! تۆ بڵێی بیر لەوە نەکەنەوە ژیانێکی ئاسایی بۆ ئەو منداڵانە دابین بێ. دەی کەوایە، هەموو شتێکیان بۆ باس دەکەم. هەموو شتێک. بەڵام کێ دەڵێ باوەڕم پێ دەکەن؟ دەترسم باوەڕ نەکەن دەڵێم چی. دەترسم هێندەیان بەسەرهاتی وا بیستبێ کە هەر گوێشم لێ نەگرن و وەبزانن شتێکی ساختەیە. دەزانم بەسەرهاتی

لەمجۆرەیان زۆر بیستووە، دەزانم. ڕۆژ نییە نەبیستن پەنابەری کورد لە تورکیە تووشی هەڵاوارتن دەبن! بە هەزاران پەنابەری کورد لە سنووری بێلاڕووس و پۆڵەند ماونەتەوە! بەلەمی پەنابەران بە گشت سەرنشینەکانییەوە لە دەریای ئینجەدا نوقم بوو! هەزاران پەنابەر لە کەمپی کالێی فەڕانسە بێ چارەنووس ماونەوە! ڕۆژانە هەواڵی ناخۆش لەسەر چارەنووسی پەنابەران دێنە سەر شاشەی تەلەفوون و تەلەفزیۆنەکان و خێرا لەبەر چاوان ون دەبن. هەر بەو خێراییەش هەواڵەکان لەبیر دەچنەوە. ئیتر هێندەیان هەواڵی وا بیستووە کە ڕەنگە خوویان پێ گرتبێ. ئەرێ، ئەوانیش وەک ئێمە، وەک هەموومان، خووگرتەی هەواڵەکان بوون. هەمووومان، هەرکات هەواڵە ناخۆشەکان دەبیستین، بەبێ ئەوەی لە دەست خۆماندا بێ، هەر وەک هەواڵێک لێیان تێدەپەڕین و بەس. وەک هەواڵێکی ئاسایی کە دڵمان ڕاناچڵەکێنێ، کە ناخمان هەڵناتەکێنێ، کە هەستەکانمان لەخەو ڕاناپەڕێنێ و بەڵکە بۆ دەربڕینی هەستی هاوخەمی و ئینسانیی خۆمان ئاخ و ئۆفێک هەڵدەکێشین، کەچی نەوەک کاریگەری خراپی لەسەر دڵ و دەروونمان هەبێ، هەوڵ دەدەین بەزووترین کات هەواڵە پڕ لە کارەساتەکان لەبیر بکەین. زۆربەمان وامان لێ هاتووە، زۆربەمان. دەی کەواتە پێیان دەڵێم، چاوتان لێیە لە ڕاستیدا ئێمە هەمووومان لە یەک دەچین، کەچی هێندێک جیاوازی بچکۆڵە وەها لە یەکتری دابڕاندووین کە زۆر، زۆر، زۆرتر لەوەی بۆخۆمان پێمان وایە لێکی دوورخستووینەوە! کێ چووزانێ، ڕەنگە هەر کە بەسەرهاتی منیان بیست، تەنانەت

باوەڕیشم پێ نەکەن دەڵێم چی. دەی خۆ ئەگەر باوەڕیشم پێ نەکەن، ئەگەر بەسەرهاتەکەی من مووچڕکیش بە لەشیاندا نەهێنێ، نابێ من واز بێنم. پێداگرتر دەبم. دەنا نا، لێیان دەپاڕێمەوە، تکایان لەبەر دەکەم، داوایان لێ دەکەم لانیکەم وامان لەگەڵ نەکەن چارەنووسی منداڵەکان ڕەش بێ. لەبەر چارەنووسی منداڵەکانم هەرچی بڵێن دەیکەم، تەنانەت بە پێی خۆم دەگەڕێمەوە بەر دەستی پاسدارەکان. چ دەبێ، با ببێ! تەنیا ئەرخەیانم بکەنەوە لەوەی ژیانی منداڵەکانم پارێزراو دەبێ... تەکوو و تەکوو، چەندە کەسێکی ڕەشبینم، چەندە بیرەکانم قێزەونن! کێ چووزانێ، ڕەنگە باوەڕ بە قسەکانم بکەن و لە خۆم باشتر لێم تێبگەن و هاوکاریمان بکەن و ژیانمان پێ ببەخشنەوە! کێ چووزانێ، ڕەنگە بیستن و دیتنی ئەم هەموو بەسەرهات و نەهامەتییانەی بەسەر ئێمە هاتووە، بۆ ئەوان بووبێتە ئەزموون و لەوە تێگەیشتبن کە چەندە بەختەوەرن کە ئەوان ناچار نین وەک ئێمە ئەو هەموو تاڵییە بچێژن.»

وەک بلۆقی دڵی تەقا بێت، وەک کەسێک کە قسەی دڵی خۆی کردبێ و ئەوەی لە دڵیدا بووە ئیتر لەسەر لەشی بارگرانی نەکا، گەشبینتر لە پێشوو دڵی ڕوون بۆوە و بەبێ ئەوەی بە دەست خۆی بێ، هیوایەکی زۆری لە دڵ گەڕا. دیاکۆ وەها لە خەیاڵەوە چووبوو کە وەک هەموو شتێک لە ڕاستەقینەدا ڕوویدا بێ، زاری کردەوە و ڕوو لە شیرین کە زینی لە باوەش گرتبوو گوتی «دڵنیام لێمان تێدەگەن، دڵنیا یارمەتیمان دەدەن و ژیانمان باش دەبێ! شیرین، کچم، داهاتوویەکی گەش چاوەڕوانمانە. زین

مەگری. ئەگەر ئەو مەودا کورتەی ماومانە خێرا ببڕین، دەردەچین و ئیتر ڕزگارمان دەبێ!»

کچەکان هیچ وڵامێکیان نەدایەوە. زین وەک کەو کە سەر لە بەفر دەنێ، سەری لەنێو باخەڵی خوشکی ڕۆکرد. شیرین حەپەسا بوو و گوێی بۆ قسەکانی باوکی ڕاگرتبوو. تەقەی سەری دەهات و هیچ قسەیەکی باوکی بۆ نەدەچۆوە سەر یەک. کچەکان دەیانزانی هەڵسوکەوت و باری دەروونی باوکیان لە دوای خەوەکەی دایکیان وەک جاران نەماوە، بەڵام نەیاندەزانی هۆکاری ڕاستەقینەی ئەو گۆڕانە قووڵە چییە. هەڵسوکەوت و ئاکاری سەیروسەمەرەی دیاکۆ کەم نەبوو، وڕێنە و خەیاڵی سەیروسەمەرەشی هاتبووە سەر. دیاکۆ وەک لەبیری چووبێتەوە کە خەوی هانا وەخەبەرهاتنی نییە و هیچ سەرنجێکیشی نەدابێتە چاوە سەرسووڕماوەکانی شیرین، لە خەیاڵی خۆیدا بیری لەو داهاتووە دەکردەوە کە هەموویان پێکەوەن و هیچ ساتێکی ئەو داهاتووە بەختەوەرییەیان بەبێ هانا نەبوو. لەگەڵ هانا دەچوونە دەر، لەگەڵ هانا لەماڵەوە دەبوون، لەگەڵ هانا ژیانێکی ئارام و خۆش، سەفەر و سەردان و سەیران و لەگەڵ هانا تا کۆتایی ژیان پێکەوە دەژیان. دیاکۆ وەک نەزیلەیەکی* شیرین ئەو خەیاڵانەی لەسەریەک کردنەوە و لەبەرخۆیەوە دەیگوتنەوە. هێندە ڕوون لەگەڵ خۆی دەدوا کە شیرین بەڕوونی لە هەموو قسەکانی تێدەگەیشت.

* **نەزیلە:** ئەفسانە، سەربردە، بەسەرهات

شیرین پێی وابوو باوکی بەجارێک تێکچووە.

دیاکۆ شانە چکۆلەکانی شیرینی بەخۆیەوە گووشی و بەڵێنی گەیشتن بەو بەختەوەرییە تراویلکەیی و خیاڵییەیەی پێ دەدا کە لە زەینی ئەودا بەمزووانە پێی دەگەیشتن. بریسکەی گوارە بە چاوەزار نەخشاوەکانی هانا لەبەر شۆقی مانگدا گرێی لە هەودای خەیاڵەکانی خست. چاوی خزایە سەر تەرمی هانا. وەک ئاوێکی ساردیان بە لەشیدا کردبێ، لەگەڵ هەناسەدەردانێکی قووڵ، شان و پیلی داهێزران.

گوێی لە دەنگی زین بوو کە دەیگوت برسییەتی. پێویست بوو شتێک بخۆن. بە دەست خۆی نەبوو، بیری هانا و بیرەوەرییەکانی کەوتەوە. دوایین بیرەوەری هانای هاتەوە بیر. دوێنێ ئێوارە ئەم دەمانە، هانا لە بن دارێکی وەک ئەم دارە دانیشتبوو کە ئێستا تەرمی خۆی لە بن ڕاخرابوو، بەرهەڵبێنەیەکی ڕاخستبوو. سێ هەناری سووری لە جانتاکە دەرهێنابوون و بە بزەیەکی خۆشەوە هەنارەکانی قەڵشتن و وەک چۆن مەلێک خواردن بە زاری بێچووەکانییەوە دەکا، دەنکەهەنارەکانی بە زاری منداڵەکانییەوە دەکرد. هانا ئەو هەنارانەی لەو باخە لێکردبوونەوە کە دوێنێ دەمەونیوەڕۆ بە تەنیشتیدا تێپەڕین.

بە مێشکیدا هات منداڵەکان بەجێ بێڵێ. بە زەینیدا هات بەڵکوو تووشی بێستانێک یان شتێک بێ و هێندێک خواردن لەگەڵ خۆی بێنێتەوە. تەنانەت بیری لەوەش کردەوە کە هیچ دوور نییە ئەوان لەسەر ڕێیەکی لاڕێ بن و هەر چەند شەقاو

ئەولاتر ئاوەدانییەکیان لێ دەربکەوێ. خەریک بوو بە زاری دا بێ و بڵێ «گوڵەکانم تاوێک لەلای دایکتان دانیشن. من تا هۆوێ دەڕۆم و دێمەوە. زۆرم پێ ناچێ، مەترسن. چاوم لێتانە. چاوەڕێ بکەن، زوو دەڕۆم و دەگەڕێمەوە.» بەڵام زمانی گۆی نەکرد. زمانی نەسووڕا. ترسا. نەوەک نەتوانێ بگاتە ئاوەدانییەک، نەوەک تووشی بێستان یان کەسێک نەبێ و، نەوەک نەتوانێ هیچ لەگەڵ خۆی بێنێتەوە. دەنگێک لە گوێیدا دەزرینگایەوە « نا، کاری وا نابێ. منداڵەکان زۆر لەوە وردترن بەجێیان بێڵی. دوو منداڵی ورد بەم نیوەشەوە و لەسەر تەرمێک! نا، شتی وا نابێ، دنیا هەزار شتە. کێ دەڵێ تا دەگەڕێیەوە...». دواجار گوتی:

«کچی خۆم تاوێک پشوو بدەن. تاوێکی تر ڕێ دەکەوینەوە.»

سەری قومقومەکەی کردەوە. قومێک ئاوی تێدا مابوو.

«تینووتان نییە؟»

بێدەنگ بوون. هەرسێکیان بێدەنگ بوون. زین لە باوەشی شیریندا خەو بردییەوە.

خەوی زینی کردە بیانوو تا ئەویش تاوێک پشوو بدا. ئەم دوو شەوەی دوایی تێر بە چاوی خۆی نەخەوتبوو. لەو شەوەوە کە خۆیان لە دەست جەندرمەکان ڕزگار کرد، ئیتر دیاکۆ بڕیاری دا تا گەیشتنە جێ، شەوانە نەخەوێ. خەوی ڕۆژانە بۆ ئەو هەر ساعەتێکی بە دووان بوو. شەوی ڕابردوو هێندە هیلاک بوو، تا بەرەبەیانی وەنەوزی دان. هەر کە هانا لە خەو هەستا، ڕاکشا و خەوت. تا ڕۆژ گەرم داهات، لەسەر هەست خەوت. بە دەنگی هانا لە خەو ڕاپەڕا کە هاواری دڵی بوو. دەیگوت دڵەکوتەیەتی.

داوای لە هانا کرد پشوو بدا، بەهێز بێ و بیر لە هیچ نەکاتەوە. ویستی بخەوێتەوە، بەڵام هانا هەمدیسان لە شانی کوتا و گوتی، سەردڵی دێشێ. خەو لە چاوی دیاکۆ زڕا. هەستا. هانا ژانی هەبوو. نیگەران و پەشۆکاو بوو. باوەشی بە دیاکۆدا کرد و بە گوێیدا چرپاندی «باوەشم بکە، دڵەکوتەمە، دڵەڕاوکێمە، دڵم توونده، سەردڵم ژان دەکا!» هانا لەو شەوەوە کە لەو هەڵدێرەی گڵەنەرمەکەوە هەڵدێرانەخوار، سەردڵی دێشا.

تەواوی ئەو ڕۆژە دیاکۆ خەواڵوو بوو. ماندوو و جاڕز بوو. بەرەبەری ئێوارە هەموو شتێک وەرسووڕا. دڵەکوتەی هانا زۆرتر لەوەی بەیانی بوو. لەسەر داوای هانا ویستیان پشوویەکی کورت بدەن. هانا لەسەر پشت ڕاکشا. هەناسەی سوار ببوو. لرخەلرخی پێ کەوت. چنگی لە زەوی نا و گژ و گیای ڕنی. ساتێک دواتر، ئیتر هانا خەوت و دیاکۆ تا هەنووکە لە کۆڵی کرد.

دیاکۆ بە کۆڵکردنی هانا، بە قەدرا هەموو ئەو سێ ڕۆژە لە مێشک و لەشدا ماندوو ببوو. چاوی هەڵگلۆفین. نەیدەویست خەوی لێ بکەوێ. هەموو هەوڵی ئەوە بوو زوو دەرچن و بگەنە جێ. چووە تەنیشت شیرین، دانیشت و زینی ڕاکشاند. جامەدانەکەی بەسەردا دا. دەستێکی بەسەری شیریندا هێنا. شیرین دڵی پڕ بوو و لە باوەشی باوکیدا گریا. بێدەنگ بوو. دواجار بێدەنگی شکاند. ئاهەنگێکی گەرم و هاوڕێیانە لە دەنگیدا بوو. وەک دوو هاوڕێ کە گرێی نهێنییەکی نێوانیان بترازێنێ، ڕووی لە باوکی کرد و پرسی:

«باوکە، هەر بەڕاست دایکم زیندووە؟»

شێوەی دەربڕینی وابوو کە دیاکۆ نەیتوانی خۆ لە وڵامدانەوەی بدزێتەوە. دیاکۆ دەیزانی کە هەودای نهێنییەکەی پساوە و لەوە زیاتر ڕاگرتنی بێسوودە. دەیزانی، ئەگەر ئێستاش نەبێ، دواتر و کاتێک منداڵەکانی گەورە بوون، زۆرجاری دیکە ئەو پرسیارەی لێ دەکەنەوە. دەیزانی کە ڕەنگبوو هەرکات باوکیان تەنیا بێ، یان دەورووبەریان چۆڵ بێ، یان هەموو کاتێک کە هەست بە جێی بەتاڵی دایکیان بکەن، داوا لە باوکیان دەکەن دایکیان بۆ بێنێتەوە. دیاکۆ دەیزانی لە کاتێکی وەهادا دەبێ لەگەڵ منداڵ ڕاستگۆ بێ. پێویستە منداڵ درەنگ و زوو، کەم یان زۆر، ڕاستی و ڕاستەقینەکان بزانێ، بەڵام نەیدەوێرا و دەترسا ئەگەر شتێک بڵێ هەستی شیرین بۆ هەتاهەتایە بریندار بێ. ویستی شتێک بڵێ کە هەم ڕاست بێ و هەم هەستی شیرینیشی لەبەرچاو بێ. لەسەرەخۆ و دڵگران وڵامی دایەوە.

«نازانم. نا. دڵنیا نیم!»

لە دەربڕینی پیتەکانی کۆتاییدا دەنگی گۆڕا. دەنگی لەرزا. دەنگی زڕا. ئیتر چاوەکانی خۆڕاگر نەبوون و فرمێسکیان وەراند. ویستی توندتر لە جاری پێشوو شیرین لە ئامێز بگرێ، بەڵام شیرین خۆی ڕاپچڵەکاند. هەستایە سەر پێ و پێی لە زەوی چەقاند. لە جێی خۆیەوە ئاوڕێکی دایەوە و قووڵ لە چاوە شینە دەریائاساکانی باوکی ڕاما کە شەپۆلی فرمێسکیان تێکەڕابوو. دڵی پڕ بوو. کەوتە سەر تەرمی دایکی. لەسەر تەرمی دایکی گریا. گریا و گریا.

شیرین، شینی دەگێڕا. شینگێڕانێک کە ئاوازی فانی و مووڕ و چەمەری[١٤] بیری دیاکۆ دەخستەوە. شیرین وەها دەگریا دەتگوت بەتەمایە حەوت ڕۆژی تر و تا گەیاندنی نزای خۆی بۆ حەوتەوانەی ئاسمان لە شینگێڕان بەردەوام بێ. لە باوەڕی دیاکۆدا، شینی شیرین لە چەشنی ئەو شینگێڕانە دەچوو کە ڕوویان لە ڕۆژ دەکرد و سکاڵایان لەسەر خوای مەرگ بۆ خوای ڕۆژ دەنارد. دیاکۆ لە خەیاڵەوە چوو و دیسان ئەم شینگێڕانەی لەگەڵ باوەڕەکەی خۆی لێک گرێدا. لە زەینی ئەودا، ئەم شینگێڕانە لە شینگێڕان بۆ مردنی کەسێک دەچوو کە لە زەمانی زوودا لە خواوەندی با دەکرا:

«هۆ خودای با، پەروەردگار ڤەی، سووڕێنەری هەرد، خوای مان و نەمان، خوای خولقێنەر و مەرگ، شین بۆ کۆچی هانا دەگێڕم، بۆ کۆچی دایکم، بۆ خواژنی ژیانم دەگریم، بەڵکوو کۆچەکەی دوابخەی، هۆ خواوەند ڤەی، ئاااى خودای با، وااای خودایە، بۆ دایکم، بۆ هانا دەگریم...»[١٥]

لەنەکاو بیرێکی ترسنۆکانە زەینی دیاکۆی تەزاند، بیرێکی چەپەڵ و ترسناک، بیرۆکەیەکی نەفرەتی! سەرنجێکی خستە سەر شاڵەکەی ژێر تەرمی هانا. شاڵەکە هێندە درێژ بوو کە دیاکۆ وەک پشتوێندێکی باریک و درێژ لە خۆی دەبەست. دیاکۆ لەسەر چنگان بەرەو تەرمەکە چوو. ئەو شێوە ڕۆیشتنە بۆ شیرین دیمەنێکی ترسناک بوو. شیرین ڕاسا. دوورتر لە تەرمەکە ڕاوەستا. سەرنجێکی ورد و پڕ لە ترسی خستە سەر باوکی. دیاکۆ ئاوڕێکی لە شیرین دایەوە. بۆ ساتێک لە جێی خۆی نەبزووت. بیری

دەکردەوە، بیرکردنەوەیەکی قووڵ. شاڵەکەی بەسەر هانادا ڕاخست. بە ئەوکێکی پڕ لە گریانەوە گوتی:

«کچم باشترە سەیری نەکەی. پشوو بدە. تاوێکی تر وەڕێ دەکەوینەوە.»

«من نایەم، لێرە دەبم، لەلای دایکم دەبم!» هەنیسکی دەدان.

«دایکیشت لەگەڵ خۆمان دەبەین، بەبێ ئەو بۆ هیچ کوێ ناڕۆین. هەمووومان پێکەوە دەڕۆین.»

شیرین وڵامی نەدایەوە. دیاکۆ جارێکی دیکەش لەبەرخۆیەوە دووپاتەی کردەوە «هەمووومان پێکەوە دەڕۆین».

بێدەنگییەکی قورس زاڵ بوو. تەنانەت مەل و پەلەوەرەکانیش لە جرپوە کەوتبوون. دیاکۆ زۆر هۆگری ئارامی و تاریکی و بێدەنگی بوو، بەڵام ئەم بێدەنگییە هێندە قورس بوو کە ئازاری دەدا. ئەم بێدەنگییە لەو بێدەنگییانە نەبوو کە مرۆڤ تێیدا هەست بە ئاسوودەیی بکا. پێی خۆش بوو شتێک بڵێ، دەیەویست بێدەنگی بشکێنێ. ویستی سەری قسە بکاتەوە، بەڵام شیرین ڕووی وەرگێڕابوو و چاوی لەسەر یەک دانابوون. تۆزێک هێور ببۆوە. لەم هێورییەدا، شەپۆلی خەم هەنیسکی پێ دەدا. لەگەڵ هەر هەنیسکێک دڵی دیاکۆ هەڵدەقەندرا.

دیاکۆ ئەژنۆی لە کۆش گرتن. سەری خستە ناوەندی دوو کەڵکەئەژنۆی و سەیری شیرینی دەکرد کە فرمێسکی دەوەراند. شیرین بەرەو تەرمی دایکی گەڕایەوە و سەری کردە سەر سینگی. تاوێک دواتر چاوی لەسەر یەک دانان. نەخەوتبوو، تەنیا پێی

خۆش بوو تارمایی دایکی لە پێش چاوی نەڕەوێتەوە. شیرین بیری لە دوایین ساتەکانی خۆی و دایکی دەکردوە و هەموو ئەو دیمەنانەی دەهێنایەوە پێش چاوی. ئەو دڵگران بوو، دڵگران. برینێکی کاریگەر، کاریگەرتر لە هەر زامێک لەسەر دڵی بوو.

دیاکۆ هەوڵی دا وردتر بیر بکاتەوە. دەیەویست بەسەر هەستەکانیدا زاڵ بێ. دەبوو هەرچۆنێک بووە خێرا دەست بەکار بێتەوە و ڕێگایەک بدۆزێتەوە. ئەم بێدەنگییە، ئەم ماتەڵبوون و دانیشتنە وەدرەنگی دەخست. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا وەک جادووی لێ کرابێ لە جێی خۆی نەبزووت. پێی باش بوو لێگەڕێ منداڵەکان پشوویەک بدەن و ئەویش دەرفەتی هەبێ باشتر بیر بکاتەوە.

شیرین چاوی هەڵێنابوون. باوکی وەک کەسێکی کڵۆڵ و داماو هاتە پێش چاو. وەک کەسێک کە خەریکی قوڕپێوانە. وەک کەسێک کە باری خەمێکی قورسی لەسەر شانە و بەرگەی ناگرێ. وەک کەسێک کە نازانێ چۆن لە دۆخێکی جەهەننەمی دەرباز بێ و لەو کاتەدا پێویستی بە دەستی یارمەتی بێ. ویستی دەستی باوکی بگرێ، بەڵام لە جیاتی ئەوە سەری کردەوە سەر سینگی دایکی. تووند دەستی دایکی گوشی.

تاوێک تێپەڕی. دیاکۆ لەبەرخۆیەوە بۆڵاندی «کارەکە زۆر ساکارە، نابێ مل بدەم. نابێ واز بێنم. دەبێ هەتا زووە خۆمان بگەیێنینە شوێنێک. لەوە زیاتر هەرچی بە زەینم دەگا، هەمووی هەر بیری ڕەش و خراپە و بەس. نابێ بە قسەی نەفسی خراپ بکەم، نابێ هەڵخەڵەتێم. ئەو منداڵانە چاویان لە منە. ئەو ژنە

داماوە کڵۆڵە قەت خۆشی لەخۆنەدیوەش چاوی لە منە. هەر نەبێ تەرمەکەی بنێرمەوە زێدی خۆی و لە گۆڕستانێکی نیشتیمان، لە گۆڕستانێکی ئاوەداندا بنێژرێ!» هەمدیسان وەک سەرکۆنەی بیرکردنەوە چەوتەکانی خۆی لەمەڕ ناشتنی تەرمی هاوسەرەکەی بکا لەبەرخۆیەوە برماندی کە کوا ئەم دەشت و بەندەن و تەلان و چۆڵەوانییە گۆڕستانێکی وای تێ دەبێ تەرمی هانای تێدا بحاوێتەوە؟!

بەوەدا کە پێی وابوو سەبارەت بە ناشتنی تەرمی هاوسەرەکی بڕیارێکی دروستی داوە، هەستی بەهێزبوون لە ناخیدا بووژایەوە. هەستی کرد دەتوانێ باشتر بیر بکاتەوە. دەستی خستە سەر سەری شیرین. قامکی بە ناو پرچە نەرمەکانیدا ڕاخستن. سەری شیرین وەک زیندەوەرێکی بچکۆلە و بێ ئازار تینی دەخزاندە ناو بەرەدەستی دیاکۆوە. لەسەرەخۆ پرسی:

«کچم خەوتووی؟»

شیرین سەری ڕاتڵەکاند. وڵامی باوکی نەدایەوە. ئەو دەیزانی ئەگەر جاران بووایە، وڵامنەدانەوەی باوکی تووڕەبوونی بەدوادا دەهات، بەڵام ئەمجارە جیاواز بوو. نە ئەو هێزی وڵامی هەبوو و، نە دیاکۆ دەیتوانی وەک جاران لەسەری تووند بێ. ئێستا ئیدی هەموو شتێک جیاواز بوو، هەموو شتێک.

«باشە کچم، سەر لەسەر سینگی دایکت هەڵگرە. وەرە لەلای خۆم پشوو بدە. نابێ بێڵین شەومان لێ درەنگ بێ. دەبێ زوو وەخۆ بکەوین و بڕۆین... »

لەوە زیاتر هیچی نەگوت. هەردووکیان لە تەنیشت زین ڕاکشان.

تاوێک دواتر دیاکۆ چاوی چوونە خەو.

ماوەیەکی کورت دوای ئەوەی دیاکۆ خەوی لێ کەوت، شیرین بە دەرفەتی زانی و پێدزکێ خۆی گەیاندەوە سەر تەرمی دایکی. هێشتا نەگەیشتبووە لای تەرمەکە کە گوێی لە وڕێنەی باوکی بوو لە خەودا. ڕاچڵەکی. وەیزانی لەگەڵ ئەویەتی. گەڕایەوە و بەرەو زین چوو. تووند دەستی خوشکە بچکۆلانەکەی ڕاکێشا تا لە مەترسی بیپارێزێ. زینی لە بن باخەڵی باوکی ڕاپچڵەکاند. دیاکۆ وەک لە خەوێکی قورس و ناخۆش ڕایانپەڕاندبێ، ڕاچڵەکا و لە جێی خۆی دانیشت و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. دەنگی هەناسەکەی هێندە بەرز بوو کە منداڵەکان ترسان. دیمەنەکە ئەو ساتەوەختەی بیری منداڵەکان دەهێنایەوە کە دایکیان بۆ دواجار هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو. زیقاندیان.

دیاکۆ سەری لە گێژەوە دەهات. هەناسەی سوار بوو. پەشۆکاوانە گوتی:

«چی بووە، چی؟! کچم مەترسن، مە. خەوم دی! شکوور خەون بوو، خەون.»

دەستێکی بە سەروچاوی خۆیدا هێنا و ڕوو لە کچەکان وتی:

«کچم مەترسن، مە. خەریکە شەومان بەسەردا دێ، با وەڕێ بکەوین. با بڕۆین...»

چاوی هەڵگلۆفین. شیشەی ساعەتەکەی وەرسووڕاند و ڕوو لە ئاسمان ڕایگرت. هیچی نەدی، بەڵام بە شکی خۆی کاتژمێر لە هەشتی ئێوارە لایدابوو. دەستی برد بۆ پشتوێندەکەی ژێر تەرمەکە. تەرمەکەی هەڵکێشا و پاڵی بە دارەکەوە دا. داوای لە شیرین کرد دەست بە شانێکی دایکییەوە بگرێ تا نەکەوێ. پشتاوپشت لەبەردەم تەرمەکەدا دانیشت. دوو لۆی پشتوێنەکەی ئەملاولا پێ کرد و ڕوو لە شیرین درێژەی دا «ئەمسەراوسەری پشتوێندەکەم بدەوە.» چەند جارێکی دیکەش پشتوێندەکەی لە خۆی و تەرمەکە هاڵاند. لە کۆتاییدا قوڵفوبەندێکی قاییمی لێدا و بە هەموو هێزی هەستایە سەر چۆکان. ڕوو لە منداڵەکانی دوا:

«دەی گوڵەکانم، دەی بەقوربان. ئەو شمشاڵ و کۆڵەپشتییەم بۆ بێنن! بە دوامدا وەرن. دەستی یەک بگرن. مەترسن. ئێستا دەگەینێ، زۆرمان نەماوە، تاوێکی تر دەگەینێ!»

پۆلێک پەلەوەر لەسەر دارەکەی ژوورسەریان هەڵفرین. جریوە و شەققەی باڵیان گوێی کەڕ دەکرد. شیرین زیقاندی. زین دەلەرزی. کە دیتیان باوکیان لێبڕاوانە داوایان لێ دەکا تا بەدوایدا بڕۆن و نەترسن، هەنگاویان هەڵێنا و دەست لە دەستی یەکتری بە دوای دیاکۆدا کەوتنە ڕێ.

هێشتا چەند شەقاوێک دوور نەکەوتبوونەوە کە زین پرسی چەندیان ماوە بگەنە جێ.

«کچم زۆرمان نەماوە. تۆزێک، تۆزێکی تر. تاوێکی تر دەگەینێ!»

زین دڵخۆش لەوە کە چیتر ناچار نابێ لە کەژ و کێوان شەو ڕۆژ بکاتەوە، خۆی گەیاندە نزیک باوکی و پرسی:

«بابە دایکم بۆ خەوتووە؟»

«ماندووە کچم، ماندوو بووە!» چاوێکی لە شیرین کرد. نێوچاوانی تێک نابوو. دیاکۆ درێژەی دا «هەموومان ڕۆژێک لە ڕۆژان ماندوو دەبین و دەخەوین.»

کەس لەوە زیاتر هیچی نەگوت. زین و شیرین دەستی یەکتریان گرتبوو و بەو کوێرە ڕێگایەدا دەڕۆیشتن کە چاوساغەکەشیان نەیدەزانی بەرەو کوێ دەچێ.

**بە** تەنیشت چەند تەپۆلکێکدا تێپەڕین. خوڕەی ئاو دەهات. گەیشتنە سەر جۆگەلە ئاوێک کە جووتیاری ئەو ناوچەیە هەڵیانبەستبوو. دیاکۆ داوای لە منداڵەکان کرد قومقوومەی ئاوەکە پڕ بکەن و بۆخۆشیان تێر ئاو بخۆنەوە. هەروا بە پێوە چەند قومێکی لە قومقوومەکە دا. لەگەڵ ئاوخواردنەوە سەرنجی بۆ لای مانگ چوو. ڕووناکایی کەوتە دڵی و لە دڵەوە سپاسی

ئاناهیتای کرد. داوای کرد قومقوومەکە پڕ بکەنەوە. بە خۆی گوت «ڕەنگبێ ئاوەدانییەک لەم نزیکانە بێ!» هەنگاوەکانی خێراتر کرد. مەچەکی هانای توووند لەسەر سینگی خۆی وێک هێنا و سەراولێژ داپەڕی. ترووسکاییەک لە دوورەوە دەرکەوت. لەوبەری شاخەکان، لە پشت پێچی جاددەیەکەوە، هێندێک چرا چاویان دادەگرت. بە دەنگێکی ڕوون بە کچەکانی گوت:

«ئەوەتا کچەکانم! چاو لەوبەر بکەن! ئیتر تەواو، گەیشتین! ڕاکەن کچم، ڕاکەن گوڵەکانم، ئەوە گەیشتینێ.»

وێڕای ئەوە کە خێرا دەدوا هەنگاوەکانیشی توووندتر بوون. ئیتر هانا لەسەر کۆڵی سووکتر دەینواند. تروسکەی هیوای یارمەتی وەرگرتن لە ئاوەدانییەکە دڵگەرمی کردبوون. گەیشتنە سەر جادە. قیرەتاوی کۆن و گڵی سەر جاددە باریک و کۆنەکە تێکەڵ بە یەک ببوون. ڕێگایەکی هێندە پڕ چاڵ و چۆڵ بوو کە دیاکۆ دڵکرمێ بوو لەوە کە ئەو جاددەیە بچێتەوە سەر ئاوەدانییەک. لە خۆی پرسی «ئەوە چ ئاوەدانییەکە کە ئەمە ڕێگاوبانییەتی؟ بڵێی بەهەڵە نەچووبم؟»

دیاکۆ دڵگەرم بوو و کچەکانی هان دەدا تا خێراتر هەنگاو هەڵێنن. فڕەفڕی تەراکتۆرێک لە دوورەوە هات. خۆی گەیاندە قەراخ جاددەکە. سەیری کرد لە قووڵایی ئەو دۆڵەدا جاددەیەکی پانوبەرینی تر شان بە شانی ئەو جاددەیەی ئەوان پێیدا دەڕۆیشتن چیا و خەرەندەکانی دڕیبوو. بەخۆی گوت «وادیارە ئەو جاددەیەی خوارەوە ئاوەدانە و ئەمەی ئێمە لاڕێیە.» بە زەینیدا هات ڕێگا بگۆڕێ و خۆ بگەیەننە جاددەکەی خواروتر،

بەڵام هیچ ڕێگا و ناوبڕێکی نەهاتە پێش چاو. بۆیەش هەر لە جێی خۆی ڕاوەستا و هاواری کرد:

«هۆۆۆی، کاکی تەراکتۆرچی... هۆۆۆی تەراکتۆرچی، فریامان بکەون، بە هانامانەوە وەرن، هۆۆۆی...»

دەنگی تەراکتۆرەکە دوور کەوتەوە. جارێکی دیکەش هاواری کرد. دیسانەکە هەوڵی خۆی دایەوە و دەنگی هەڵێنایەوە. تەراکتۆرەکە لە چاوان ون بوو. هەرچەند بە ئەستەم دەنگی تەراکتۆرەکە دەبیسترا، بەڵام ئەو لە هاوارکردن نەوەستابوو:

«هۆۆۆی کاکە، هۆۆۆی دادە، هۆۆۆی تەراکتۆرچی، هۆۆۆی خەڵکی نا، هانامان بۆ هێناون، هانامان بدەن...»

تەنیا چیاکان وڵامیان دایەوە.

هەڵەشە بوو. تەرمێک بە کۆڵەوە و دەستولاق تێکهاڵاتوو بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بەرەو جاددەکەی خوارەوە وەخۆکەوتەوە. ویستی قەدبڕێک لێ بدات و بەرەو ئەو جاددەیە داپەڕێتەخوار کە تراکتۆرەکەی قووت دا، بەڵام کەلەبەر و ڕێگایەکی وای نەدۆزییەوە کە بتوانن پێیدا بڕۆنە خوار. منداڵەکان سەرلێشێواوانە و بەبێ ئەوەی بزانن باوکیان لە چی دەگەڕێ، هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵی دەهاتن و دەچوون. جارێک دەچوونە سەر لێواری جاددەکە و دەگەڕانەوە و جارێک ڕادەوەستان و لە دەورووبەریان دەڕوانی. دەتگوت سێبەری دانەبڕاوی دیاکۆن. دواجار دیاکۆ وەک لە بڕیارەکەی سارد بووبێتەوە، لە جێی خۆی ڕاوەستا. پێی باش بوو، بەو هیوایە لە

جێیەک ڕێگاکان یەک بگرنەوە، بە دەم جاددەکە و بەرەو ڕووناکییەکە بڕۆن.

منداڵەکان هێندە دڵگەرمبوون کە ئیتر پێویستییان بە دەنگدان نەبوو. بە دەم ڕێگاوە بیری لە خەونەکەی دەکردەوە. لۆمەی خۆی کرد «ئەگەر هێندەم بیری خراپ و ناخۆش نەکردبایەوە، کوا خەوم بەوەوە دەبینی کە جەندەرمە ڕادەستی ئێرانمان دەکەنەوە و بە بەرچاوی کەسوکار و خەڵکەوە لە نێوەڕاستی شاردا لەسێدارەمان دەدەن.»

لە ناخی دڵەوە ئارەزووی دەکرد هانا وەک لە خەوەکەیدا زیندوو بوو، زیندوو بێتەوە و بە پەتی سێدارە پێبکەنێ و گاڵتەی بە مردن بێ.

بڕیاری دا ئیتر لەمەودوا ئەوەندەی بۆی دەکرێ بیری خراپ نەکاتەوە. بەخۆی گوت «من کە ئێستا خەمناکترین مرۆی ئەم جیهانەم، من کە هەر ئێستا تەرمی هاوسەرەکەم لە کۆڵمە، هاوسەرێک کە بۆ من بارتەقای هەموو دنیا گرینگ و خۆشەویست بوو. من کە نازانم ئەگەر بەسەرهاتی خۆم بۆ هەر کەسێک بگێڕمەوە لە ژانی برینەکانم تێدەگا یان نا. من کە هیچ کەس و هیچ شتێک هاوژان و ئارامیی بۆ خەمەکانم نییە، ئیتر ڕەشبینیم لە چییە؟ دەبا لەبەر ئەو دوو منداڵەش بێ، واز لە ڕەشبینی بێنم و وا لە خۆ نەکەم کە ئەو منداڵە زەڕنەقووتانەش لێم بێ هیوا بن.»

بەرەو ڕووناکی چراکان هەنگاویان دەنا. ترووسکایی چراکان جاروبار لە پشت گەڵای دارەکانەوە خۆیان دەدزییەوە.

هەرسێکیان دڵخۆش بوون کە دەگەنە ئەو چرایانە و یارمەتی وەردەگرن و کۆتایی بەم ڕێگا دووردرێژە دێ.

زین بۆڵاندی کە هێزی ڕۆیشتنی نەماوە. لە جێی خۆی دانیشت. دیاکۆ هیچ گلەیی نەکرد. بە ئارامی تەرمەکەی دانا و دانیشت. لەو جێیەوە چراکان دیار نەبوون. هەستایە سەر پێ و وەک کەسێکی دوودڵ لەسەر بەردێک ڕاوەستا. ملی درێژ کرد و قیت، لەسەر نووکی پەنجە ڕاوەستا. ئەرێ، چراکان هەروا بریسکەیان دەدایەوە. چراکان چاویان لە ڕێبواران دادەگرت. چراکان خەون نەبوون و ڕووناکییان دەخزاندە خەون و خەیاڵە ڕەشەکانەوە. تا چراکان دەئاییسان، تا چراکان ڕووناکییان دەبەخشی، تینی ژیلەمۆی هیواش لە دڵی ئەواندا لە هەڵکشاندا بوو.

«کچم، تاوێک دادەنیشین و وەڕێ دەکەوینەوە. ئەوە دەگەینێ، وەبزانە گەیشتین، زۆرمان نەماوە. چراکانمان لێ دیارن.»

«بابە دایکم زیندووە؟»

ویستی بڵێ هێندە مەپرسە، بەڵام هیچی نەگوت. بێدەنگی باشترین هەڵوێستی دیاکۆ بوو. لە خۆی پرسی «چی بکەم ئەگەر بێدەنگ نەبم؟ چی بڵێم؟ چیم هەیە بۆ گوتن؟ پێیان بڵێم دایکتان لەبەر هەڕەشەی گیران و ئازار و سێدارە بە ناچاری ڕێگای هەندەرانی گرتەبەر و لەو ڕێگایە دڵی لە لێدان کەوت؟ پێیان بڵێم دایکتان لە ڕێگای هەندەران لەبەر شەکەتی و ماندوویێتی، لە ژێر مەترسیی ڕادەستکردنەوە و سێدارە و هەزار دڵەڕاوکێی تر

دڵی ڕاوەستا؟ ئاخر بڵێم چی؟ بڵێم کچەکانم لە زێد و نیشتیمانی خۆمان ڕاونراین و دواجار وەک پەنابەر لەژێر چەتری یۆ.ئێن لە تورکیە گیرساینەوە. لەو بە قوڕێ گیراوەش، تەنانەت نەمانتوانی ناوی خۆمان و ئێوەش ئاشکرا بکەین، چونکە ناوەکان کوردی بوون. چونکە لە تورکیە بە کوردی قسەکردن تاوانە و دەوڵەت پێی وایە زمانی کوردی دوژمنی وڵاتەکەیانە! ئەرێ گوڵەکانم، ڕەنگە پێتان سەیر بێ و بڵێن ئاخر چۆن لە وڵاتێکدا بیست میلیۆن کورد دەژین و ناتوانن بە زمانی خۆیان بدوێن و تەنانەت بۆیان نییە بڵێن کوردن؟ ئەرێ، ئێمەش قەت نەمانتوانی بڵێین کوردین! چونکە لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان داگیر کردووە، کوردبوون تاوانبارییە. ئەوندی لە تورکیە ژیاین، نەمانوێرا بە کوردی بدوێین و بە ئێوەمان دەگوت ئەگەر لە قوتابخانە، لە کۆڵان، لە دەرەوەی ماڵ و لە هەرجێیەک کەسی نەناسراوی لێ بوو بە کوردی نەدوێن. پێمان دەگوتن ئەگەر لێیان پرسین خەڵکی کوێن، نەکەن بڵێن کوردین! نەڵێن خەڵکی کوردستانین. نا، هیچ نەڵێم باشترە. هەرچی بڵێم، هەر بێدەنگبوونم باشترە.»

زین وەک لە بیری چووبێتەوە کە مۆبایلەکانیان دوای ئەوەی لە چۆمەکەیان دا کوژابوونەوە، داوای مۆبایلەکەی باوکی کرد. دیاکۆ بیری خستەوە کە مۆبایلەکە بە هیچ هەڵنابێتەوە، بەڵام بۆ خافڵاندنی بیری زین دەستی بە جانتاکەدا گێڕا و پاوڕبانکەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا. کێ دەزانێ، ڕەنگە وەگەڕ بکەوێتەوە. ئەم هەوڵە هیوایەکی کرمۆڵی لە دڵی زین خزاند. زین لە باوکی نزیک بۆوە و بە وردی سەرنجی خستبووە سەر قامکەکانی دیاکۆ کە

سیمی مۆبایلەکەی لە پاوڕبانکەکە دەژەند. قامکی لەسەر دوگمەی پێکردنی مۆبایلەکە داگرت. نا، هیچ ڕووی نەدا.

دەنگی سەیارەیەک لە جاددەکەی خوارەوە هات. بەپەلە خۆیان گەیاندە سەر لێواری جاددەکە و هاواریان کرد. چراکانی ترۆمبێلەکە لە دوورەوە چاوبڕکێیان بوو. دیاکۆ ئاراوقارای لێ بڕابوو. بیری کردەوە بریا ئاورێکی کردباوە و چڵەدارێکی گڕگرتووی لە ڕێبوارەکان ڕاوەشاندبایە، بەڵام شەمچەکانیش لە ناو ئاوی چۆمەکەدا خووسابوون و ئیتر هەڵنەدەبوون. منداڵەکانیش وێڕای دیاکۆ لەسەر لێواری جاددەکە دەنگیان هەڵبڕی و هاواری یارمەتییان دەکرد. لە دوایین هاواریاندا، دەنگی شیرین لە دەنگی زین و باوکی ڕوونتر بوو:

«هۆی کاکە، هۆۆۆی، فریامان کەون، فریای دایکم بکەون، دایکم.... »

دڵی بەرایی نەدا بلێ چی بەسەر دایکی هاتووە. ئەوکی گیرا. گریا. ترۆمبێلەکە دوور کەوتەوە.

شیرین لە جێی خۆی دانیشت. زین باوەشی بەسەریدا کرد و دڵی دەدایەوە. دیاکۆ باوەشی پێدا کردن. چیتر نەیتوانی بەر بە گریانی بگرێ. بە ئارامی فرمێسکی ڕژانە خوار. بەڵام نا، ئەو بڕیاری دابوو بە هیچ شێوەیەک نابێ منداڵەکان فرمێسکی ببینن. لێوی خۆی گەست و هەوڵی دەدا گریانەکەی بخواتەوە، بەڵام لەو هەوڵەدا سەرکەوتوو نەبوو.

برینێکی قووڵ و کاریگەر کەوتبووە سەر دڵی دیاکۆ. هەستی کرد هیچ دەرمانێک ئەم برینەی پێ سارێژ نابێ. برینێک کە بێ

شک هەموو ماوەی ژیانی ئازاری دەدا. ئەو پرسیارە مێشکی دەکۆڵی کە دەبێ ژیان بە ژانێکی هێندە کاریگەرەوە چەندە بەژان بێ؟ بڕیارەکەی خۆی هاتەوە بیر و گەشبینانە وڵامی خۆی دایەوە «هەرچەندی ژان و ئازاریشت هەبێ، کەچی هێشتاش زۆر شت هەن کە دڵگەرمت دەکەن تا لە ژیان بەردەوام بی. ئەرێ، ڕاستە من ئەم هەموو خەمەم لە کۆڵە، ڕاستە ژیانم، هەموو دنیام لەدەست چوو، ئاخر هانا بۆ من هەموو دنیام بوو، هەموو دنیا نابێتەوە دایکی منداڵەکانم، بەڵام سەد هێندەی دیکەش خەفەتبار بم، نابێ شان بچەمێنم و خۆ بدۆڕێنم.»

شیرین دەستە بچکۆلەکانی لە لیکی کەواکەی باوکی گرێ دا و دڵخرۆشاوانە باوەشی بە ڕانیدا کرد. دیاربوو بەرامبەر بە باوکی هەستی بە دڵگرانی دەکرد. دڵگران بوو لەوەی وڵامی باوکی نەدابۆوە. ئەو دەیزانی لە ئاسمانی چارەنووسی ئەودا هەر تاکە ئەستێرەیەک ماوە.

دیاکۆ دەستی بەسەری کچەکانیدا هێنا. بەرەو تەرمەکەی هانا چوون و لە تەنیشتی دانیشتن. دەستی بۆ شمشاڵەکەی بردەوە. بەخۆی وت «ئێستا گیانی هانا لێرە و لەم دەوروبەرانە. سەیرمان دەکا و بە خۆی دەڵێ، با بزانم دیاکۆ چۆن ئەو منداڵانە دەپارێزێ! ڕەنگە وەک جاران چاوەڕوانی شمشاڵ و شێعر بێ. کێ دەزانێ، ڕەنگە ڕۆحی هانا لە جەستەی پیر و پیاوچاکێک، یان لە شمشاڵ و شتێکی پیرۆزدا لەدایک بێتەوە!» هەناسەیەکی هەڵکێشا. چاوێکی خستەوە سەر شمشاڵەکە. سیلەی چاوی بریسکەی دەدایەوە. ئەو سەیرکردنە، زاڵبوون و شارەزایی لە

شمشاڵژەنی لێ دەباری. شمشاڵەکەی بەرەو مانگ هەڵێنا و لە گەرووی شمشاڵەکەوە سەیری مانگی کرد. سەری بەردایەوە و سووکەفوویەکی پێدا کرد. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. وەک جاران کە لە هانای دەپرسی، هەر بەو لەبزەوە لە منداڵەکانی پرسی:

«شمشاڵێک لێدەم؟!»

هەردووکیان سەریان لەقاند.

قامکی لەسەر حەوت کونی شمشاڵەکە ڕێک کردن. دەستی دەلەرزین. بەڵکوو دڵەخورپەکەی دامرکێ، هەناسەیەکی قووڵی دەردا. شمشاڵەکەی لەسەر لایەکی لێوی دانا، لێوی لە دەوری شمشاڵەکە خڕ کردەوە. بەبێ ئەوەی لە دەست خۆیدا بێ، هەناسەیەکی توond، بە کڵپە لە لووتی هاتە دەر. هەناسەیەک کە زۆرتر لە ئاه و ناڵە دەچوو تا بین خواردنەوە. دەتگوت یەکەمجاریەتی شمشاڵ لێ دەدا. لە چاوە شینە پڕ لە چاوەڕوانییەکانی بەرامبەری ڕووانی. ئەوەی لەو چاوە ئاسمانی و کراوانە دەباری، چاوەڕوانی لە شمشاڵژەنی باوکیان بوو تا دایکیان بە دەنگی شمشاڵەکەی بەخەبەر بێنێ. ئەرێ، منداڵەکان بەو هیوایەوە سەرنجیان خستبووە سەر قامک و لێوی باوکیان، تا بەڵکوو دایکیان، خواژنی ژیانیان بۆ بگەڕێنێتەوە.

سەری هەڵبڕی. لە مانگی دەڕوانی. مانگ پڕ و خەرمانەی دابوو. جارێکی دیکە لە دڵیدا هانای بۆ مانگ بردەوە. خەمساردی دڵی بەر نەدەدا. ئەگەر جاران بووایە، شمشاڵەکەی لە تەنیشتێک دادەنا و ئیتر هەتا خۆی حەزی نەکردبایە، کەس نەیدەتوانی

ناچاری بکا شمشاڵ لێ بدات. بۆ ساتێک دەستبەردار بوو. شمشاڵەکە لە دەستیدا شل بوو. تەنانەت بە زەینیدا هات بە منداڵەکان بڵێ، نا، ناکرێ و ناتوانم شمشاڵ لێ بدەم، بەڵام هەر کە دیتی فرمێسکی هیوا لە چاوی هەردووکیاندا قەتیس ماوە، لێبڕاوانە بڕیاری دا باشترین ئاهەنگ لێ بدا.

جارێکی دیکە قامکەکانی لەسەر شمشاڵەکە ڕێک خستنەوە. هەناسەیەکی قووڵ، کەچی نائارامی هەڵکێشا. فوویەکی هێدی، هێورتر لەوەی کە کەس هەستی پێ بکا گەرووی دیاکۆ و شمشاڵەکەی لێک بەست. چاوی لەسەر یەک دانان. لە دڵی خۆیدا جارێکی تر پەنای بۆ خواژنی ئاو بردەوە «یا ئاناهیتا، نزای دڵە، تکایە لێم وەربگرە...» و لە چاوترووکانێکدا لە ناو دەنگی شمشاڵەکەیدا توایەوە. چووە ئەو ساتانەی کە هەموو گیانی دەبوو بە هەست و نەست، دەبووە شمشاڵ و شێعر. دەنگێکی ئارام و سێحراوی لە شمشاڵەکە هاتەدەر. دەنگێک کە لە دڵێکی بریندارەوە هەڵدەستا و لە دڵان دەنیشت. دەنگێک کە لە کانگای خەمێکی قووڵەوە هەڵدەقوڵا و ئاوازی چەمەری و فانی فانی و لاوکی بیر دێنایەوە. دەنگێکی هێندە ئەفسووناوی کە خەوتووی پێ ڕادەپەڕی و گیانی بەبەر بێگیاندا دەکرد.

ویستی لە ناو ئەو ئاهەنگانەی پێشتر بۆ هانای لێدابوو تایبەتیترینیان هەڵبژێرێ، بەڵام هیچی بە زەیندا نەهات. دەتگوت هەموو شتێک لە مێشکیدا سڕدراوەتەوە. لەشی گەرم داهاتبوو. مووی لەشی قرژ ببوون. دڵۆپێک ئارەقە لە لاملییەوە بە مۆرەغەی پشتیدا شۆڕاوکەی بەست و خووشیەخوار. تەزوویەک بە

سەرتاپای لەشیدا هات. دەنگێک وەک دەنگی هانا لە دڵیدا سەربردەی خۆی و دیاکۆی بە حەیران و لاوک دەهۆنییەوە.

ئیتر دیاکۆ نە خاوەنی قامک و قورگ و لێوەکانی بوو و نە خاوەنی هەست و هۆش. ئەو ئیتر ئاوازێک بوو لە دەنگێکی ئەفسووناویدا. مۆسیقایەک بوو کە گڕی لە دڵ بەردەدا و فرمێسکی لە چاو دەردێنا. نۆتێک بوو لەگەڵ هانا دەدوا و نزایەک بوو تا گیانی هەتاهەتایی بڕژێنێتەوە جەستەی هاناوە.

شیرین لە جێی خۆی وشک ببوو. لە دڵەوە گوێی لە شمشاڵەکە ڕاگرتبوو. زین سووکەئاوڕی لە تەرمی دایکی دەدانەوە.

خەوەکەی هانا، قووڵ و قورس بوو.

دیاکۆ تینی لە شمشاڵەکە کرد و سەرلەنوێ لە ئاوازی شەپۆل تێهەڵچۆوە و لە نێوەڕاستی ئاوازی مەم و زیندا بینێکی قووڵی خواردەوە و پاشان ئاوازەکانی خەج و سیامەند و شیرین و فەرهادی تێک کردنەوە. پیرەشمشاڵ ئاواز لەسەر ئاواز دەیناڵاند و لە دڵی خۆیدا بەیت و نەزیلەکانی دەگووتنەوە. دیاکۆ لە بەرەبەری کۆتایی ئاوازەکان بە هێوری هاتەوە سەرخۆ. سەرنجێکی خستەوە سەر تەرمی هانا و لە قووڵایی دڵەوە، دوایین ئاهەنگی شمشاڵەکەی بە پێخۆری شێعرێک هۆنییەوە کە وەختی خۆی هانا زۆری پێ خۆش بوو:

کام خواوەند خواوەندمە،

...

ئەوەتەی کۆچ هەیە، کۆچ ئەکەم
ئەوەتەی گڕ هەیە، ئەسووتێم
ئەوەتەی تیغ هەیە، قوربانیم
ئەوەتەی خاک هەیە، بێ خاکم
ئەوەتەی شاخ هەیە، من تلۆر دەبمەوە و
ئەوەتەی دار هەیە، لێ ئەدرێم...*

لەگەڵ دوایین هەناسەی سەری بەردایەوە. وەک شتێکی بەنرخ شمشاڵەکەی لەسەر کۆشی دانا. لەشسووک نەببوو. شمشاڵەکە نەک هەر برینەکانی سارێژ نەکردبوو، بەڵکوو بەژانتریشی کردبوون. هەستیار بوو. دەتگوت خوێیان بە شابرینیدا کردووە. دڵی پڕ بوو و فرمێسک لە چاویدا شەپۆلیان دەدا.

وەک داهۆڵێک لەسەر بەردەکە وشک ببوو و دەستی لەسەر شمشاڵەکە ڕووا بوو. بۆ چەند ساتێک لە جێی خۆی نەبزووت. قووڵ قووڵ چووبووە ناخی بیرکردنەوە. هەستی دەکرد هێستاش وەک پێویست، وەک ئەوەی بۆخۆی چاوەڕوانی دەکرد و لە ئاست شمشاڵەکەیدا بوو، نەیتوانیبوو لە دڵەوە شمشاڵ لێ بدا. هەستی بە بارگرانی دەکرد. هەستی کرد بەرامبەر بە خۆی و شمشاڵەکەی و تەرمی هانا و چاوەڕوانی منداڵەکانی کەمتەرخەم

---

*بەشێک لە ڕۆمانەشێعری خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ، شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠-٢٠١٣).

بووە. ویژدانی نارەحەت بوو. حەزی دەکرد ڕاشکاوانە دان بەوەدا بنێ کە دەیتوانی لەوەش باشتر شمشاڵ لێ بدا، بەڵام بۆی لێ نەدرا! بەڵام بۆی نەلوا، بۆی نەهات. بەڵام شمشاڵەکە خۆی بە دەستەوە نەدا و ئاوازەکان لە گەرووی تۆرا بوون. هەستی کرد پێویستە شتێک بڵێ. شتێک کە ئۆقرەی دڵی خۆی و منداڵەکانی بێ. کەچی هیچی بۆ نەگوترا. بۆخۆشی پێی باش بوو هیچ نەڵێ. ئەوکی پڕ بوو لە قسە. ویستی بڵێ کچەکانم، بریا چەند چرکەیەک دوای ئەوەی دایکتان خەوی لێ کەوت ئەم ئاهەنگەم لێ دابایە، بەڵام هەر زوو وڵامی خۆی دایەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی، «ئاخر کێ دەتوانێ دوای خەمێکی ئاوا قورس و گران شمشاڵ لێ بدات؟» نەیدەتوانی هیچ بڵێ. بیشیتوانیبایە، زاری گۆی نەدەکرد و هێزی دوانی نەبوو. ویژدانی بە دەست ئازارێکەوە دەینالاند. دەیەویست بڵێ من تاوانبارم. من لێگەڕام دایکتان بخەوێ. من نەمتوانی بەر بەو خەوە قورسە بگرم. من ئێوەم بێ دایک کرد، بەڵام ئەوکی گیرابوو و هیچی بۆ نەگوترا. دەست و پەنجەی لەگەڵ لێوی دەلەرزین. دڵی پڕ بوو. ترسا ئەگەر زار بکاتەوە، ئەگەر بخوازێ بدوێ، ئەگەر بیهەوێ قورس و قاییم قسەی دڵی بکا و گرێی دڵی بکاتەوە، دیارە ئەگەر هەستەکانی لێیگەڕابووایەن، بەشکوو، بەشکا، بەشکایەکم گریان بەسەریدا زاڵ بێ و وەک کەسێکی لاواز لە بەردەم منداڵەکانیدا فرمێسک هەڵوەرێنێ. ئیتر ڕەنگبوو تابۆی باوکانەی لە پێش چاوی منداڵەکانیدا بڕووخێ و قەت وەک خۆی لێ نەیەتەوە. بێدەنگ بوو. سەری بەردایەوە و مستی لێک گرێدان. ئەستێری فرمێسک

لە چاوەکانی هەڵبەستران. سەری بەرز کردەوە و وەک لە مانگ و مۆسیقا بپاڕێتەوە، سینگی لە ناڵە ئاخێندراوی بە هەناسەیەکی قووڵ بەتاڵ کرد.

لەنەکاو وەک ئاوێکی ساردیان بە لەشدا کردبێ، ڕاچڵەکی و هەستایە سەرپێ. هێندە خێرا هەستایە سەرپێ کە شماڵەکە لە کۆشی بەربۆوە و لەسەر بەردەکە زرینگەی لێ هەستا. منداڵ ڕاچڵەکین، شانیان کۆکردەوە و دوورکەوتنەوە. دەترسان. ڕاسان. دیاکۆ لە خۆیدا نەبوو. وەک کەسێک کە فێی لێ بێ یان نەخۆشییەکی تایبەت هرووژمی بۆ بێنێ وڕێنەی دەکرد. بە دەنگێکی گڕەوە هێندێک شتی گوتن کە بۆخۆشی نەیدەزانی دەڵێ چی. دیاربوو لە شتێک بێزار بوو. لە شتێک دڵگران بوو. شیرین لە دڵی خۆیدا بە خۆی دەگوت، «تۆ بڵێی باوکم ئیمانی لەرزۆک نەبووبێ و هیوای بە شمشاڵەکەی لە دەست نەدابێ؟»

دیاکۆ هەر کە دیتی کچەکانی ترساون، وەک لە خەو ڕاپەڕێ لە وڕێنە کەوت. لەو ئاکارەی خۆی ژیوان بۆوە. ڕوومەتی گەرم و سوور هەڵگەڕان. بەخۆدا شکایەوە. هەستێکی ناخۆش دڵی دەگوشی. پێی خۆش نەبوو ئاوڕ بداتەوە و سەیری منداڵەکانی بکا. داهاتەوە. شمشاڵەکەی هەڵگرتەوە، ماچی کرد و لەسەر سینگی هانای ڕاخست.

ساتێک بێدەنگ بوو. وەک لەگەڵ خۆی بەشەڕ بێ سەری ڕاوەشاند و لە دڵی خۆیدا وتی «ئەمە نفرینە. نفرین و بێزاری ئاوازەکانە لە کوردێک کە نیشیتمانی خۆی بەجێهێشتووە. ئەرێ،

وادیارە لە تۆڵەی ئەم کۆچەدا، چیتر ئاوازەکان لە هەناومدا ناسرەون و بە تەمای کۆچن. یا هانا، هەناوم پڕئاواز بکە!»

دیسان سەری ڕاوەشاند و وەک کەسێک کە تازە لە خەوێکی قورس ڕاپەڕا بێ لەگەڵ خۆی دەدوا «خەریکە تێک دەچم. خەریکە هەموو شتێکم دەبێتە ئەوەی هەر خۆم باوەڕم پێیەتی و بەس. باشە ئێستە کوا کاتی ئەو هەموو خەیاڵکردنەیە؟ باشە ئیتر واز لەو هەموو خەیاڵە هەڵگرم! ئەرێ، وا باشە نەهێڵم لەوە زیاتر خەیاڵ هەڵمبگرێ.»

ئاوڕێکی دایەوە. شمشاڵەکە لەسەر سینگی هانا بریسکەی دەدایەوە. بەرەو منداڵەکانی هات. دەستی لێک کردەوە و وەک داهۆڵێک لەسەر سەریان ڕاوەستا و باوەشی کردەوە. منداڵەکان خۆیان لە باوەشی خزاند. بە دەنگێکی ڕوون گوتی:

«کیژی جوان و ئازام، کچە شیرینەکانی بابە، وادیارە خەوەکەی دایکتان قورسە و هێندە هاسان لەو خەوە قوڵە ڕاناپەڕێ. دایکتان هیچی نییە، هیچ! ڕۆحی دایکتان لە هەموو کاتێک زیاتر زیندووە! تەنیا ئەوە نەبێ بە جەستە لە خەوێکی خۆش و قووڵدایە» و، بۆ هەڵخەڵاتاندن و دڵخۆشکردنی منداڵەکانی درێژەی دا «دەبێ چارەسەری تایبەتی بۆ بکرێ تا لەو خەوە ڕاپەڕێ. بە شمشاڵەکەم لەگەڵ هەموو هێزەکانی سەر زەوی و ئاسمان دوام، ئەوان دەڵێن لەو ئاوەدانییە، دەرمانێک هەیە و بەو دەرمانە چارەسەری دێتێ ... با بڕۆین، با دەست پێ بکەینەوە و تا شەومان لێ درەنگ نەبووە خۆمان بگەیەنینە ئاوەدانییەکە. هااا ها، لە پشت ئەو دۆڵە، لە دوای پێچی ئەو

جاددەیە دەگەینێ ئاواییەکە. چاو لێ بکەن، چراکان دیارن. با زوو وەڕێ بکەوین و خۆ بگەیەنینە ئەوێ.»

وەک جارەکانی پێشوو تەرمەکەی لە پشتی بەست و بە یارمەتی شمشاڵەکەی هەستایەوە سەرپێ.

خەیاڵ لە دیاکۆ نەدەگەڕا و لەگەڵ هەر هەنگاوێک قووڵتر لە فکرەوە دەچوو. هەودای خەیالّی لە خەیاڵێکەوە بۆ خەیاڵێکی تر دەپسا. هەر بە خەیاڵ هەموو شتێکی گەڕاندەوە بۆ ئەو کاتانەی هانا زیندوو بوو و لە دەوری یەکتری بوون و جارێکی دیکە لە خەیاڵیدا خولیای دیتنی داهاتووی شیرین و زین بوو کە وێنەی هانایان تێدابوو.

بەرەبەرە هەنگاوەکانی شل ببوون. ماندوو بوو. نەیدەزانی چەندە بە ڕێگادا ڕۆیشتوون، بەڵام گەیشتبوونە قووڵایی پێچێک کە لەوێوە هیچ ڕووناکییەک بەدی نەدەکرا. ویستی پشوویەک بدا، بەڵام هەر کە بیری کەوتەوە لەم چەند کاتژمێرەدا چەندجار پشوویان داوە و ترسی ئەوەی نەوەک شەویان لێ درەنگ بێ و نەگەنە ئەو ئاوەدانییە، ژیوانی کردەوە و دڵگەرمتر تێهەڵچۆوە.

ئاوڕێکی دایەوە. لەبەر ڕووناکی مانگدا ڕووخساری پەشۆکاوی کچەکانی لێ دەرکەوت و چاوەزاری ملوانکەکانیان دەدرەوشایەوە. دەیزانی ئەم ڕووداوانە باری دەروونی ئەوانیشی تێک داوە. هیوایەکی بە دوکتۆری دەروونناس بوو و وایدانابوو هەر کە گەیشتنە شوێنێکی جێگیر، یارمەتی بۆ مناڵەکانی وەربگرێ و دەرمان و چارەسەرێکی دەروونناسانەیان بۆ بکا. بە خۆی وت «زەینی منداڵ هەموو شتێک وەردەگرێ. بەتایبەتی

شیرین، شیرین تۆزێک تەمەنی زیاترە. پتر دەفامێ. هەموو شتێکی لەبیرە. هەموو شتێک وەک خۆی دەگێڕێتەوە. هەر لە ڕاونانی جەندەرمەکانەوە بگرە تا ئەم کارەساتەی بەسەرمان هات، هەمووی، هەر هەموو ڕووداوەکانی لەبیر ماون و وەک خۆیان دەیانگێڕێتەوە. دڵنیام تا ماوەیەکی دوورودرێژ ئەوەشی لەبیر دەمێنێ کە بەسەر دایکیشی هاتووە. ماوەیەکی دوور و درێژ؟ هەهێی؟ من دەڵێم ماوەیەکی دوور و درێژ، کێ دەڵێ هەموو تەمەنی نا؟» بەزەیی بە منداڵەکاندا هاتەوە، پرسی،

«کچم، پشوویەک بدەین؟»

«نا! زۆرمان ماوە بگەینە گڵۆپەکان؟»

«نا، نا، گوڵی بابەی. زۆرمان نەماوە، تۆزێک، هەر تۆزێکی تر و لە دوای ئەو پێچە دەگەینێ.»

هێزی وەبەر خۆی دا. بە سەراولێژی جاددەکەدا چوونەخوار. دوای چەند هەنگاوێک گەیشتنە چەقی پێچەکە. چونکوو ڕووناکی مانگەشەو لەو شوێنەی نەدەدا، لە شوێنەکانی دیکە تاریکتر بوو. هەیبەتی چیاکان و تاریکی شەو دەستیان وێک دابوو و شەویان خۆفناکتر دەنواند. پێچەکە هێندە تاریک بوو کە منداڵەکان دەترسان و نەیاندەویست لێی تێپەڕن، بەڵام دیاکۆ زاڵ بەسەر ترسدا، دڵنیایی دانێ تا بەدوایدا بڕۆن. زین و شیرین دەستیان بە ئەملاولای پانتۆڵەکەی باوکیان گرتبوو و هەردووکیان لە تەنیشتی دەڕۆیشتن. چۆڕەچۆڕی جۆگەلە ئاوێک بە کزی دەبیسترا کە بەڵگە بوو بۆ ئەوەی ئەو شوێنە چەقی ئەو دۆڵەیە. ئاوی جۆگەکە بەبن ڕەهۆڵ و ناو لوولەیەکی ئەستووردا شۆڕ

دەبۆوە کە ڕێگاکەی لەسەر ڕاخرابوو. ترپەی دڵیان تووندتر لێی دەدا. گەڵاکانی بەر پێیان لەگەڵ تررووکانیان خشپەیان دەهات. لە قووڵایی پێچەکە تێپەڕین. لەگەڵ تێپەڕاندنی پێچەکە، جاددەکەش هەوراز بۆوە. هەناسەبڕکێی دیاکۆ بەرزتر دەهاتە بەرگوێ. لەنەکاو شتێک لە نزیکیان مڕاندی و لە جێی خۆی دەرپەڕی. کەڵەکێوی بوو. هەرسێکیان ترسان. هێندە ترسان کە وێکڕا هاواریان لێ هەستا. دیاکۆ سەری هەردوو کچەکانی بەخۆیەوە نووساند. دەیانقیژاند و دەلەرزین.

«هێدی، هێور کچم، هێدی. هێدی! لەسەرەخۆ بن بەقوربان. هیچ نەبوو. ڕۆیشت، ڕۆیشت. کەڵەکێوی بوو، کەڵەکێوی بۆ ترس نابێ بەقوربان. ئەوە نییە من لەگەڵتانم، مەترسن، مە. هێدی بن هێدی.»

کەڵەکێوی لە باوەڕی ئەودا دەکوژرایەوە و دەکرایە قوربانی. بە خۆی گوت دەبێ ئەمە نیشانەی شتی باش بێ. بزەیەکی ساردی بەو قسە هات و پێی لەسەر وشەی باش داگرتەوە و بە ئارامی، بە جۆرێک کە منداڵەکان گوێیان لێ نەبوو، مینگاندی «باش، بااش.»

زین لە ترسان وەک بووکەڵەیەک کپ و بێدەنگ ڕاوەستا. نەیدەتوانی بجووڵێ. شیرین وەخۆهاتبۆوە، بەڵام دەلەرزی. لە جێی خۆیان وشک ببوون. دیاکۆ دەستێکی بەسەریاندا هێنا و داوای کرد بەردەوام بن و لەگەڵی بڕۆن. شیرین تووند دەستی زینی گرتبوو. ویستی هەنگاو هەڵێنێتەوە، بەڵام زین لە جێی خۆی نەبزووت.

«بابەناڕوات.»

«زین، کچم بۆ ناڕۆی؟ بڕۆ زۆرمان نەماوە بەقوربان!»

«بابە دەلەرزێ.»

«مەترسە زین، مەترسە کچم. کەڵەکێوی بوو، هەڵات. ئەوە نییە من لێرەم. لەگەڵتانم. خۆ کەڵەکێوی بۆ ئەوە نابێ لێی بترسی!»

زین بێ ئەوەی هیچ بڵێ وردەهەنگاوەکانی هەڵێنایەوە. چەند خولەکێکی گرت تا گەیشتنە ترووپکی سەرپێچی جاددەکە. شنەبایەکی فێنک لەلای ڕۆژهەڵاتەوە دەهات. گڵۆپەکان ڕوونتر دەرکەوتن. بڕیاریان دا هەر لەوێ و بەرامبەر بە گڵۆپەکان و لەسەر تەختەبەردەکانی سەر پێچەکە کە مانگەشەو ڕووناکی کردبۆوە، پشوویەک بدەن.

منداڵەکان لەسەر تاشەبەردێک و لە قەراغ جادەکە دانیشتن. دیاکۆ تەرمی هانا بە کۆڵەوە پاڵی بە گابەردێکەوە دا. تۆزێک چۆکی نووشتاندەوە، بە جۆرێک کە قورسایی تەرمەکەی لەگەڵ ئەو گابەردە بەش کرد کە پاڵی پێوەدابوو. تووند مەچەکی گووشی. دەتگوت نیگەرانە لەوەی هانا، وەک تارماییەک بە ناو گابەردەکەی پشتەسەریدا ڕۆچێ. ڕووناکی چراکان لەو شوێنەوە دیاربوون و دەیتوانی بە قامک گڵۆپەکان بژمێرێ. بڕیاری دا دوای ئەو پشووە یەکبین تا گڵۆپەکان ڕێگا ببڕن.

سەیری چراکانی دەکرد. گڵۆپەکان لەوە کەمتر بوون کە هی گوندێک بن. تەنیا چەند گڵۆپێک کە لە تەنیشت یەکتری بوون وایاندەنواند کە چرای ماڵێک یان شوێنێکی ئاوەدان بن. لە خۆی

پرسی «تۆ بڵێی کەس لەلای ئەو گڵۆپانە بێ؟ ئەی بۆ ئاسەواری ئاوەدانی لێوە دیار نییە؟» دوودڵ بوو. دەیزانی لەوە زیاتر و ئیتر لە دوای ئەو گڵۆپانەوە، نە خۆی و نە منداڵەکانی هێزی ڕۆیشتنیان نامێنێ. چاوی لە زین و شیرینی کرد و وەک بۆ کەسێکی بێگانە و نامۆ بدوێ، لەگەڵ خۆی دەدوا «سەیرکە دیاکۆ، ئەوانیش وەک تۆ ماندوون. برسین. خەمبارن. هەیانە و نیانە هەر مسقاڵێک هیوایە بەو گڵۆپانە و تۆ. ڕەنگە هیوایەکی ئەوتۆیان بە تۆش نەمابێ. نا. هیوایەکیان بە شمشاڵەکەت بوو، ئەویش هیچی بۆ نەکردن.»

ئەو هێستاش لە ناخی دڵەوە هیوای بە سۆزی شمشاڵەکەی مابوو. لە دڵی خۆیدا گوتی «کەس وەک شمشاڵژەنێک لە سۆزی شمشاڵ تێناگا، کەس. هەر شمشاڵژەن دەزانێ کە سۆزی شمشاڵ چی بە ڕۆحی ئینسان دەکا!»

سەری هەڵبڕی. مانگ دەدرەوشایەوە. وەک کەسێکی پەژیوان لە شتێک، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا. بیری لەوە کردەوە کە ئەگەر جارێکی تر شمشاڵەکەی لێ بداتەوە، تەنیا جارێکی دیکە، ڕەنگبوو هانا لەو خەونە قوورسە ڕاپەڕێ. هەروا کە سەری بەرەو مانگ بەرز ڕاگرتبوو، گوێی لە دەنگی زین بوو:

«بابە دۆعا دەکەی؟»

بزەیەک خۆی لە لێوانی پەستاوت. وڵامی دایەوە «ئەرێ کچم! پاڕامەوە. نزام بۆ دایکتان، بۆ خۆمان و داهاتوومان دەکرد.»

زینیش وەک باوکی سەری هەڵێنا. ڕووناکی مانگ لەسەر گلێنەی چاوە شینەکانی شەبەقی دەدایەوە. شیرین هەر دوو

دەستی لە ئەژنۆکانی گرێدابوون و لە تەرمی دایکی دەڕوانی کە لە نێوان کۆڵی باوکی و گابەردەکەدا بێ هەست و خوست چاوی لەسەر یەک دانابوون.

«بابە **هانا** زیندووە؟»

«زیندووە کچم، زیندووە!»

دیاکۆ هێشتاش چاوی لەسەر مانگ هەڵنەگرتبوو. دەتگوت بەڵێنێک لەگەڵ مانگ نوێ دەکاتەوە یاخود ڕاز و نیازێکی قووڵ و قورس لەگەڵ مانگ دەکا. لە دڵی خۆیدا گوتی «هانا لە ناخماندا، لە هەست و بیرماندا زیندووە.»

توووند دەستی خستەوە سەر دەستە ساردەکانی هانا. وەک دوو دڵدار کە سەر بە سەری یەکترییەوە دەنێن، سەری بە سەری هاناوە نا کە لەسەر شانەکانی بوو. لە دڵدا لەگەڵ هانا دەدوا. لە قووڵایی دڵەوە ئارەزووی دەکرد ئەگەر بۆ ساتێکی کورتیش بووبێ هانا زیندوو بێتەوە و پێی گوتبایە، بێ تۆیی چەند تاڵ و قورسە. ئەگەر هانا زیندوو بایەوە، پێی دەگوت ئەو چەند کاتژمێرە تاڵترین ساتەکانی ژیانی بووە. ویستی دەنگ هەڵێنێ و بە دەنگی بەرز داوای گەڕانەوەی لێ بکا. پێی خۆش بوو هەرچی لە دڵیدایە بۆ هانای بێنێتە سەر زار و هەتا دەتوانێ لەسەر تەرمی هاوژینەکەی فرمێسک هەڵوەرێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی نەوەک بەو دیمەنە منداڵەکانی ئازار بدا و باری دەروونییان خراپتر بکا، ددانی بە جەرگیدا گرت و هیچی نەگوت. ڕووی لە منداڵەکان وەرگێڕا و بەرامبەر بە گڵۆپەکان ڕاوەستا. فرمێسکی گەرم تینی

خزاندە سەر ڕوومەت و ریشی و هەروا لە دڵدا لەگەڵ هانا دەدوا «هانا، هانای کۆچکردووم، بگەڕێوە، جێگات دیارە.»

بە دەست خۆی نەبوو، چەند جارێک هەنیسکی دان. لەگەڵ هەنیسکەکان شان و پیلی ڕاتڵەکان. زین لە باوکی نزیک تر بۆوە و باوەشی بە قاچەکانی دایکیدا کرد کە بە کۆڵی باوکییەوە شۆڕ ببوونەوە. شیرین کە دوورتر لەوان هەستابووە سەر پێ لە دووری دەڕووانی. گڵۆپەکانی دەبژارد:

«یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت، بابە بابە، گڵۆپێک کووژاوە. بابە یەکیتریش...»

وەک هەواڵێکی گرینگ و خۆشیان بە دیاکۆ دابێ، دڵی گەشایەوە. قنج ڕاوەستا. هانای لەسەر کۆڵی ڕاست کردەوە و سەیری گڵۆپەکانی کرد. چەند گڵۆپێک کووژانەوە. لە شتێک دڵنیا بوو. ئەگەر ئەو شوێنە گوندیش نەبێ، ئاوەدانە و خەڵکی لێیە. دیارە کەسێک گڵۆپەکان دەکوژێنێتەوە. شیرین بە پەرۆشەوە پرسی،

«بابە دەخەون؟»

«ڕەنگە کچم، ڕەنگە. دەبێ هەتا زووە خۆمان بگەیەنینە ئەوێ و یارمەتییان لێ وەربگرین. با بڕۆین...»

**ئانیشکە** سارد و سڕەکانی هانای ماچ کردەوە و هەردوو مەچەکی توووند گووشییەوە و بەرەو ڕووناکییەکە بەڕێ کەوتنەوە. چەند سەد میترێکیان تێپەڕاند. دیمەنی چەند خانوویەک لە تەنیشت یەکتری ڕوونتر دەرکەوتن. دیوار و حەسار و حەوشەیماڵەکان لەبەر ڕووناکی گڵۆپەکاندا دیاربوون. زۆریان نەمابوو و ئەگەر هەروا بەردەوام بووایەن، زوو دەگەیشتنە ماڵەکان، بەڵام دیاکۆ وەک هیچ هێزێکی لە لەشدا نەمابێ، لاقی تێک هاڵان و تەرمی هانا لەسەر پشتی بۆ لایەک خزا. چۆکی شل بوون و بە دەمەوە کەوت. وەها کەوت کە منداڵەکان سۆزیان بۆی بزوا. هاتنە لای. قاچی سڕ بوو و ئانیشکی دێشا. منداڵەکان دڵیان پڕ بوو. تەرمی هانا لە کۆڵی ترازا و بە لایەکدا کەوت. خۆی لە تەرمەکە کردەوە. بە ئارامی و وەک شتێکی هەستیار کە نەشڵەژێ یان شتێکی ناسک کە نەشکێ، تەرمەکەی ڕێکوپێک کردەوە و لە

قەراخ جاددەکە ڕایخست. ملپێچەکەی کردەوە و بە ڕووخسار و لەشیدا دا.

ژانێک لە گوێزینگی لاقی چزا. قاچی وەرگەڕابوو.

دەستی کچەکانی گرت. بە شەلەشەل چەند هەنگاوێکی هەڵێنا. ویستی ئەو چەند سەد میترەی ماوە لەگەڵ کچەکانی بەرەو گلۆپەکان بڕۆن و یارمەتی لەگەڵ خۆیان بێنن. کەچی وەک گوناحێکی گەورەی کردبێ، خێرا دەستی منداڵەکانی بەردا و بە لەنگەلەنگ گەڕایەوە سەر تەرمەکە.

هەستی بە تاوانباری دەکرد. دەتگوت تاوانبارێکە و دانی بە تاوانەکەی خۆیدا هێناوە و خۆی بە شیاوی سەرکۆنە و سزا دەزانێ. لۆمەی عەقڵی خۆی کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی «ئاخ پیاوی گەمژە، باشە ئەوە عەقڵە تۆ هەتە. مێشکت کای تێدایە؟ خۆ نابێ هەرچی بە مێشکتدا هات یەکجێ بیکەی. هەر بەڕاست، بەڕاست، دەتهەویست ژنەکەت بەجێ بێڵی و بڕۆی؟ ئەوەندە تۆزە ڕێگایە ماوە، کەچی دەتهەویست لێرە، لەم چۆڵەوانییە، لەسەر ئەم ڕێگایە و بەم شەوە تەرمەکەی بەجێ بێڵی؟ شەرم ناکەی لەو بیرە، داناڕزێی لەو کارە؟ کێ دەزانێ تا دەچوون و دەگەڕانەوە و یارمەتیتان لەگەڵ خۆتان دەهێنا – چووزانی ڕەنگە هەر یارمەتیشتان نەهێنابایە - چی بەسەر ئەم تەرمە داماوە نەدەهات. گێلە، هەر تاوێک لەمەوبەر نەبوو کەڵەکێوییەک لەو پێچە لێتان دەرکەوت. لەو سێ ڕۆژەدا چەند جار مار هاتۆتە سەر ڕێتان؟ کێ دەزانێ هەزار دووپشک و بوونەوەری دیکە... نا، نا، کاری وا ...» بە دەنگێکی نەرم لەبەرخۆیەوە بۆڵاندی «نا، نا، کاری

وا ناکەم. هەموومان پێکەوە دەڕۆین. بەبێ هانا بۆ هیچ کوێ ناڕۆین، تەنانەت شەقاوێکیش لێی دوور ناکەوینەوە، تەنانەت بستەڕێیەکیش لە یەکتری دانابڕێین.»

پشوویەکی دیکەیان هەڵگرت.

بێ ئەوەی هیچ بڵێ لە تەنیشت تەرمەکە دانیشت. قاچی دێشا و نەیتوانی ئاسوودە دانیشێ. لەسەر پشت ڕاکشا. بە مێشکیدا هات هاوار بکا، بەڵام وەک لە خەودا مۆتەکە لێیدابێ نەیتوانی دەنگ هەڵبڕێ. قوڕگی گیرا و بێدەنگ بوو. زین و شیرین هاتنە لای و لە تەنیشتی دانیشتن. شمشاڵە زەردەکە لەبەر ڕووناکی مانگدا بریقەی دەدایەوە. لە شمشاڵەکە وڕما. وەک کەسێکی تۆبەکار، وەک کەسێکی شەرمێون و شەرمەزار، بۆ ئەوەی بیری شمشاڵژەنین لە زەینی خۆی دەرباوێ، ڕووی لە شمشاڵەکە وەرگێڕا. هەروا بە ڕاکشانەوە منداڵەکانی دواند، بە شێوەی وڵامدانەوەیاندا زانی کە حەزیان لە قسە نەبوو. بێدەنگ بوون. سەریان داخستبوو و لە ژێرەوە سەیری هانایان دەکرد.

سەرنجێکی خستەوە سەر شمشاڵەکەی. چاوی لە ڕەشەوە دەهاتن. لەشکەری خەو هێرشی هێنا و پێڵووی چاوی پێ لێک نان. ژانی قاچی ڕایچڵەکاند. لێبڕابوو کە ئەو مەودا کورتەش بپێوێ و خۆیان بگەیەننە لای گڵۆپەکان. ورەی دیاکۆ بەرز و بەهێز بوو.

ساتێک بێدەنگ بوو. شەو هێشتا درەنگ نەببوو، بەڵام ئەو دەیزانی وەرزێر لە ئاوەدانییەکان لەبەر ماندوێتی کاری ڕۆژانەیان زووتر لە خەڵکی تر دەخەون. ویستی تەرمەکە لە کۆڵ

بنێتەوە و وەڕێ بکەونەوە، بەڵام بەو هەموو ژانەی لە قاچیدا بوو، ئەستەم بوو بتوانێ درێژە بە ڕێگا بدا.

جارێکی دیکەش بیری لەوە کردەوە کە خۆزیا دەیتوانی ئاگرێک بکاتەوە. دیاکۆ باوەڕێکی قووڵی بە هێزی ئاگر بوو. پێی وابوو هێزی ئاگریش وێڕای سێ هێزەکەی تر لەسەر زەوی[١٦] هەمیشە هێزداری زاڵن و ئێستاش، لەم دۆخە ئەستەمەدا هیواخواز بوو هێزی ئاگر لە فریایان بێ و یارمەتییان بدات. بە خۆی گوت «ئەگەر ئێستا ئاورێکم کردبایەوە، ڕەنگبوو زووتر ڕزگارمان بایە. شایەد کەسێک بەرەوپیری ئاگرەکەوە هاتبایە. بەڵکوو کەسێک لە ئاوەدانییەکەوە ئاورەکەی دیبایە و هێنابایە ئێرە.» ئەگەرچی بیری کەوتەوە کە هەموو شەمچە و لایتەرەکانیان دوای ئەوەی لە چۆمەکەیان دا تەڕ بوون و لە کار کەوتبوون، کەچی هیوابڕاو نەبوو. دەستی بە ناو جانتاکەدا سووڕاند. قاپووڕێک شەمچە و چەرخێکی دەرهێنا. چەند شەمچەی لە قاپووڕەکە خشاند. تەنیا یەکیان گڕی گرت ئەویش هەر لە جێدا هەڵکزا. پتەی لە لایتەرەکە دەدا. چەند جارێک بەدوای یەکدا قامکی ڕێ چەرخەکە خشاند. سوودی نەبوو. وەک دەستی هیلاک بووبن، تاوێک ڕاوەستا. چاوی لێک نا و لە دڵەوە لە هێزی گڕ پاڕایەوە. هەمدیسان تێهەڵچۆوە. ڕووناکی گڕێکی بچکۆلە ڕووخساری دیاکۆی دەرخست. وەک مۆجیزەیەکی کردبێ، شاگەشکە بوو. سەرکەوتووانە سەیری گڕەکەی دەکرد. ویستی دووپاتی بکاتەوە، کەچی چەرخەکە هەڵنەبۆوە. دیسان هەوڵی دایەوە. ئەمجارە لایتەرەکە هەڵبۆوە و بە لرفە گڕی دەردا.

ڕووخساری هەرسێکیان لە یەکتری دەرکەوتن. جارێکی دیکەش چەرخەکە هەڵبۆوە و بە ڕوونی یەکتریان بینییەوە. ئیتر دڵنیابوون لایتەرەکە کەوتۆتەوە گەڕ.

قەڵاچکەیەکیان لەسەر تەختەبەردێکی بەرزتر دروست کرد. پووش و پەڵاشی بن دار و پەردووەکان گڕیان لە دار و چیلکەکانی سەر خۆیان بەردا. بڵێسەی ئاورەکە وەک شێرێکی شەڕانی سەریان دەسووڕاند و ڕووناکی ئاگرەکە بەرەو ڕووخساری هەرسێکیان پەلی داویشت. ئەوان دڵنیابوون کە ڕووناکی ئاورەکەیان لە ئاوەدانییەکەوە دیارە. دیاکۆ دەیزانی ئاگر لەم وەرزەی ساڵ و بەم ئێوارە درەنگە بۆ خەڵکی ئاوەدانی مژدەیەکی خۆش نییە، بەڵام بۆ ئەو ڕێگایەکی باش بوو تا خۆی و منداڵەکانی پێ ڕزگاریان بکا. ئیتر هیچ شکێکی لەوە نەما کە ئاگر هێزی خۆی دەنوێنێ و یارمەتیان دەدا. لەسەر بەردەکە و هەتا گەرووی کردی هاواری کرد.

«هۆۆۆی خەڵکینە، هاوار خەڵکینە، بە هانامانەوە وەرن، هانامان بدەن، یارمەتیمان بدەن. هۆۆۆی خەڵکینە، هۆۆۆی...»

داوای لە کچەکانی کرد دەنگ هەڵێنن. ساتێک تێپەڕی. ئاسەوارێک لە کەس نەبوو تا بەرەوپیری هاوارەکەیانەوە بێ، بەڵام دیاکۆ بێ هیوا نەبوو و پێی وابوو درەنگ یان زوو کەسێک لەلای گڵۆپەکانەوە بە هانایانەوە دێ.

دەستێکی بە قاچیدا هێنا. گوێزینگی لەجێ دەرچووبوو. ژانێکی قورس لە لاقی چزابوو. زین و شیرین لەسەر

تەختەبەردەکە دانیشتبوون. شەو هێدی هێدی بەرەو درەنگی دەچوو و ئەوان هەروا بە هیوای هاتنی یارمەتی بوون.

دیاکۆ بیری لای شمشاڵەکەی بوو. لەسەر دڵی ببووە گرێ و دڵی لە شمشاڵژەنینەکەی جاری پێشووی ئاوی نەخواردبۆوە. ئەو دڵنیابوو و دەیزانی کە دەتوانێ باشتر شمشاڵ لێ بدات.

سەرنجێکی خستەوە سەر تەرمەکە. وەک لەگەڵ هانا بدوێ، ورتاندی «خۆزیا شمشاڵەکەم گیانی وەبەر دابایەوە. خۆزگە شمشاڵەکەم لەو خەوەی ڕاپەڕاندبای. بریا شمشاڵی من، جێی من و تۆی گۆڕیباوە. بەڵام چ بکەم، داری بریا بۆ کەس بەر نادا.»

ماندوو و برسی بوون. کۆرپەکانی خەونووچکە دەیبردنەوە. دوو چڵەداری گەورەی خستە سەر ئاورەکە. ئاگرەکە خۆشتر لە جاران بڵێسەی لێ هەستا. وەک بیهەوێ هاوڕێیەکی زویربووی ئاشت بکاتەوە، دەستێکی هێوری بەسەر شمشاڵەکەدا هێنا. بە سەری پەنجەی زالکی شمشاڵەکەی خاوێن کردەوە. ماچێکی لە وێنەی شامارانی سەر شمشاڵەکە دا. وەک بوونەوەرێکی نازدار و خۆشەویست بلاوێنێتەوە، چاوی نووقاند و شمشاڵەکەی لە باوەش گرت.

شیرین لە جێی خۆی هەستابووە سەرپێ. لە باوکی دەڕوانی کە وەک کەسێکی بێمار[١٧] هەناسەی سوار ببوو و ئارەقەی دەردەدا. بەزەیی بە باوکیدا هاتەوە. باوەشی بە باوکیدا کرد و تاوێک لە باوەشیدا مایەوە. دیاکۆ شمشاڵەکەی لە تەنیشت خۆی دانا و دڵی شیرینی دایەوە. شیرین خۆی لە باوەشی باوکی هێنایە دەر و لەبەرامبەریدا قیت و قنج ڕاوەستا. زینیش خۆی گەیاندە

لای شیرین و لە تەنیشتی وەستا. دەتگوت داواکارییەکی گرینگیان لە باوکیان داوایە و ناتوانن بیهێننە گۆ.

دیاکۆ و منداڵەکانی قووڵ و پڕمانا لە یەکتریان ڕوانی.

چاوێکی خستەوە سەر شمشاڵەکەی کە لە تەنیشتی ڕاکشابوو. بڕیاری دا شمشاڵ لێ بدات. بڕیاری دا بە شمشاڵەکەی بەڵێنی لەگەڵ هانا نوێ بکاتەوە. ویستی لە ناخی دڵەوە و بە هەموو باوەڕییەوە بەهەستترین و بەسۆزترین ئاهەنگەکانی لێ بدا. فوویەکی پێدا کرد. دەنگێکی ئارام لە شمشاڵەکە هەستا. حەز و ویستی شمشاڵژەنی لە ناخی دیاکۆدا وەک ژیلەمۆی بن خۆڵەمێش تینی لە لەش گەڕاند. هێدی و هێور، زیاتر و پتر فووی بە شمشاڵەکەدا دەکرد. دەنگێکی ئاسمانی و ئەفسووناوی لە شمشاڵەکە هەستا. لەگەڵ هەر فوویەک قامکەکانیشی وەک وردەشەپۆلی گۆلاوێک بە سەر ڕووخساری شمشاڵەکەدا دەجووڵان. تا دەهات، قووڵتر بینی لە شمشاڵەکە دەخواردەوە و هەناسەی توندتری هەڵدەمژی و ئاهەنگی بەرزتری لێدەدا. دەنگی شمشاڵەکە وەک دەستی بەسەر بیر و هزریدا گرتبێ، هێدی هێدی دیاکۆی سەرمەست کرد.

دڵگەرمتر لە هەموو کاتێک شمشاڵی لێ دەدا. چاوی لە بڵێسەی ئاگرەکە بڕیبوو. لەبەرخۆیەوە ورتاندی. «یا هانا، هانامان بدەن!» سەری بەرز کردەوە و لە ئاسمانی ڕوانی. شمشاڵی کردە ڕێگایەک تا نزای خۆی و منداڵەکانی بگەیەنێتە حەوتەوانەی هێزەکان:

« تکایە هانامان بدەنەوە!»

جارێکی تر، تارمایی هانا لە پێش چاوی دەرکەوت. تارماییەکە لەسەر تەرمی هانا ڕاوەستا و لەوانی دەڕوانی. دیاکۆ سەرمەست بوو و وای دەبینی کە گیان بە بەر لەشی هانادا کرابۆوە. هانا پێدەکەنی. داوای لە دیاکۆ دەکرد ئاهەنگە خەمگینەکان لێ نەدا و گشتتری بکا. داوای دەکرد ئاهەنگی گەش و خۆش لێ بدات. سووکەبزەیەکی شیرین، لێوی دیاکۆ و شمشاڵەکەی لێک بەست. فوویەکی بەهێزتر جووڵەی زۆرتری خستە ناو گەڕی پەنجەکانی. ئاهەنگێکی گشتی لێ دا. تارمایی هانا لە پێش چاوی دەسڕۆکەیەکی حەوت ڕەنگی بە دەستەوە بوو و وەک چۆپیکێشێکی شارەزا دەهات و دەچوو.

دیاکۆ لە دڵی خۆیدا هۆنراوەی مەم و زینی[١٨] دەگوتەوە و لەسەر ڕیتمی ئەو شێعرانە شمشاڵەکەی دەژەند. ئەو دەنگەی لە شمشاڵەکە دەهاتەدەر، هەر مۆسیقا نەبوو، ناڵە و نزای پەنگخواردووی هەزاران ساڵەی کوردەکان بوو کە لە ناخی چیاکانی کوردستاندا مابۆوە و هەنووکە شمشاڵەکەی دیاکۆ، لێبڕابوو کوڵی هەزاران ساڵەی چیاکانی کوردستان بە لای ئەم چیاگەلەوە هەڵڕێژێ. شمشاڵەکە، چیا و خەرەندەکانی لەو دەنگە ئەفسووناوییە پڕ کردبوو کە بە گوێی ژەنیارەکەدا دەیچرپاند: من مێژووی دزراو، من دیرۆکی حاشالێکراو و شاراوەم. من هۆری، من هیتی، من میتانی، من گۆتی، منماننا و لۆلۆم. من سەککا، من کاردۆس، من ماد و ساسانم. منم ئیزەدی، منم یارسان، من زەردەشت و میترام![١٩]

لەگەڵ ناوهێنانی میترا، تارمایی ڕۆحی هانا وەک ژیانی بە بەردا کرابێ، لە پێش چاوی دیاکۆدا وەخۆکەوت و بە دەوری ئەو و منداڵەکاندا دەسووڕایەوە. تارماییەکە بزەی خۆشیی لەسەر لێوی بوو و دەسماڵە حەوت ڕەنگینەکەی ناو دەستی ڕادەوەشاند. شیرین و زین چووبوونە سەر تەرمەکەی دایکیان و لەوێوە لە باوکیان دەڕوانی.

دیاکۆ بەردوام بوو. هەموو هەست و نەستی خۆی خستبووە گەڕ و هەرچی لە تواناندا بوو لە شمشاڵەکەیدا دەیخستە ڕوو. شنەبایەک لۆیەکی لە لەچکەکەی سەر ڕووخساری هانای لادا. ڕووخسار و پرپرەی گوارەی لە زێڕ و بە چاوەزار نەخشاوی هانا لەبەر ڕووناکی مانگ و بڵێسەی ئاوردا بە جوانی دەرکەوتن. ئاور لە جەرگی دیاکۆ بەربوو. دڵی کوڵی. ئازار و خەم و هاوار و بێزاری و گشت حەز و ئاواتەکانی یەکجێ لە ئەوکیدا گرمۆلەیان بەست. ملی لارەوەبووی ڕاست کردەوە و پڕ بە چاوی سەیری ئەو دیمەنەی کرد.

دیاکۆ بەردەوام بوو.

بینی لە شمشاڵەکەی خواردەوە. قوڕگی هەڵمساند و کۆتا هەناسەی لە شمشاڵەکە کرد. دەنگی شمشاڵەکە گۆڕا، وەک دەنگێک لە گۆڕستان، وەک نۆتی شمشاڵ بۆ ناشتنی کەسێک، وەک کۆتا ئاوازی شینگێڕیی چەمەری و ناشتنی کەسێک دوای حەوت ڕۆژ شینگێڕان، دوای شینی چلەی کۆچی، وەک مێلۆدییەکی تاک و تەرا، وەک دوایین دەنگی ئاوازی فانی فانی، وەک دوایین دەنگی تەمبووری یارسانێک لە جێژنی خاوەنکار و

ئاوازێکی خەمگینی شمشاڵی ئیزەدییەکی تەنیا لە شاخی شەنگال بۆ مەلەک تاوس[20]، شمشاڵەکەی دیاکۆش دەنگی گۆڕا.

تارماییەکە لە پێش چاوی دیاکۆ ڕەوییەوە. دیاکۆ بە هەموو هێزی فوویەکی توندی بە شمشاڵەکەدا کرد. فوویەکی توند کە دەتگوت زریکەی کرێوە و تۆفانە. زریکە لە شمشاڵەکە هەستا. زریکەیەک کە هێمای تووڕەیی بوو. تووڕە لەوەی کە دڵی منداڵەکانی شکاون، تووڕە بوو لە ژیان. تووڕە بوو لە مۆسیقا و لەو خەیاڵەی ناوی نابوو تراویلەکی بەهەشتی ئەورووپا و هەرچی ببووە هۆی ئەو خەمە قورسەیان. دوا زریکەی شمشاڵەکە گازندە بوو لە عەزر و ئاسمان.

منداڵەکان ئیتر لە ڕاپەڕینی دایکیان لەو خەوە قورسە بێ هیوا بوون.

شمشاڵ کپ بوو. دیاکۆ ددانی لێک چیڕ کردبوونەوە. توند شمشاڵەکەی گوشی و هەتا توانی هاواری کرد،

«یا هانا، هانامان بدە. یا هانا، هانامان بدەوە ...»

زین و شیرین باوەشیان بە یەکدا کرد.

تارمایی هانا، وەک تیرۆژی ڕۆژ، وەک ڕۆحێکی پاک و بێگەرد، بەرزبەرز بەرەو ئاسمان فڕی.

دیاکۆ لە تەنیشت هانا ڕاکشا و چاوی لەسەر یەک دانان. ئەو تەمای لە خۆ بڕیبوو. هاواری منداڵەکان لە چیاکاندا دەنگی دایەوە و لە ئاواییەوە دەبیسترا.

دیاکۆ خەوت.

**کۆتایی**

**٢٧٢٢** کوردی

## ژێدەرەکان

[1] - بەپێی ئایینی میترایی، میترا لە درزی گابەردێکەوە هاتۆتەدەر و دوای گەیاندنی ئایینەکەی لەسەر گۆی زەوی، بۆ ئاسمان بەرز بۆتەوە و بەڵێنی گەڕانەوەی بە ڕێبوارانی داوە.

[2]- ناوی یەکەم شا و دامەزرێنەری ئیمپراتۆری مادەکان (٧٠٠ پ.ز) بووە. سەرەڕای ئەوەی کە پێش ماددەکانیش گەلێک دەسەڵاتی دیکە لە کوردستاندا بوون، لێ ڕۆژژمێری کوردی لەو ڕێکەوتەوە دەست پێ دەکا و بەم پێیەساڵی ٢٠٢٢ زایینی، بەرامبەرە بە ٢٧٢٢ کوردی. دەگوترێ ماددەکان لە قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتیاندا میترایی بوون و بۆیەش دیاکۆ کە یەکەم شای ماددەکان بووە بە هەڵبژاردن بووەتە شا. لە ئایینی میتراییدا، شا و دەسەڵاتدار لەلایەن پیرە و پیاوچاکانەوە بە هەڵبژاردن دەکرێ و لەڕاستیدا شا و خەڵک لە یەکتری جیا و جیاواز نین. پیر و پیاوچاکان لە ئایینی میتراییدا بەرزترین ئاستی میترایین و بەمپێیە دەبنە یار و یارانی میترا. لەبۆیەش وشەی پیرشالیار بەم شێوەیە لێک دەدرێتەوە: پیرشالیار واتە شایەک کە لەلایەن پیر یان یارانی پیرەوە هەڵبژێردراوە. یان، یارسان، واتە یاری شا، واتە ئەو شایەی کە لەلایەن یارانەوە (هەمان پیر و پیاوچاکانی ئایینی میتراییەوە) هەڵبژێردراون و یاری شا یان دەسەڵاتی هەڵبژێردراون.

[٣] – زین، گراوی مەم بووە کە گێڕانەوەیەکی تراژیدی ئەویندارانەی کوردییە. ئەحمەدی خانی (١٦٥١ — ١٧٠٦) لەژێر ناوی مەم و زین-دا بەرهەمێکی لەسەر هۆنیوەتەوە.

[٤] – شیرین، ناوی گراوی فەرهاد بووە کە گێڕانەوەیەکی تراژیدی ئەویندارانەی کوردییە و بە بەسەرهاتی شیرین و فەرهاد ناسراوە.

[٥] – ئاناهیتا لە ئایینی میترایيدا خوای ئاوە لەسەر زەوی. ئاناهیتا هەڵگری ڕەگەزی ژنە و بە خواژن ئاناهیتا (هانا) ناسراوە کە سەرچاوەی ژیانیشە. سەرنجێک لەسەر ناوەکانی وەک: ئاناهاتا، ئانا، ئاننا، هاننا، یۆحاننا، یۆهان و هتد گومانی ئەوەی کە ئەم ناوانە لە ناوی ئاناهیتاوە وەرگیرابن بەهێز دەکا. هانا دەکرێ هەر هەمان هاننا یان ئاننا بێ کە وەک ئاماژەی پێدرا دەکرێ ڕەچەڵەکی بگەڕێتەوە سەر ناوی ئاناهیتای خواژنی ئاو لە میترایيدا.

[٦] – لالش گەورەترین و گرینگترین پەرستگەی ئێزدییەکانە. بە لالشی نوورانیش ناسراوە. لالش لە کوردستان، لە ناوچەی شێخان هەڵکەوتووە کە دەکەوێتە پارێزگای دهۆک. بەپێی باوەڕی ئێزدییەکان لالش کۆنترین پەرستگەی مرۆڤایەتییە. چونکە ئەوان سەرچاوەی ئایینی ئێزدی بە ئایینی میترایی دەزانن و بەمپێیە پێیانوایە لەوەتی مرۆڤ هەیە، مرۆڤ لەم پەرستگەیە لە خوا پاڕاوەتەوە و ئەرکە ئاینییەکانی خۆی بەجێ هێناوە. ئێستاکەش ئێزدییەکانی هەموو دنیا بۆ ئەرکی حەج یان پیرۆزکردنی جێژنەکانی خۆیان سەردانی لالش دەکەن. لە ئایینی ئێزیدیدا ڕۆژ گرینگی تایبەتی هەیە و گۆمبەزی پەرستەگاکان بەمشێوەیە: لوتکەی گۆمبەزی پەرستگەکاندا خڕە و هێمایە بۆ خڕایی ڕۆژ. تیشکی خۆر کە بە بەرد یان سمیتی قاشکراو بەرەو خوارەوە هاتوون هێمان بۆ تیشکی خۆر کە ئەو تیشکانەش بە

سەر چوار سووچدا بڵاو دەبنەوە کە ئەوانیش هێمان بۆ چوار هێزی سەر زەوی، واتە با، ئاو، خاک و ئاگر.

[٧] - چاوەزار بە هێمایەکی میترایی دەزاندرێ. دەگوترێ کە چاوی میترا شین بووە. بەشێک لەو پەیکەرە کۆنانەی دۆزراونەتەوە کە هی سەردەمانێکن کە خەڵک باوەڕیان بە میترایی بووە، چاویان شین و کراوەیە. چاوی شین دەکرێ لەم پەیکەرانەدا هێما بێ بۆ چاوی میترا و کراوەیی چاوی شین مەبەست لە ئاگاداربوون و چاودێریکردنی میترا بێ بەسەر ژیانی بڕوادارەکانیدا. بە ئەگەری زۆر ئەم پەیکەرانە، پەیکەری پیر و پیاوچاکانی ئایینی میترایی بووبن کە بە هۆی پێشەوابوونیان لە ئایینەکەدا، وەک کەسی چاوکراوە سەیریان کراوە. چاوکراوە لە زمانی کوریدا بە واتای کەسی شارەزا، خاوەن ئەزموون و زانا دێ.

[٨] - لە ئایینی میتراییدا، کچ پیرۆزی تایبەت بە خۆی هەیە. بە ئەگەری زۆر ئەم پیرۆزییە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خوای میترایی ژن بووە. واتە بە خواژن ناوی دێ. جێی سەرنجە کە لە زۆربەی ئایینەکانی تردا، پێشەوا یان پێغەمبەرەکان پیاو بوون، بەڵام لە میترایی و ئایینەکانی پاشماوەی میترایی لە کوردستاندا، وەک ئێزدی، یارسان و کاکەیی ژن و کچ جێگە و پێگەی تایبەتی و پیرۆزیان هەیە. بۆ وێنە لە ئایینی ئێزدیدا کچ بەرگی تایبەتی بۆ پێشەوا و پیرەکان دەدوورێ. کچ هەودای ئەو ٣٦٦ پەتکانە دەهۆنێتەوە کە ژمارەی ٣٦٦ بۆ ڕۆژەکانی ساڵ بەپێی ڕۆژمێری ئێزدی یان میتراییە. لە دوایین ئێوارەی ساڵدا ئەو ٣٦٦ پەتکە بە ڕۆنی زەیت تەڕ دەکرێن و ئاگر دەدرێن.

[٩] – له ئێران هەر کوردێک داوای مافی ئینسانی و ئازادی بۆ کوردەکان بکا، بەوە تاوانبار دەکرێ کە دەیهەوێ بەشێک لە ئێران جیا بکاتەوە و بەمپێیە تاوانی ئەو کەسانە مردنە.

[١٠]– له دوای هاتنه سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران (١٩٧٩) و بە فتوای ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە ژێر فەرمانی ئەبولحەسەن بەنی سەدر(١٩٣٣- ٢٠٢١)، سەرۆککۆماری ئەوکاتی ڕێژیم، لە ساڵەکانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٣دا شەڕێکی خوێناوی و بێ بەرامبەری بەسەر خەڵک و پێشمەرگەکانی کورددا سەپاند. دوای شەڕێکی قورسی چەند ساڵە، بە زەبری تانگ و تۆپ و فڕۆکە و بە نرخی کوشتن و بڕینی هەزاران کەسی ڕێژیمی ئێران ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگیر کردەوە. جەنایەتەکانی ڕێژیم لەو شوێنانەی کە پێشمەرگە دەسەڵات یان نفووزی هەبوو هێندە جەرگبڕ و زۆر بوون کە ئێستاش لە کوردستان وەک جینۆساید ناویان دێ. لەوان دەتوانین ئاماژە بە شەڕی سێ مانگەی سنە، ڕەشەکوژی نەغەدە، قارنێ و قەلاتان بکەین. بەشێکی زۆر لە دەستبەسەرکراوەکان کە تاوانی هاوکاری لەگەڵ هێزە کوردییەکانیان درابووە پاڵ، دوای کوشتنیان، تەرمەکەیان نەدەدایەوە دەست بنەماڵەکەی و ماوەیەک دواتر بەکرێگیراوەکانی ئەو ڕێژیمە بە بنەماڵەی کوردە کوژراوەکانیان ڕادەگەیاند کە لە جێیەکی نەعلەتاوا ناشتوویانن. نەعلەتاوا، واتە شوێنی ئەو کەسانەی کە نفرینیان لێ کراوە و ئەم ناوە بۆ ئەوپەڕی بێڕێزی و بریندارکردنی هەستی کەسانی ئێعداملێکراو و خەڵکی کورد بە گشتی بوو.

[١١]– تەمبوور یان تەموور لای یارسان و هەروەها شمشاڵ و دەف لای ئێزیدییەکان وەک دوو ئامێری پیرۆز مامڵەیان لەگەڵ دەکرێ و لە بۆنە و کۆبوونەوە ئایینییەکانیاندا لێ دەدرێن.

[١٢]- بەسەرهاتی ئادەم و حەوا دوای ئایینی میترایی کەوتۆتە سەر زاران، واتە لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو ئایینانەی بە ئایینە ئیبراهیمییەکان ناسراون. لەگەڵ ئەوەشدا لە ئایینی میترراییدا بەر لە درووستبوونی مرۆڤ، تەمبوور هەبووە و هەر لەو ڕێگایەشەوە گیان بە بەر لەشی مرۆڤدا کراوە.

[١٣] - کراس گۆڕینەوە یان دۆنادۆن: لە ئایینەکانی ئێزدی و یارساندا گیان یان ڕۆح نامرێ و هەرمانییە. هەموو مرۆڤێک گەردوونەی خواوەندی تێدایە کە لەگەڵ هەڵسوکەوتی باشە و چاکەی مرۆڤەکان گەشە دەکەن و ئەم گیانانە هەتا ١٠٠٠ جار جەستە دەگۆڕن و دواجار دەگەنە قۆناغی هەرمانی و هەتاهەتایی. ئەم باوەڕە لە میتراییشدا هەیە و لە هەر دوو ئایینی ئێزدی و یارساندا وەک خۆی ماوەتەوە، تەنیا ناوەکانیان جیاوازە، کە لە ئایینی ئێزدییدا پێی دەگوترێ کراس گۆڕینەوە و لە ئایینی یارساندا پێی دەگوترێ دۆنادۆن.

[١٤] - موور و چەمەری شێوەیەکن لە شینگێڕانی ژنانی کورد. دەگێڕنەوە زەمانی زوو، کاتێک سەرۆک، سەرکردە یان پاڵەوانێکی کورد گیانی لە دەست دەدا، ڕۆژی دواتر لەسەر چیایەک و ڕوو لە خواوەندی با و ڕۆژ ئەم ئاهەنگانەیان لێ دەدا و هەروەها ژنانی کورد ٧ ڕۆژ دوای ڕووداوەکە شینیان بۆ مەرگی ئەو کەسە دەگێڕا. خواوەندی با لە ناو کورداندا چەند ناوی هەیە، لەوان وای، ڤەی، وەی. خواوەندی با خوای خولقێنەر، خوای هەڵسووڕێنەری زەوی و هەروەها بە خواوەندی مەرگیش ناوی دێ. ئەم چەشنە شینگێڕانە لە ناوچەکانی باشووری کوردستان، واتە لە لۆڕستان، ئیلام و کرماشان باوە.

[١٥] - وای، ڤەی و ئای، ناوەکانی خواوەندی با بوون کە بە خوای خولقێنەر و خوای مەرگ ناسێندراوە. هێشتاش پیرۆزی با لە

کولتووری کوردیدا وەک خۆی ماوەتەوە، بۆ وێنە ناوی باکان، یان گەلێک پەند و ئیدیۆم لەمەڕ با و هەروەها ڕۆڵی با لە کشتوکاڵ و ژیانی مرۆڤی کورددا.

[١٦]- بە پێی ئایینی میترایی حەوت خوا هەن. سێیان لە ئاسمان و چواریان لەسەر زەوی. ئەو چوار خوایەی سەر زەوی، خوای با، ئاو، ئاگر و خاکن. لە ئایینی ئێزدییەکاندا، هەروەک لە گۆمبەزی هێمای ئێزدییەکانیشدا دیارە، باوەڕ بەو چوار هێزی سەر زەوی وەک خۆی ماوەتەوە. بەپێی ئایینی ئێزیدی، خوای گەورە دەسەڵاتی بەسەر ئەو چوار هێزەی سەر زەویدا هەیە. بە گشتی لە زمانی کوردیدا دنیا (هەڵبەت دنیا مەبەست لە گۆی زەوییە و تێگەیشتنی مرۆڤی چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر لە دنیا هەر گۆی زەوی بووە) بەسەر چوار قوڕنەدا دابەش دەبێ. بە ئەگەری زۆر ئەم تێڕوانینە گشتییە کە ئێستاش لە زمانی کوردیدا وەک ئیدیۆمێکی باو ماوەتەوە هەر لە باوەڕی میتراییەوە بەجێ مابێ. بۆ وێنە دەڵێن: لە هەر چوار قوڕنەی دنیاوە خەڵک هاتنە لالشی پیرۆز.

[١٧]- بێمار واتە نەخۆش. لە ئایینی میتراییدا مار هێمای هێزە. بە ئەگەری زۆر وشەی بێمار لەو باوەڕە ئایینییەوە سەرچاوەی گرتبێ. واتە کەسێک کە بێ-مارە، کەسێکە کە هێزی لەلەشدا نییە. لەشی بێ هێز و وزەیە.

[١٨]- مەم و زین گێڕانەوەیەکی کوردییە کە ئەحمەدی خانی (١٦٥١ – ١٧٠٦) بە شێوەی شێعر هۆنیویەتییەوە.

[١٩]- دەگوترێ ئایینی میترایی لەسەر دەستی هۆرییەکان دانراوە و پاشان بە ناو خەڵکی ئەو ناوچەیەدا بڵاو بۆتەوە. هەر کام لەو خەڵکانەی ناویان هاتووە لە کوردستان خاوەنی شارستانییەتی خۆیان بوون و مێژووی کۆنینی کوردستان لەسەر دەستی ئەو هۆز و خەڵکانە

بەرهەم هاتووە. سەبارەت ماددەکان دەگوترێ کە لە قۆناغی یەکەمدا میترایی و دواتر بوونە زەردەشت. بە بڕوای زۆر لێکۆڵەر، کوردستان لانکەی هەردوو ئایینی میترایی و دواتریش زەردەشت بووە.

[٢٠]- مەلەک تاوس: شیکردنەوەی ئێزدییەکان بۆ وشەی مەلەک تاوس بەمشێوەیە کە مەلەک یاخود مالک(خاوەن) + تاو(هەتاو) + وس(ئاییسان، داگیرسان). واتە کەسێک کە خاوەنی هەتاوی داگیرساوە. واتە خودانێ ئاگر، خوای ئاور، خوای ڕۆژ. بە ئەگەری زۆر مەبەست لە میترایە کە لە بەرزترین پلەی میتراییدایە و خوای ڕۆژە.

Hana (Novella)

Rand Zarei

**ISBN**

978-91-89439-37-5